ناوی کتێب:  پۆپۆلیزم و فاشیزم

بابەت: شرۆڤەیەکی رامیاری

نووسەر: جەلیل ئازادیخواز

تایپ: جەلیل ئازادیخواز

هەڵە چن: بێهروز مەلەکشا

پێدا چوونەوە: محەمەد فەرهادزادە

دیزاینی رووبەرگ: محەمەد فەرهادزادە

سەرپەرەشتیاری چاپ: مژدە عەباس هیدایەت

چاپ: چاپخانەی کەمال

تیراژ:     ٥٠٠ دانە

نۆبەتی چاپ: یەکەم

شوێنی چاپ: سلێمانی

لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی(          )ی  ساڵی ٢٠١٣ ی پێدراوە.

**سپاس و پێزانین ،**

**سپاس و پێزانینی فراوان بۆ هاوڕێی ئازیز و خۆشەویست و هونەرمەندم کاک محەمەدی فەرهادزادە کە ئەرکی دیزاینی رووبەرگ و پێدا چوونەوە و هەروەها بێهرووز مەلەکشا کە ئەرکی هەڵە چنی ئەم کتێبەی لە ئەستۆ گرت.**

**هەروەها رێز و پێزانینی زۆرم بۆ خاتوو مژدە عەباس هیدایەت کە ئەرکی چاودێری و سەرپەرشتی ئەم کتێبەی وە ئەستۆ گرت.**

**جەلیل ئازادیخواز**

**٢٠١/٥/٢٥**

## ئاماژە

ئەم وتارە دەیتوانی هەڵگری ناو، یا ناونیشانێکی دی بێت. وەک (نا مێژوویی ئەندێشە ) یا ( هزری دابڕاو لە قۆناغ ) و زۆر شتی دیکە. بەڵام وا دەزانم مێژوو وە قۆناغ دوو واژەو وشەن کە باری مانایان زۆر بەرینترەو ڕووبەرێکی فراوانتر لە کات دەگرنەوە، بەتایبەتی مێژوو کە دەتوانێ لە هەناوی خۆیداو لە هەر کام لە قۆناغەکانی خۆیدا هەڵگری زۆر ڕواڵەتبەندیو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بێت. قۆناغیش لانیکەم یەک یا چەند لە پێکهاتەو ڕواڵەتبەندییەک (فرماسیۆن) هەڵدەگرێت. بەڵام مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینە زۆرترو زۆرتر زەمەنی سیو یەک ساڵەی دەسەڵاتدارێتی ڕژێمی ئیسلامی ئێرانو بەرهاتنەوەی کۆی باوەڕو بەهاکانی لە لۆژیکی ئۆپۆزیسیۆنی خۆی دایە. ئەگەر مانای وشەی (زەمەن) لە مانا عەرەبیەکەیەوە وەرنەگرینو وای دانێین کە زەمەن هەر ئەو( ژەمەن )ەی کوردیی خۆمانە، ئەو کات وا دەزانم ناونیشانەکە پڕاوپڕ کاکڵەو ناوەرۆکی باسەکە

دەگرێتەوە، کە میتۆد، ئەنجامو بەرئەنجامی هزرو ئاخێزگە ئاوەزییەکانی ئەم پێکهاتەیەی دەسەڵاتە لە رووبەری ڕامیاریدا، بە تایبەتی لە دوو چەمکی مافو دیموکراسیدا. راستە کە سیو یەک ساڵ ئەگەر لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسانەوە سەیری کەین دەکرێت بلێین گۆڕەپانی سەرهەڵدانو کایەی سێ نەوەیە، بەڵام تەنانەت ئەم سێ نەوەو سیو یەک ساڵەش لە مێژوودا هێندە کەمن کە هەلی دیتنی تەنیا گۆڕانێکی بونیادیو سەرهەڵدانو گەشەی ڕواڵەتبەندییەکیش بە مرۆڤ نابەخشن.

## سیو یەک ساڵ خولانەوە

سیو یەک ساڵ لە تەمەنی ڕژێمێک ڕادەبورێت کە بانگەشەی مافو دیموکراسی لە هەناوی هزرو ئایدیۆلۆژیایدا ڕووبەریکی یەکجار فراوانی لە بوونو شوناسو کەسیەتو پەسەندیو ڕەوایی گرتۆتەوە. پێگەی تۆکمەی ئایین بە گشتیو دینی ئیسلام بەتایبەتیو مەزهەبی شیعە بەتایبەتیترو هەرواتریش

فامو خوێندنەوەو گشتگیر بوونی ڕەهەندە حوجرەیی‌و فەقێیانەکەی (فەقاهەتی) لە کۆمەڵگای ئێراندا (جگە لە چەند رووبەرو کرداری ڕامیاری ئەو ساڵانەو یەک دوو ڕەوتی تاقانەو دەگمەن ) ڕەوتی بە تەواو زاڵو سواربوو. بە هێزی‌و ئامادەبوونی ئەم ڕەگەزە هێندە بەرجەستە بوو لە تایبەتیترین پەیوەندییە تاکەکەسی‌و کۆمەڵایەتییەکانیشدا دەبینراو ئێستاش بە ڕێژەیەکی بەرچاوو ئامادەیە. ئایا سەپانو چڕبوونەوەشی لە چەمکی سیاسیشدا میکانیزمو هۆکارەکانی ئامادە بوون؟ ئەم ئامادەبوونە بە ڕادەیەکە لەم چرکەساتەدا کە کرانەوەی کۆمەڵگاو درزو کەلێنە یەک لە دوای یەکەکانی ئەم ئایدیۆلۆژیاو لۆژیکەی کە بێ‌توانایی‌و قەیراناوی بوونی سەلماوەو ئاقاری گشتی کۆمەڵگا لە زۆرکردەو هەڵوێستا ماڵئاوایی لێکردووە، لە لای بەشێک لە سیاسەت‌وانانی کۆی ئۆپۆزیسیونی ناوەو دەرەوە جۆرە ناهاوزەمانییەکی بەرچاوی خوڵقاندووەو هەر ئەمەش وایکردووە کە دووفاقی بزووتنەوەی مافخوازی نوێ‌و هەستانەوەی گوتاری دیموکراسی بارگاو نەکراو

به ئایدیۆلۆژی دەرکەویٚتو ئەم خەسارە بیٚتە هۆی ناتەندروستی ئەم ڕەوتو بزووتنەوە. سەرەڕای ئەوەی هیٚزی پیٚشینەی ئەم گوتارە بە ڕادەیەکە کە توانیویەتی لە هەناوی هیٚزی نەیارو بەرانبەردا بە جۆریٚ خۆی بەربیٚنیٚتەوەو لە لۆژیکی کردارو گوتاری ئەویشدا ئامادەییەکی فراوانی هەبیٚت. هەرچەندە کە زۆر جاران وا نیشان دەدریٚت کە هیٚزی بەرامبەر هۆشیاری ئەم ئامادە بوونە نییە، بەڵام جیٚگای باوەڕ نییە کە ئەم ناهۆشیارییە راست بیٚت. ڕژیٚمی ئیسلامی ئەگەر کۆی هەموو شرۆڤەو خویٚندنەوەو راڤەکاریەکانی خاوەنڕایانی فەلسەفەی ڕامیاریو کۆمەڵایەتی ئیسلام نەبیٚت، بیٚگومان بەرئەنجامی بەشی هەرە زۆری هزرمەندانی دنیای شیعەیە بە نویٚو نەریتییەوە. بارودۆخی سەرهەڵدانو گەشەو جۆرە ئەنجامیٚک کە لە راپەڕینی ڕیٚبەندان بەدەست هات بە هەموو پیٚوەرەکانی سەردەمی خۆی، وە ئەو شیکارییانەی کە لەو ساتەوەختەدا لە ڕووی ڕامیاریو کۆمەڵناسیەوە دەکران دەبوایە بەلایکەمەوە ئاوەها نەبوبایە. یا لە لاوازترین دۆخی خۆیدا ئەنجامەکەی حکومەتو

پێکهاتەی دەسەڵاتی (ویلایەتی فەقێ) نەبوایە. دیارە ئەم بڕگە بە مانای ئەوە نییە کە دەبوایە ڕێکخراوەو پێکهاتەیەکی بە تەواوی دیموکراتی لێ وەدەست بهاتایە. چونکە سەردەم سەردەمی ڕەوایەتە زەبەلاحەکانو ئارمانخوازیو مرۆڤی بەباوەڕو شۆڕشی ئایدیۆلۆژی بوو(ئایدیۆلۆژیگەلێ کە پێشەنگو پێشکەوتنیان چووبووە خانەی ئاسایی بوونو بەڵگە نەویستبوو کە ئیسلام لەو ساتانەدا لەم خانەیەدا جێگای نەدەگرت ). ئەم جێنەگرتنو نائامادە بوونەی ئیسلامی ڕامیاریی وایکردبوو کە هێزە رامیارییە ئیسلامیەکانیش بۆ پەسەندی شرۆڤەی ماتریالیستیو میتۆدی دیالیکتیکی بە کار بگرن. پێشینەو مێژووی کاری ڕامیاریو باڵانسی هێزە سیاسیەکانی ناو کۆمەڵگاو ئامادە بوونیانو واقعێتی کلتووریو جۆری ژیانی کۆمەڵایەتی ساتەوەختە کە هەر هەموو ئاماژەن بۆ ئەوەی کە دەبوو ئەنجامی ڕاپەڕینی ڕێبەندان کراوەترو فرەچەشنتر بوایە لەوەی کە ئێستا هەیە. ڕامان لە جۆری ژیانی کۆ و تاکی زۆرینەی جەماوەریی گەلانی ئێران لە ڕواڵەتدا نیشان لەوە بوون کە تا

ڕادەیەکی باش‌و باڵا هەڵکشاو هۆشیاری تاک‌و ناسینی مافە کۆمەڵایەتی‌و کەسی‌و کۆ دیموکراسیە سەرەتاییەکان فامکراو هەزم کراون‌و بوونەتە جۆرە ماف‌و داخوازیگەلێک کە ئیتر پرەنسیپ‌و لادان‌و پووچەڵکردنەوە یان نەگونجاوە، بەتایبەتی لە ڕووبەری مافە مەدەنیەکاندا. بەڵام یەکەم پەلامارەکان لەلایەن دەسەڵاتی ڕاپەڕینەوە دەکرێتە سەر مافە مەدەنی‌و کۆمەڵایەتی‌و دیموکراتەکان‌و کەمترین بەرەنگار بوونەوە بۆ پاراستنیان دە کرێت.

سەرەتاییترین‌و یەکەم دژوازی و(پارادۆکسەکان) لەم ڕووبەرانەدا دەردەکەون، سیمای مۆدێرنی شارو ژیانی شارستانی تاک‌و کۆ مافە مەدەنی‌و سەرەتاییەکان لە پاشەکشەیەکی سەیردا ملکەچی نەریت‌و خوێندنەوە کۆن‌و کۆنەپەرستانەو دواکەوتوانەکان دەبن. پاراستنی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی‌و ئاسایشی هاوژینی تاک دەکەونە بازنەی کایەکانی شەڕی دەسەڵات‌و پێناسەو تاریفی ئایدیۆلۆژیکیان بۆ دەکرێت. لەم بەشەدا دەسەڵات‌و گوتاری ئایدیۆلۆژی سی‌و یەک ساڵەی

میریو ئەمیرانی ئیسلامی هەرە زەقو بەرچاوەو دەکرێت بڵێین لە کۆی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا زۆرێ لە بزاوتو بزووتنەوە بەناو مۆدێرنەکانی ملکەچی ئیرادەی خۆی کرد.

دیارە لە دوو بازنەی مافی گەلانو بزووتنەوەی ژناندا کۆبەندی هەوڵەکانی ئەم دەسەڵاتە نەزۆک بوو، کە پاشان هەوڵ ئەدەم وردتر ئاوڕ لەم دوو بوارە بدەمەوە. لە جیهانی ڕووناکبیریو گوتاری ئەم جیهانەشدا جگە هەندێ نموونەی تاکو ڕەسەن کە شاز وەستانو ئیرادەی خۆیان نەدا بە دەستەوە، کە دەکرێت بڵێین سەرباشقەیان شاملوو بوو. ڕەوایتو شیکاری دەسەڵات باوەڕنەکراوانە چووە پێشەوەو بە هەوڵ بۆ بنکۆڵکردنی ڕوانگەی جوانیناسانەی ڕەسەنو هزری ئازاد سیستەمی جوانیناسانەی دەسەڵات خۆی سەپاندو هەتا هەندێ بەشی هونەرو ئەدەبی بەرەو دەستەمۆکردنی هەمیشەیی خۆی دەبرد.

ڕوونە کە مەبەست ئەوە نییە کە لەم بەستێنو بوارانەدا بزاوتو بەرخۆدانو ڕوانگەی نەیارو خۆ

بەدەستەوە نەدەر نەبوونو بە ڕووی دەسەڵاتو ئایدیۆلۆژییەکەیدا هەڵنەشاخاون. مەبەست ئەوەیە لە هەموو کۆ ئەندامی کۆمەڵگاو بوارە ئاماژە پێکراوەکاندا جگە دوو لایەنی ژنانو مافی گەلان کە لەم ناوەشدا ئەگەر کەسانێ قەڵس نەکات، گەلی کورد تاقانە دەنوێنێ. بەرخۆدانێکی ڕێکخراو بە بەرنامەو خاوەن ناسنامەو بە داخوازی بەدیناکرێت. لۆژیکی ڕژێمی ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە پێناسکردنی هەموو ئاقارەکانی ژیان بوو بە پێوەرە ئایدیۆلۆژیەکانی خۆی. بەڕێوەبەرایەتیو پێکهاتەو ئاسۆکانی ژیانی کۆمەڵایەتی پێناسەو پۆلێنی پێشوەختی بۆ کرابوو. تاقانە ئەرکی مرۆڤو جەماوەر بریتیبوو لە باش ئەنجامدانی ئەم پێناسەو پۆلێنانە. هەموو ڕووبەرەکانی ژیانی تاکو کۆ تەنانەت نموونەکانی بیرکردنەوەو کرداری تاکە کەسیش دەبوایە بە باڵای ئەم لۆژیکو ئاخێزگە بگیرایە. زۆر ئەستەم نییە ئەگەر بڵێین مرۆڤو کۆمەڵگاو بوونەوەر بە باڵای ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە گرتن واتە بێ باوەڕی بە ئەقڵو کۆتایی چالاکی هزرو ئەندێشەو قورخو سنووردار کردنی

پرۆسەی ئازادی ناسینو ئەندێشەو ئەنجامگیری مرۆڤو داخستنی دەرگای بیرکردنەوە. کۆتایی هێنان بە ڕەوتی پرسو بیرو دەستەبەر کردنی وڵامی گونجاو، وە لە هەموو گرنگتر نەمانی هیچ دەرفەتو ئەگەرێ بۆ هەڵبژاردنو هەڵبژاردنی ئازادو بە خواست. کۆمەڵگای ئێران هەر پاش شەڕی یەکەمی جیهانیو کرانەوەو گەردوونی بوونی پەیوەندییەکانو ئاکارەکانی پاش شەڕو هەموو گۆڕانکارییە ڕامیاریو کۆمەلایەتییەکانیو گەشەی ئابووریو بازرگانی تامی ژیانی نوێو ئامادە بوونی مادیو بەرجەستەی مۆدێرنە دەکات، بەتایبەتی چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵگاو تارادەیەکیش چینی نێوەندی. هەموو بیچمەکانی ڕسکاو گیرساوی ژیانی کۆمەلایەتیو پێکهاتە مەدەنیەکانی کۆمەڵ هەتا لە بەشێکی زۆر لە یاساکانی بنەماڵەو بازرگانیو یاسا مەدەنیەکاندا هەموو فۆرمی مۆدێرن بوونو لە کۆی خۆیاندا جگە شرۆڤەیەکی مۆدێرن هیچ شرۆڤەیەکیتریان هەڵنەدەکرت. مافی تاکەکەسو مافە مەدەنیەکانی ژنانو ڕێکخراوە پیشەییو سیاسیەکانی رووبەری

ژیانی کۆمەڵ ئەگەر تەنیا لە ڕواڵەتیشدا بێت هەموو باس لە مۆدێڕنە یا بە لای کەمەوە جۆرە مۆدێڕنیزاسیۆنێک دەکەن. وڵاتێک کە لە ساڵانی 1906دا داوای دەسەڵاتی یاسایی دەکاتو مەشرووتە دەسەلمێنێ، چۆن لە 1979دا دەوڵەتی موتەشریعان قبوڵ دەکاتو ملکەچی دەبێت؟ دژوازێکی گرنگ، بەرجەستەو نەدۆزراوە لە کۆی ئەم کۆمەڵگاو پەیوەندییەکانیدا ئامادەیە. ئەم دژوازەیە کە دەریدەخات ئایا گوتاری مۆدێڕنە لەم وڵاتەدا ئامادە بوونێکی مادیو بونیادی هەیە؟ واتە ئەم گوتارە وەک بەشێک لە ڕواڵەتبەندی سەردەمێکی دیاریکراو بنەما مادیو کلتووریەکانی رسکاونو بیچمی ژیانی کۆمەڵایەتی سەر لە بەری یاساو میکانیزمەکانی ئەم پێکهاتەن؟ یا مۆدێڕنە لەم وڵاتەو لە چەمکی ژیانی گشتیدا ئامادە بوونێکی ئارایشکراوەی هەیەو بەس. مۆدێڕنە لە کۆی خۆیدا لە هەموو ڕەهەندو بازنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێراندا بە ڕوونیو لەم زەمەنە دیاریکراوەداو بە هەموو داتاو ڕەگەزە ئامادەکانیتری وڵات لە هەموو بەستێنەکاندا

هەرچەند ئامادە بوونێکی لەرزۆکی هەیە، بەڵام نەیتوانی ببێتە گوتار بە مانا بەرینە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی. هونەرو سیاسەتو کلتوورو ژیانی بە کۆی کۆمەڵگا لەم دۆخە نەیتوانی ئۆرگانیک سوود بەرێتو دنەدەرێک بێت بۆ ژیانی باشترو دەستەبەرکردنی ژیانی تاکو مافەکانی. کۆمەڵگای نەریتی وا زەق دەبێتەوەو خۆی نۆژەن دەکاتەوە کە زۆرێک لە پێشکەوتنو دەسکەوتەکانی تاکو کۆی کۆمەڵ دەسێنێتەوەو فۆرمێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەسەپێنێتەوە کە بەرئەنجامی سونەتو ڕوانگەو لە یەک قسەدا گوتاری نەریتن.

هەموو ناوەندو ڕێکخراوو پێکهاتە کۆیەکانی ئەم فۆرمە لە ژیانی بەکۆی گوتاری نەریتدا تانو پۆی کۆمەڵگا دادەگرنو خۆیان وەک ناوەندو فۆرمی گونجاو نەک هەر دەسەپێنن، بەڵکوو دەسەلمێننو دەرچوون لەم نۆرمە بە جۆرە بەها شکێنیو ناتەندروستییەک دێتە ئەژمار. ئەم دۆخە بە لایکەمەوە لە هەر دوو دەیەی شەستو حەفتادا زاڵە. زاڵێکی کونبڕ کە کۆی

ڕەهەندەکانی ژیان سەر لە بەری خۆی دەکاتو ناچاریان دەکات کە پەیڕەو و پەیوەستی ئەم دۆخە بن. ڕاستە لە ئەم دەیانەشدا بەرخۆدانو ڕووبەڕوو بوونەوەی گوتاری زاڵ هەیە، بە تایبەت لە بازنەی سیاسەتو خەباتی هێزە سیاسیەکاندا، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەم بەرخۆدانە نابێتە گوتاری زاڵ یا ئۆرگانیک یا هاوتای ئەو گوتارەی کە دەسەڵات زاڵیکردووە . زۆربەی هەنگاوەکانی بە جۆرێ کاردانەوەیان پێوە دیارە. ئەم ڕەوتەش بارگاو کراوی ئایدیۆلۆژییەو بەمانا جەوهەریەکەی

دیموکراسی، نادیموکراسیە، بەشێکیبەرچاویشی هەر بە میکانیزمو هەناو بونیادی گوتاری زاڵ خۆیەوە بەرنگاری دەبێتەوەو خواستەکانی تەنیا لە گۆڕانی ڕەوشەکاندا خۆ دەبیننەوە. باشترین نموونە جووڵەیەکە کە خۆی بە ناوی سەوز دەناسێنیو دەخوازێ کۆی ناتەباییو دژایەتیو بەرخۆدانەکانی ماوەی تەمەنی ڕژێمی ئێسلامی بە ئەنجامو دە سکەوتی خۆی دانێت. سەرەڕای ئەمەش خوازیارە وا نیشان بدات کە کۆی ئەم هەوڵانەو بزاوتە

کۆمەڵایەتییەکان بۆ دەستەبەر کردنی جۆرێکیتره لە دەسەڵاتی ئەم ئایدیۆلۆژیو گوتاره زاڵە کە تەنیا گۆڕان لە ڕەوشەکاندا دەخوازێو بەس. جگە ئەوەی ئەم ڕوانگەو خوێندنەوە بۆ خۆی ناهاوزەمانییەکی بەرچاوی ئاقاری گشتیو ڕەوتی بەناو سەرتەڵی ڕامیارییە،نا هاوچەرخییەکی یەکجار گەورەو بەرچاوی پێوە دیارە کە ئەویش قۆناغی مۆدێڕنەو زەمەنی نەریتییە کە ئەم جۆرە خوێندنەوانەو ئەندێشانە تێیدا چەقیون. قۆناغی مۆدێڕنەیە کە ئەگەر بڵێین بزووتنەوەی ژنان پێشەنگییەتیو جووڵانەوەی نەتەوەیی دیموکراتی خوازی گەلان هاودوندی، پێم وابێت قسەیەکی شیاومان کردووە،لە ڕەهەندەکانیتری ژیاندا کەمتر خۆی نیشانو بەرجەستە کردۆتەوە. ڕاستە کە لەم چرکەساتەدا کۆی جووڵانەوە دژەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی فۆرمو کاکڵەیەکی مۆدێڕن لە خۆیان نیشان دەدەنو بانگی لەق بوونو لە گێژنە چوونی نەریتنو هەناسەی دیموکراسی نابارگاوکراو بە ئایدیۆلۆژیا دەدەنو بڕگەی زاڵیان جۆرە مرۆڤ ویستیو ڕەوشەنگەری سازدانێکە، بەڵام ئەگەر بە

باڵای بزووتنەوەی ژنانو نەتەوەکانی ئێرانیان بگرین درەنگ ڕەخسانو هۆکارەکانی دەرکەوتنیان سەر هەڵدینن. ئەمەش تەنیا لەئاست بزووتنەوەکانی ناوەوەی وڵات بەڕاست دەگەڕێتو بەریانەکانیتری تاراوگەنشین یا لە کۆمەڵگا هەڵبڕاو ناچنە بازنەی پێناسەی ئەم بڕگەوە. زۆرێک لەم بەریانانە هێشتا هەر بە میتۆدو ئاوەزی سیو چەند ساڵ پێش ئێستا کۆمەڵگا دەبیننو هەندێکیشیان هەموو بوونو ژیانو کۆمەڵگا بە باڵای خۆیان دەگرنو دەخوازن کە هەموو ئەم بەستێنو رەهەندانە هەڵوەشێننەوەو سەرلەنوێ لەسەر نموونەی باوەڕو باڵای خۆیان دایانڕژنەوە.

گوتاری ئایدیۆلۆژی دەسەڵات بێ پاساو ڕاکردن لە خوێندنەوەیەکی واقعیانە هێندە بەهێز بوو کە کۆمەڵگایەکی شارنشینی ملکەچی ئیرادەی خۆی کرد. ئیرادەیەک کە لە ڕووی فەرهەنگیشەوە لەچاو ئاستی گشتیی فەرهەنگو ڕادەی تێگەیشتنی جەماوەری کۆمەڵگادا بە خەستی دواکەوتوانەو،کلتوورو فەرهەنگێکی گوندی بوو. ئەم چەمکە لە فیکر هەرچەند

ناهاوزەمانیو چەرخی پێوە دیاربوو، بەڵام توانی هەموو پێناسەکانی خۆشی لە مافو دیموکراسی، زاراوەی شارۆمەندیو مافەکان بسەپێنێ کە سەپاندنی ئەم پێناسو پۆلێنکردنانەی گوتاری زاڵ بوو بە میتۆدی هێزە نەیارەکانی خۆشی.

## سێ دەیە قەتیس بوونی مافو ڕوانگە

لە ماوەی ئەم سێ دەیەدا کۆمارو گوتارە ئایدیۆلۆژییەکەی بە باوەڕی من پێچەوانەی زۆرێ لە پێوەرەکانی کۆمەڵناسی رامیاریی پشتی بە کۆڵەکەیەکی کۆمەڵایەتی دیارو خاوەن ڕۆڵەوە دابوو لە کۆمەڵگادا کە چینی نێوەندی بوو. بەرفراوانی ئاماریو ڕێژەیی چینی نێوەندیی پاساو نییە بۆ هەژاریو کەم داهات نەبوونی ئەم کۆڵەکە کۆمەڵایەتییە.

گوتاری ئیسلامی فەقاهەتی کە لە دێر زەمانەوە خۆی لە جۆرە ئاوەزو هزرێکی رووکەشیانەی گوتاری

عیرفانی ئێرانی ئاڵاند بوو، هاوکات زاو زێی کردبوو لە بنەماکانی کلتووری ئێرانیدا پێشخانێکی تۆکمەی بۆ خۆ بەرجەستە کردنەوەو سە پاندن بوو .

بە فەرمی بوونو تەنینەوەی شیعە لە ئێراندا زۆرتر کردەیەکی بیر لێکراوەی سیاسیو فەرهەنگی بوو کە وەک میکانیزمێکی گونجاو لە بەرامبەر ئیسلامی خەلافەتیدا یا عەرەبیدا جیاوازییە کلتووریەکانی پێ زەق کرایەو دیسان پێناسە کردنەوەی ئەم کلتوورەی وەک فاکترێکی گرنگ کەوتە ئەستۆ. هەر سێ رەگەزی عیرفانو دینو ئێرانی چێتی مێژینە، ئەگەرچی دەچنە خانەی فەرهەنگەوە، بەڵام سێ میکانیزمی گونجاوی سیاسی بوون بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی دنیاو دەسەڵاتی سیاسیو فەرهەنگی ئیسلام لە کۆی خۆیاندا. هەموو ئەم ڕەگەزانەش لە هەناوی گوتاری ئایدیۆلۆژی ڕژێم خومەینیدا ئامادە بوون، بە هەندێ ئیزافاتی زۆر گرنگەوە.

دەکرێت بڵێین پۆپۆلیزمێکی تایبەتو بە دەستگرتنی دەروونناسانەی لایەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا لەو

ئیزافانەن. بوونو ئامادە بوونی ئەم ڕەگەزانە لە ناهۆشیاری ویژدانی کۆمەڵایەتیو کۆی کۆمەڵگای ئێراندا ناکرێت ڕەچاو نەکرێن . .

ئەستەمە ملدان بە ئەم گوتارە بێ بنەماو پێشینەی پێشتر تەنیاو تەنیا لە ڕێگای زۆرەوە بە دەست هاتبێت. ڕاستە کە ماشێنی کوشتارو سەرکوتانەوەی ئەم ئەهریمەنە ئایدیۆلۆژی پەرستە لە لایەو توێژە هوشیارو سەرتەڵەکانداو لە هەموو ڕووبەرەکانی ژیاندا زەریای خوێنی خولْقان، بەڵام ئەستەمە کە ملدانی کۆی ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ ئەم جۆرە لە ژیانو بوونو بەڕێوە بردنە تەنیا بەم هۆکارە بووبێتو ئەمە بە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەم رەوتو پرۆسەیە دانێین. ئەم میتۆدە لە 1906و لە داستانی مەشرووتەشدا بە دروشمی مەشرووعەوە هاتە مەیدان. هەرچەندە لە ڕواڵەتدا نەیتوانی ئەم دروشمە بە سەرئەنجام بگەیەنێت، بەڵام توانی لە ناوەرۆکی مەشرووتە خۆیدا ئامادە بێت، ئەویش لە یاسای بنەڕەتیو چاودێری بە سەر یاساکانی پارلەمانەوە.

مەشرووتە لە ئێراندا چرکەساتی زێڕینی گۆڕانکارییەکانەو هیچ خوێندنەوەیەک بێفامکردنو شرۆڤەی ڕەوای ئەم ڕووداوە ناتوانێ بەئەنجامی جێگای باوەڕ بگات.

لە مەشرووتەدا بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێراندا دەسەڵاتو دەوڵەت پێناسەی یاسایی هەڵدەگرنو زاراوەی شارۆمەندیو مافو پەیمانە کۆمەڵایەتییەکان لە بازنەی کۆمەڵناسی سیاسیدا لەدایک دەبنو مانا پەیدا دەکەن. دەوڵەت دەچێتە چوارچێوەی یاساو هێزەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەری لەدایک دەبنو لێکجیا دەبنەوە. راستە کە دەسەڵاتی شایی لە سەردەمی خۆیدا کۆی دەسکەوتەکانی بەرخۆدانی 1906ی پووچەڵ کردەوەو تەنیا ڕواڵەتی ئەم دەسکەوتانەمان وەک پارلەمانو دەزگای داوەریو دەوڵەت کە تەنیا ناو بوونو ناوەرۆکیان لەلایەن شاوە کۆنترۆڵ دەکرا، بەڵام هەندێ فۆرمو یاساو پێکهاتە مابوونو بوون کە دەچوونە چوارچێوەی داواکارییەکانی مەشرووتەو هەناسەو هەناوی

مۆدێڕنیان هەبوو. باشترینو دیارترینی ئەم یاساو ناوەندو فۆرمانە دەتوانین ئاماژە بدەینە یاسا مەدەنیەکانی خێزانو بنەماڵەو میرات، کە لە کۆی خۆیاندا لەگەڵ ڕۆژدا دەهاتنەوە. دواتریش یاسای بنەڕەتی ئێران هەرچەندە هەر نووسراوەی سەر کاغەز بوو، بەڵام هەر مایەوە. واتە یاسا ڕێخۆشکەری سەپاندنی دیکتاتۆری نەبوو، هەرچەندە کە هزری سیاسیو بیری کلتووری دەزگای دیکتاتۆری شا بۆ خۆی تا بینە قاقا ناسیۆنالیستیو خۆبەزلزان بوو کە مەیلی شۆیۆنیزمێکی تەواویەت خوازو ڕوو بە ئاپاردایتی بوو، لە ڕاستیدا ئێرانی چێتی خەستو خۆڵو مەیلی ئێرانی گەری شۆڤێنیست خاڵی هاوبەشی هەر دوو دەزگای دەسەڵاتداری شاو ڕژێمی ئیسلامین، ئەو لە گەڕانەو بۆ مودیلی سیاسیو کلتووریو دینی ڕابردوو، وەک نیزامی شاو دینی باشتر(دین بهی)و کلتووری ڕەسەنی ئێرانی، ڕژێمی ئیسلامیش بە گەڕانەوە بۆ عیرفانی دێرینەو هەڵاوەردنی ئێران لە کۆی دنیای ئیسلام بە سونیو شیعەو هەموو مەزهەبەکانی دیکەوە. هەر دوو مەیلی تەواوییەتخوازو

ڕووو له شۆڤینیزمن که کۆی کۆمەڵگای ئێرانیان له کۆمەڵێک خەساری قووڵەوه ئاڵاندووه. هەموو ئەم بنەماو هۆکارانه له هەناوی کلتووری چەسپاوی ئێراندا ئامادەنو چەسپاون، هەر له چەپی چەپەوه تا ڕاستترین باڵو لایەنو هێزه سیاسیو چینو توێژه کۆمەڵایەتیەکان ئەگەر له پشتەوەی ناهۆشیاریشیان بێت، ئامادەنو به کەمترین دنه ئامادەن که له زەبرەوه ببن به کار، له کۆی ژیانی سیاسیو کلتووری ئەم سی ساڵەشدا ئەم ڕاستییه سەلماوه. ڕاسته که شیعه بیرێکی جیاوازی دنیای ئیسلامەو مێژووی دەگەڕێتەوه بۆ سەرەتاکانی ئیسلامو هەندێ بانگەشەی ئەوه دەکەن که له ساڵی 60ی کۆچیيەوه له ئێراندا سەری هەڵداوه، هەتا ئەگەر واشبێت ئاماده بوونی ئەم فاکتەره له جیهان ژینی ئێراندا به مەبەستی سیاسی ئاماده کراوەو هۆکارێ بووه بۆ دژایەتیکردنی به لای کەمەوه دەسەڵاتداریی خەلیفەکانی عەرەبو لەوێشەوه بۆ ئیسلامو سازدانی دینو ئیسلامێکی ئێرانی که له به رژەوەندیی پێکهاتەی بەڕێوەبەری

**سیاسی ئێراندا بێت کە هەر گوتاری نەتەوەی باڵادەستو کلتوورەکەیەتی .**

**ڕوانینێک بۆ کۆی مێژووی ئێرانو هەموو ئەو دەسەڵاتو دەوڵەتانەی کە ئێرانیان داگیر کردووە یا لە ئەم سەرزەمینەدا دروست بوونو ڕەچەڵەکیان وەک دەڵێن ئێرانی ڕە سەن نییە، ڕاستی سەرەوە بە وردی دەردەکەوێت. هاتن و جێگیربووبێ مەغۆلانو عەرەبانو تورکانو ڕەوایەتەکانی مێژوونووسانی ئێرانی لە خۆ بە دەستەوە دانی ئەم دەسەڵاتانە لە بە رامبەر کلتووری ئێرانیو چۆنیەتی کارژ فڕێدانیانو ملدانیان بە نهۆم سازی سیاسیو کۆمەڵایەتی ئێرانی هەر هەموو سەلمێنەری بۆچوونو شرۆڤەی سەرەوەن. کارکردن لە دنیای ڕامیاری ئێراندا بێ گومان کارکردنە لە سەر هەموو ئەم بابەتانە کە لە کۆی خۆیاندا شتێکیان بە ناو ناسیۆنالیزمی ئێرانی خولْقاندووە،وە ئەم ناسیۆنالیزمەش هیچ نییە جگە گوتاری باڵا دەستی نەتەوەی فەرمانڕەوا کە سەروەری خۆی لە هەموو**

ڕووبەرەکانی کۆمەڵگادا زامنکردووەو لە ڕێگای میکانیزمی باسکراوی سەرەوە بێ پسانەوە بەر هاتنەوەی خۆی حەتمی دەکات. لە ناهەموارترین کاتو زەمەنەکانی دیکتاتۆریو سەرەڕۆیی دەسەڵاتدارنی ناوەندی ئێراندا فیکرو هزری ناسیۆنالیستی بە ڕواڵەت ناڕازیو ئۆپۆزیسیۆن هێندەی لە بیری پاراستنی پێکهاتەی مێژووی خوڵقاودا بووە هێندە لە ئەندێشەی ڕووخانی ئەم دەسەڵاتەدا نەبوو، هەر وەک چرکەساتەکانی ئێستاو ڕژێمی ئیسلامیو ئۆپۆزیسیۆنە نەیارەکەی. واتە ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەریو هەناو ناسیۆنالیستی ئێرانی. بزووتنەوەی سەوزی هەناو دەوڵەتیو وەک خۆیان دەڵێن ئەقلانیەتی تەوحیدی لە شرۆڤەکردنێکی سەربەخۆدا هەر دەچنە ئەو یانەی ناسیۆنالیزمە ئێرانییەوە کە باسمان کرد.

پۆپۆلیزمو فاشیزم هێزکانی پەراوێزی بەرهەم

شیروان کرماشانی

## (بەشی یەکەم)

دارِمانی دەسەڵاتی رامیاریی ریفۆرمخوازانی دووی جۆزەردانو بێ ئاکام بوونی هەوڵەکانیان لە رووبەری بوارەکانی کۆمەڵگای ئێراندا، هاتنە سەر کارو بە دەستەوە گرتنی جڵەوی دەسڵاتداریی دەوڵەت لەلایەن کەسو سیمایەکی پەراوێزو نەناسراو بۆ کۆمەڵگای ئێرانو هێزە سیاسیو مەدەنیو جەماوەرییەکانی ناوەوەو دەرەوە، زۆر باسو بابەتی ورووژاندو بەدوای خۆیدا هانی.

باسو بابەتە سەرەتاییەکان لەم رووداوەو هۆکارەکانی زۆر ئاسانگیرو بێ قووڵبوونەوە ئەنجامگیری کرد. بێ توێژینەوەو خوێندنەوەو لێکدانەوەی هۆکارە ئابووریو کۆمەڵایەتیو رامیاریو کلتوورییەکان ئەم بەرئەنجامەی هەڵبژارد کە ناوەندو رێکخراوە دەسەڵاتخوازە میلیتاریستییەکانی ناو

هەناوی کۆماری ئیسلامی تووڕە لە ریفۆرمو گوتاری ریفۆرم بۆ بەدەستەوە گرتنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتو سەپاندنی حاکمییەتی خۆی لە هەر سێ بواری یاسادانانو دادوەرییو راپەڕاندندا. بە بەرنامەو گردوکۆکردنەوەی خۆیو هێزەکانیو دنەدانی نەستو ئیسلامخوازیی نەریتیی جەماوەرو سوود وەرگرتن لە هەموو ئامرازو ئامێرو هۆکارەکانی دەسەڵات، ئەم پرۆسەی بەرەو سەرکەوتن بردو ئەو سەنگەرەشی گرتەوە دەست.

نیشاندانی سیماو تاپۆیەکی گەورە لە پێشەوایی ئێران لە رێکخستنو بەرەوپێشەوە بردنی ئەم پرۆسەیە بە رادەیەک بوو کە جێگای هیچ گومانو رامانێکی نەدەهێشتەوە. نیشانی ئەدا کە ئەم سەرکردایەتییە تا ئێستاش خاوەنی هێزی مانۆڕدانو جۆرە پەسەندیو رەواییەکە، کە دەتوانێ بە هێزی کۆمەڵایەتیو رامیاریی خۆی گۆڕانکاریی هەراو ئەنجام بدات. رەوتو رووداوە سیاسییەکانی کۆمەڵگا کۆنترۆڵ بکاتو

راستەوخۆ جڵەویان بگرێتە دەست خۆیو بەرەو ئاسۆگەلی خوازراوی خۆی پێشڕەوییان پێبکات.

وا نیشاندرا کە بە لایکەمەوە ئەم پێشەواییە دەتوانێ لە ئاڕایشو سنووربەندیو باڵانسو هاوسەنگ کردنی هێزەکاندا یا شێواندنی ئەم پرۆسەیەدا دەستێوەردان بکات.

نۆبەرەی ئەمجۆرە بە ناو خوێندنەوانە لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی ئەمەریکاو ئەورووپانشینەوە بەرهەم هات. بەم لێکدانەوە ئاوەکیو بێ بنەماو خەیاڵاوییانە، ئەو ئۆپۆزیسیۆنە وای دەنواند کە نوسخەی گۆڕانکارییەکانی ناوخۆی ئێرانی پێچاوە. ئەم تەونو چنراوە خەیاڵاوییەی ئەو ڕەوتە پەراوێزنشینو دوورە وڵاتە نەیدەزانی کە چۆن ئاشی پڕوپاگەندەی کۆماری ئیسلامی دەگێڕێ. بێئەوەی کەمترین هۆشیارییو بچووکترین ئاگادارییی لەمەڕ گۆڕانکارییەکانی دوو دەیەی دوایی کۆمەڵگای ئێرانەوە هەبێت، دەیویست بە جیهانی دەرەوە وا نیشان بدات کە ئاگاداری هەموو جووڵانەوەو گۆڕانکارییەکانی ناو

هەناوی دەزگاو دەسەڵاتی ئێرانە. پەیوەندیو پەیوەستەکانی بە کۆمەڵگای ئێرانەوە ئەوەندە قووڵو زۆرن کە بە سانایی لە هەموو میکانیزمو گۆڕانو دینامیکێتیی دیاردەکانی ناو کۆمەڵگا دەگاتو دەستنیشانیان دەکات. بۆیە دەبێ جێگای پشت پێبەستنو باوەڕکردنو سەرکردایەتی بێت. لە راستیدا ئەم جۆرە رووبەر بینینە جگە وەهمو نەزانی ئەو توێژکارانەو دووریو دابڕاوییان نەبێ شتێکیتر نییە، کە دەیویست ژێستی سیاسی پێبگرێو خۆی بە خاوەنی پاشکۆیەکی جەماوەری خاوەن چاو لە دەزگاو دامەزراوەکانی کۆماری ئیسلامیدا نیشان بدات کە فڕی بەسەر راستییەوە نییەو نەبووەوە.

ئەم گۆڕانکارییە هەراو تا رادەیەک بنەڕەتییە کە ئێرانی گرتەوە، مەخابن لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی کوردیشو هەموو هێزەکانی ناوەوەشو تەنانەت ریفۆرمخوازان خۆشیانەوە بە وردیو زانستیو بە شێوەیەکی میتۆدیک نەخراوەتە بەر باس.

دوور له توێژینەوەیەکی وردی شیکارییانەی پشتبەستوو بە میتۆدو فاکتەرە واقعییەکانی کۆمەڵگا کەوتۆتە پەراوێزەوەو کۆ هۆکارێکی زۆر ساکارو سادەو رواڵەتی بۆ دیار دەکرێت.

هەر لەم رووەوە ئاوڕدانەوەو رامانێکی قووڵ پێویستە بۆ ناسینو فامکردنی دەسەڵاتدارانی تازەی ئێستای ئێران. ئەم دەسەڵاتدارانەی کە وادەزانم رەوتێکی تەواو پۆپۆلیستی روو لە فاشیزمە. دەکرێ بە وردی هەموو تایبەتمەندی ئەو دوو دیاردەیە لەم فەرمانڕەوایانەدا بەدی بکرێت. تا پرۆسەی دروست بوونو سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە، ریشەو درێژبوونەوەو پێشخوانو زەمینەو پێگەی کۆمەڵایەتییەکەی نەناسینو فام نەکەین، خوێندنەوەو ناسینو توێژکاری خۆشی ئاستەمە.

ئاخێزگەو سەرچاوەکانی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە چ لە رووی ئابووریو چ لە رووی سیاسیو کۆمەڵایەتیو کلتوورییەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەیەکانی شەستو هەفتای ئێران. هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە دەزگای

ئایدیۆلۆژیو بونیادی فیکریو ئەندێشەی کۆمەڵایەتیو رامیاریی ئەو دەزگایەدا روویاندا کە دەسەڵات لە ئێراندا پەیڕەوی دەکردو بانگەشەی بۆ دەکرد. سەرهەڵدانی شەڕی عیراقو ئێران، پاشان مردنی کاریزمایەکی وەک "ئایەتوڵا خومەینی" لە ساڵی 1368داو هەموو ئەو ئەنجامانەی کە لەم شەڕە کەوتنەوە، لەم بوارەدا جێگای رامانن.

سەرکۆماریی هەشت ساڵەی هاشمی رەفسنجانیو ئەو پرۆژەو بە ناو چاکسازییە ئابوورییانەی کە کارناسانو ئابووری زانانی ئەو دەوڵەتە لە ئابووری ئێراندا کردیان. پاشان پرۆژەی ریفۆرمو ریفۆرمخوازیو سەرنەکەوتنی ئەم پرۆژەیە، ریفۆرمخوازییەک کە لە هەناوی دەزگای فیکری کۆماری ئیسلامی خۆیەوە سەری هەڵدابوو. ئەم رەوتە پرۆژەیە بوو کە لە سەرەوە راهاتو لە لایان سیماو رواڵەتەکانی ناو هەناوی دەسەڵاتو ئەو دەزگا فیکرییەوە سەرکردایەتی دەکرا کە دوچاری رێزان ببوون.

## شەڕ بە کورتی

سەرهەڵدانو دروستبوونی شەڕی هەشت ساڵەی عیراقو ئێران ئەویش لەو ساتەوەختەدا کە گەرموگوڕی جەماوەری تازە راپەڕیوی ئێرانو بەکار بوونی دینامیکێتی ئایدیۆلۆژیو دەزگای فیکری دەسەڵاتدارانی ئێران لەلای جەماوەرو خەڵکانی ئەم وڵاتە هەر بەهێز بوو، بەتایبەتی چینو توێژە نامودێڕنو نەریتییەکانو زۆرینەی چینی نێوەندیی، لەڕاستیدا خۆی میکانیزمێکی بەکارو هۆیەکی زۆر بەهێزو و بڕشتیتر بوو بۆ درێژبوونەوەی رەوتو برەوی ئەو دەزگایەو ئەنجامی بەرنامەکانی فەرمانڕانی لە ژێر سێبەری شەڕدا.

شەڕ زۆر هەلی زێڕینو بەنرخی بۆ کارگێڕانی دەسەڵات لە ئێراندا خولقاندو بە سانایی توانیان لە هەموو رووبەرەکانی کۆمەڵگای ئێراندا پیلانو بەرنامەو کەمایەسیو بێ توانایی ئەندێشەو لاوازیی بەڕێوەبەرایەتی خۆیان بشارنەوەو بەرنەپێشەوە.

مەودایەکی فراوانی وای بۆ دەستەبەرکردن کە لە ژێر پەردەی شەڕدا پەلاماری هەموو هێزو لایەنو ڕێکخراوە سیاسییە مەردمیو پێشکەوتنخوازەکان بدەنو بێ بەرگرو هەڵوێستی کۆمەڵگا قەڵاچۆو بنبڕیان بکەن. هەلی دەرکەوتنو سەرهەڵدانی بچووکترین ناوەندو ڕێکخراوەی جەماوەرییو مەدەنیو پیشەیی نەدەنو هەموو جۆرە بزاوتو جووڵانەوەیەکی پیشەییو سیاسیو کلتووری، پێش سەرهەڵدانو لەدایک بوون داپڵۆسنو لە ناو بەرن.

لە درێژەی پێشەوە بردنی شەڕدا هەوڵی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی یەکدەنگو یەکڕەنگو یەکدەستو بێ جیاوازی بدەن. هەموو رووبەرەکانی کۆمەڵگای ئێرانو تاکی ئێران بە ئەندێشەو فکرو ئایدیۆلۆژی پڕ کەلێنو ناکاری خۆیان پێناسە بکەن. لە یەک واتادا ژیان بخزێننە قاڵبی پێشتر ئامادەکراوی ئایدیۆلۆژی خۆیانەوە.

شەڕ وەها هەلێکی لەباری بۆ ئەم دەسەڵاتە رەخساندبوو کە هەموو وێرانیی ئێرانو لێکترازانی

شیرازەی ئابووریو پووکانەوە و سوک بوونو هەتککرانی کلتوری ئەم وڵاتە بخەنە پەراوێزو ئەستۆی شەڕو بەم سەرپۆشە داپۆشن. خۆیان بنکۆڵی هەموو شارستانیو کلتوری گشتی وڵات درێژە بدەنو هەندێ بەهاو ماناو دەستەواژەو کۆ باوەڕێکی رزاوی خورافی دێرینەو لەکار کەوتوو زیندو بکەنەوەو بۆمبارانی زەینو مێشکو ئەندێشەی کۆمەڵی پێبکەن. وا بکەن کە تاکی ئەم وڵاتە لە قەیرانی هەموو لایەنەی بێ شوناسیو چارەنووس لێڵیدا، شڵەژاوو راڕاو هەمیشە پەیوەست بە خۆیان راگرن. ئەم رەوتە هەموو توانایەکانی خۆی بۆ دروستکردنی کۆمەڵێکی پڕاوێڕ و لێوان لێو لە هەستو خورافات خستبووە گەڕ و ئەوەی پەیوەندی بە ئەقڵانییەتو لۆژیکو شارستانییەتی سەردەمەوە بێت پەراوێز کێش بکەنو کەسو تاکی ئیمانیو هەمیشە ئامادە لە خزمەتدا دروست بکەن.

ئەم دەزگا خورافییە تەنانەت ئەدەبیاتی شەڕیشی گۆڕی بەوجۆرەی کە خۆی خوازیاری بوو. ئاوا بوونی هەموو سروودو مارشو چریکەو کۆپلەیەکی زێدیو

حەماسی کە ریشەی لە کلتووری نەتەوەکانی وڵاتدا بێت کەوتە بەرنامەی کاریو جێگای ئەمانەی بە چەمەریو شینگێڕیو پیاهەڵدانی شەڕو مردن پڕکردەوە. بەجۆرێک کە هەواو ئاسمانو خاکو ئاوی وڵات سەرتابەپا بۆنی مەرگی ئەداو یەک ریز ستایشی مردنیان دەکرد.

ئەم بۆنی مەرگو ستایشی مردنە لە راستیدا ئاخێزگەی لە هەناوو گەوهەری دەزگای فیکری دەسەڵاتدا بوو. ئەوان بۆچوونو تێگەشتنیان لە مرۆڤ تەنیا لە چوارچێوەی لۆژیکی مردندا دەگونجاو دەگۆنجێ. کۆمەڵاو کۆمەڵگایان ئەوەندە لا پەسەندو بەرزو بە نرخە کە بکرێنە سووتەمەنی مردنو سەربازی ونبووی شوێن دەرە هەرگیز نەبڕاوەکانی مردن. دەتوانین بڵێین ئەم بابەتە خاڵێکی یەکجار گرنگو جەوهەرییە لەو دەزگا فیکرییەدا کە دەخوازێ لە شوێنی خۆیداو بە جیاو تایبەتی بکەوێتە بەر باسو خوێندنەوە.

لە راستیدا فەرمانڕانانی ئێران شەڕیان وەک هەلو دەرفەتو خێرێکی نەبڕاوەی چاوەڕوان نەکراو

قۆزتەوە، تا دوا دڵۆپو هەناسەکانی دریژەیاندا. دەتوانین بڵێین ئەگەر عیراقی سەدام ئەو شەڕەی نەکردایەو نەنایەتەوە، شیمانەی ئەوە بوو کە ئەو فەرمانڕانانە خۆیان بەدوای داگیرسانی ئاگری شەڕدا سەریان بە زۆر هەرێمدا بکردایەو کڵپەیان لەم ئاگرە هەستاندایە. هەرجۆر بێت دەسەڵاتداران تەنیا کاتێ ئامادە بوون لە شەڕ بگەڕێنەوە کە ئیتر دەستیان گەشتبووە بنی کیسەکەو کەوگیریان دابووی لە بنی قابلەمە. قازانی خەزێنە خاڵیو سەرمایەی وڵات تاڵانو توانای درێژەی شەڕیان نەمابوو. تەنانەت ئیتر بۆ مانگو هەفتەش لە رووی لۆجیستیکیو دابینکردنی داهاتو سەرمایەی پێویست بۆ شەڕەوە کەوتبوونە گرفتو تەنگەژە، بۆیە ئامادەی ئاگربەس بوونو لە 1368دا شەڕیان وەستاند.

پاش شەڕ

تەنیا دوای راوەستانی شەڕ بوو کە هەرەسی ئابووریو دێوی هەژاریو لەشکری بێکاری بە زەقی خۆی نواندو بەرجەستە بووەوەو دەرکەوت. هەموو لقو چڵو

بوارەکانی ئابووری ئێران ناکارا بوونو رزیویو بێ بەرئەنجامی خۆیان نواند. وەک کۆیەک رێکخراوەی درێژوپانی بورۆکراسی کەوتبوونە سەر جەستەی دەوڵەتی بێ بەرنامەو سەرمایەو پرۆژەو پیلانەوە. پیشەسازی نەوتو گاز کە شارەگی حەیاتی دەهاتو دەسکەوتو سەرمایەی دەسەڵاتو شەڕ بوو، لەوپەڕی رزیویو ناکاراییو پووساویدا بوو. هیچ جۆرە سەرمایەکارییەکی تازەو بەرچاو بۆ نوێکردنەوەی ئەم سیستەمەو دۆزینەوەی تازەو دەستەبەرکردنی ئامێرو ئامرازی پێویستی ئەم بەشە نەکرابوو. ئەوەشی کە داهاتی ئەم بەشە بوو بە ئامادەو قەرزەوە کرابووە گەرووی شەڕو یارانەوە. بەشی هەرەزۆری ئەم داهاتە سەرەوخواری باغەڵاو قاسەی دەسەڵاتدارانو ناوەندو باندو رانتەکانی سەر بە دەزگاو دەوڵەت کرابوو و دەکرا.

دەوڵەتی چاکسازیو نۆژەنکردنەوەی رەفسەنجانی رووبەڕوو بوو لەگەڵ لەشکرێکی فرەو فراوانی سەربازیی، هەر لە پاسدارەکانەوە بگرە تا بەسیجیو

...هتد، که له بەرەکانی شەڕ گەڕابوونەوەو داهاتو کارو ژیانو پێداویستی ژیانیان دەویست. کۆماری ئیسلامی ئێرانیان به قەرزاری خۆیان دەزانیو ئەو مافه بۆ خۆیان قایل بوون که وڵاتو هەموو سەروەتو داهاتی به ملکی خۆیان بزانن. دەڵێنو دەیانوت که ئەوە ئەوان بوون له داگیرکردنو بەتاڵان بردن پاراستوویانه. قارەمانانی شەڕی ئیسلامیو سەربازەکانی ئایدیۆلۆژی تووڕەو ناڕازی گەڕابوونەوە. له راستیدا ئێستا ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو که براکان بکەونه بەشکردنی میراتو هەر کەس داخوازی بەشی خۆی بکات. پاشتر دەبینین که چۆن ئەم هەستی خاوەنداریەتییه دەبێته خۆڵقاوێکی هەزار سەرو دەستو دەمو له داهاتو ئابووریی ئێراندا تا دواچۆڕەکان دەمژێو ئۆختاپووس ئاسا خۆی دەخاته سەر ئەم ئابوورییه لەرزانو رماوو بێ بونیادە.

دەوڵەتی نۆژەنکردنەوەو چاکسازی که لەگەڵ خەزانەیەکی بێ پارەو پووڵ رووبەڕووە، به پەلەو هەڵپەوە پەنا دەباته بەر قەرزکردنی دەرەکی. بێ

گوێدانە ئاسەوارەکانی ئەم قەرز کردنە لەسەر ئابووری وڵاتو داهاتووی ئەم ئابوورییە. بە پەلەو چاوچنۆکی بۆ گرتنو دەستخستنی ئەم قەرزانە گوڕدەگرێ.

"لە ئێراندا لە ساڵی 1368وە تا ئێستا قەوارەی پارەی ئامادە (نەقدینەگی) نزیکەی 80 بەرابەر بووەتەوە، کە دەکرێ هۆکارەکانی پەیوەست بن بەو قەرزانەوە کە کراونو بەو هەڵە گەورەو بچوکانەی بانکی ناوەندییەوە، کە رۆڵیان لە بردنە سەرەوەی پارەی لە دۆخی گەڕاندا زۆر بەرچاوە. تەنیا لە ساڵەکانی 72 تا 76 رێژەی لێکدراوی 15\04 هەڵئاوسان بووە". (دینو اقتصاد.(

بە پێی بۆچوونی کارناسانی ئابووریی کۆماری ئیسلامی خۆی، دەبینین کە رۆڵی ئەم قەرزانە چی بووەو چۆن کاریگەرییان لە ئابووریی ئێراندا داناوە.

ئەم قەرزانەو داهاتی نەوتیش بە کۆی خۆیەوە رەوانەی بوارەکانی رێکخستنی پیشەسازیو دامەرزاندنی لقەکانی بونیادی ئابووریی ئێران

نەکراون. دوا بە دوای ئەمەش یەکەم هەنگاوەکانی ئەم دەوڵەتە لە ئابووریی وڵاتدا ئەوە بوو کە بە ناوی ئازاد کردنی ئابووریی‌و هەوڵ بۆ ڕێکخستن‌و بەشدار کردنی کەرتی تایبەتی، دەستی دایە هەڕاجکردنی هەموو کۆمپانی‌و ڕێکخراوەو کارگاو کارخانەو ناوەندە ئابوورییەکانی بەناو نەتەوەی ئێران.

لەم هەڕاجکردنەدا هیچ پێودانگ‌و پێوەرو ستانداردێکی ئابووری‌و ئەمڕۆیانەی جیهان‌و زانستی ئابووریی ڕەچاو نەکرا کە هیچ، بەڵکوو هەموو ئەم دام‌و دەزگاو ناوەندو ڕێکخراوانەی بەخشیە سەرکردەکانی سوپاو ڕانت‌و باندو دەست‌و پێوەندە چاوچنۆکەکانی خۆی. لەم ڕێگایەوە میلیتاریستەکانی سوپا توانیان دەستبگرن بە سەر زۆرینەی شاڕەگەکانی ئابووریی ئێراندا، چ لە بواری پیشەسازی چ لە بواری خزمەتگوزاریدا. چڵو لقی ئابووریی وڵات نەما ئەمانە زاوزێی تیادا نەکەن‌و هەڵپەی گرتنی نەکەن. ئەم ڕەوتە بوو کە لە درێژەی خۆیدا کۆلۆمپنێکی بۆ سەربازی

پۆپۆلیزمو فاشیستە بە دەسەڵات گەشتووەکان لە پەراوێزی ئابووریی خۆیدا پەروەردە کرد.

لە بواری فەرهەنگیدا دەسەڵات دیسان وەک بەشو لەقەکانی تری ژیانی ئێران ئەم بەشەشی کردە مۆنۆپۆلی حەوزە بە ناو زانستییەکانی ئیسلامی مەلایان. گەورەترین باندو رانتو مافیای فەرهەنگی لێرەوە رێکخران. بەجۆرێک کە بەرینترینو بەربڵاوترین ناوەندەکانی چاپو بڵاوکردنەوەو رۆژنامەنووسیو گۆڤار کەوتە بازنەی دەسەڵاتی بێ رەقیبی ئەمانەوە. هەموو بوارو بەستێنو رووبەرەکانی چاپو بڵاوکردنەوەو فەرهەنگیان خستە ژێر رکێفی خۆیانەوە. وەزارەتی ئیرشاد، سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامیو ئەو ناوەندانە بوون کە تا دوابستەکانی دنیای چاپەمەنیو بڵاوکردنەوەیان گرتەدەست.

هیچ بەرهەمو داهێنانێکی فەرهەنگیو فکریو هونەریو ئەدەبیو کاڵایەکی زانستی نەبوو کە لە ژێر چاودێری ئەماندا نەبێو بتوانێ پێ بخاتە دنیای بوونەوە.

## بەشی دووەم

دەوڵەتی نۆژەنکردنەوەی ڕەفسەنجانی لەڕاستیدا دەوڵەتی تۆکمەکردن وساخکردنەوەی ناوەندو دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو. سەرکردایەتی ئێران‌و هەموو کەسانی سێبەرو دەوڵەتی لەڕووی ئەم کۆمارە بەوردی ئەوڕاستییەیان دەزانی کە کۆتایی هاتنی شەڕ بێ هیچ گومان‌و ئەم لاوئەولایە گیانی ڕۆمانسیانەی شەڕو باوەڕی ئیمانی‌و باردۆخی مەرگخوازی ڕووبەڕووی تەنگەژەو گرفتو خاوبوونەوە دەکات ودرزو کەلێنەکانی باوەڕو مەعریفەی ئایدیۆلۆژی دەسەڵات دەردەخاتو ئەم باوەڕو قاڵبە مەعریفی‌و ئایدیۆلۆژیانەی دەزگای فیکریان گەورەترو بەرجەستەتردەکاتەوە.

بۆیە لەپێناوی ئەم ڕەوتەو قەتیسکردنی گۆڕان‌و مێژوودا بەگوڕ کەوتەکار. سەرەتا هەڵپەوهەوڵی

خۆیان تەرخانکرد بۆ بەدەستەوەگرتنو مۆنۆپۆلکردنی هەموو بوارەکانی ژیوارو ئابووریی ئێران، چاو چنۆکانە کەوتنە گیانی سەروەتو سامانو هەموو کانزاو داهاتی وڵات. دەسەڵات بە بیانووی ئازادکردنی ئابوورییو هاوبەشی کەرتی تایبەت لەئابووریی وڵاتداو نۆژەنکردنەوەی ئامرازو سیستەمی ئابووری هەرهەموو کۆمپانیاو چڵە گرنگەکانی ئەم ئابوورییەی گرتەدەست خۆیو رانتو دەستو پێوەندو باندەکانی سەربەدەسەڵاتو سەر سەرسپێنراوان بە ئایدیۆلۆژی خۆی.

ئازادکردنی ئابووریی وڵات لەڕاستیدا ئایدیۆلۆژیزەکردنی ئابووریی وڵات بوو. لەماوەیەکی زۆر کەمەدا بەدەیانو سەدان ناوەندو کۆمپانیو رێکخراوی سەربە رژێم هەڵتۆقانو هەموو چڵو بوارەکانی ئابووریی وڵاتیان گرتە دەست خۆیان.

تەیارو پڕچەک کردنی هێزو سوپاو هەموو ناوەندە میلتاریستیەکانی دەوڵەتو دەزگاو پاکسازیو دەرکردنی هەموو سەربازییە خاوەن هەڵوێستو

نیشتمان خوازەکانو هەرکەس کە ئەندێشەی جیاوازو بۆنی جیای لێدەهات. خۆکوتانو پەلە بۆ بەدەست هێنانی نوێترینو مۆدێڕن ترین چەکو تفاقی سەربازیو هەوڵی وەدەست خستنی پێشکەوتووترین زانستو تکنیکی سەربازیو پیشەسازی سەربازیو خۆتەیارکردن بە مۆدێڕنترینی ئەم زانستانە.

ڕێکخستنو ئامادەکردنی داپڵۆسێنەرترین دەزگای پۆلیسی سیاسیو تەیارکردنی بە نوێترین ئامڕازەکانی شکنجەو ئیعتراف گیری، پەلو پۆهاویژی بۆ وڵاتانی دراوسێو جیهانو سازدانی شۆڕشی ئایدیۆلۆژیو دروستکردنی لایەنو دەستەو تاقمی سەربەخۆیان لە هەرکوێ کە بۆیان دەکراو دەکرێت. چەکدار کردنی ئەم دەستانەو کردنیانە هێزێکی میلیتارستی ناوچەکەو تا وەک کارتی فشارو هۆکارێ بۆ باجگیریو قەیران دژبە بزاوتی دیموکراسیو وڵاتانی دراوسێو جیهان بەکاریان بێنێت. ئەم ڕەوت وڕەوندە بۆکۆماری ئیسلامی رێگای دروستکردنی قەیرانو سەرقاڵی هێزە پێشکەوتوو خوازەکانە تا توانای ئاوڕدانەوە سەر خۆیان نەبێتو

ئەو بە ئارامی ناوچەکە بنکەن‌و قەیراناوی بکات‌و خۆی وەک هێزێکی گرنگ داسەپێنێ .

ئێران لەم ڕێگایەوە سەرەڕای ئەوەی دەیەوێ ئەو مەبەستانەی سەرەوە دەستەبەر کات بۆ دنەدانی ویژدانی دینی ئێرانیان‌و بردنە سەرەوەی گیانی رۆمانسی جەماوەرو بێدەنگ کردنی نەیارانی ناوەوەش سوود دەگریت .

ڕوون‌و ئاشکرایە کە ئەو خەرج‌و هەزینانەی کە بۆئەم کارانە دەکران هەموو دەبوونە گرفت‌و دەکەوتنە سەر ئابووریی لاوازی وڵات ساتەو سات قەیران خوڵقێن بوون‌و هەن. ناکاراییو ئیفلیجی ئابووریی وڵات بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەم بابەتە .

)لەساڵی 2006 دا لەکتێبی تایبەت بە ئابووریی ئازاددا کە ساڵانە 157 وڵات دەخاتە بەرباس‌و دوان، کۆماری ئیسلامی ئێران لەپلەی 156دا هاتووە دوای کۆریای شومالی، لەم کتێبەدا هاتووە کە ئابووریی ئێران دوای راپەڕینی 1979 ئیفلیج بوو، پاشان دوای ئەوەو بەهۆی لاوازی‌و نازانستی بەڕێوەبەرایەتییەوە

به تەواوی ئیفلیجو وێران بووە. نموونەی ئەم وێرانییەش ئەوەیە کە زیاترلە 1000 کۆمپانی گەورەی ئابووریی لەژێر دەسەڵاتی ناوەندو ڕانتەکانی سەربە دەسەڵاتدان.(

لەتەواوی ئەم ئاڵوگۆڕانەدا کە کران، چینو توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگای ئێران هاوڕێ لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستییەکانی ژیانداو هەڵئاوسانی رۆژانەی ئابووریی‌و کەم بوونەوەی هێزی کڕینی دراودا داهاتو بژێوی ژیانیان یا نەدەچووە سەرەوە یا بەڕادەیەکی یەکجار کەمو ناهاوسان لەگەڵ ئەو بەرزبوونەوەو ئاوسانەدا داهاتیان دەچووە سەرەوەو جووڵەی تێدەکەوت.

دووقۆناغی سەرکۆماری رەفسەنجانی‌و دەسەڵاتی دەوڵەتی بەناو نۆژەنکردنەوە جگە ئەوەی بووە هۆی ئەوەی کە توێژێکی نۆکیسەی میلیتاریستی لە بەرەی شەڕ گەراوەو مشەخۆری سەر بە دەزگاو دەوڵەتی لێبکەوێتەوە، لەراستیدا دەسکەوتو داهاتێکی دیکەی بۆ گەلانو جەماوەری ئێران لێنەکەوتەوە .

هەژاریو بێکاری بەخێرایی گەشەی کردو کۆیەکی زۆر لە کرێکارانی بێکار کردو کەرتی کشتوکاڵی بێ گۆڕان کارییەکی مۆدێرنو بەرچاو ومیکانیزە بوونی هەروا لە ئامێزی ئامێرە نەریتییەکاندا مایەوەو چەقیو داهاتی زۆرو فراوانی بەخۆیەوە نەدیت کە هیچ، هیچ جۆرە زەمانو بیمەو قەرەبووکردنەوەیەکیشی بۆ نەکراو نەیبوو کە لە نەداریو کێشەو گرفتا بێت بەدەمیەوە .

هەڵتۆقینی قارچک ئاسای بانکەکانو گەشەی کەمایەتی بێ بەرنامەو لە بەرچاونەگیراوی سەرمایەداری ماڵی جگە ئەوەی کۆوامو قەرزێکی زێدەسوود بخاتە ئەستۆی جووتیارانو کاسبکارانی چووکەو کرێکارانو بێکارانو هەژاران بەرو بوویەکی دیکەیان لێنەکەوتەوە .

لەڕاستیدا ئەم لێشاوە خۆی بووە هۆی سەرهەڵدانی زۆر قەیرانی دیکەی کۆمەڵایەتی وئابووریو .........هتد.

لەم دوو قۆناغەدا زمانی توندوتیژیو زەبرو زەنگو داپڵۆسین لەسێبەری ئابووریی مۆنۆپۆلو قەیرانی

هەمیشەیی ناوخۆییو دەرەکیدا کەدەسەڵات بە بەرنامە دەیخولڨاندن گەشتە چڵەپۆپەی خۆی .

ڕاونانو تیرۆرو دزینو بەندکردن، ئەمانی لەکۆمەڵگای ئێران بڕیبوو. راوکردنی تاک وکۆی جیابیرانو چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بە بەرنامەو گەلاڵەی پێش ئامادەوە بەڕێوە دەبرا، دەسەڵات بە هەموو توانای خۆیەوە هەوڵیدا هەموو دەنگو رەنگو بزاوتو جووڵەیەکی جیاواز لە ئایدیۆلۆژی خۆی زمان بڕاو خنکاو ناکاراو قەتیس بکات. لەم پرۆژەیەدا دەسەڵات توانی تا رادەیەک بگاتە مەبەستەکانی خۆیو ئارامییەکی گۆڕستانی بخولڨێنێو بسەپێنێ، هەموو ڕێگا یاساییو ئاشکراکانی لەدایک بوونو لێکەوتنەوەی فەرهەنگی نادەوڵەتی نائایدیۆلۆژی بگرێت. هەرچەندە کۆمەڵگا لەهەناوی خۆیداو لەژێر ئەو سەرپۆشەی ئاگرو ئاسنەدا بێپسانەوە لە بزاوتو بەرهەمو لێکەوتنەوەدا بوو.

چوونە سەرەوەی چەندایەتی رێژەی خوێندکارانی زانکۆکانو زۆربوونی زانستگاکانی وڵاتو لەژێر چەقۆ

دەرچوونی چەند بڵاوکراوەی هەرەکەمو دانسقەو بەخۆداهاتنەوەی هێزە کۆمەڵایەتیو کلتووریەکانو جموجووڵی داخوازییە پیشەییەکانی کۆمەڵ، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو گۆڕانکارییە هەراوانەی کە لەئاستی جیهاندا روویان دابوو وە راستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ژیانو بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئێران بوو، هەموویان تێکڕا پاڵەپەستۆیان دەخستە سەر دەسەڵاتدارانو چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرا کە ئەم پاڵەپەستۆیانە ببنە هۆی کۆمەڵی بزاوتی بەگوڕو سەرهەڵدانی هەندێ گۆڕانکاری لە ئێراندا.

ئاشکرا بوونی کەلێنەکانی فیکرو مەعریفەی دەسەڵاتو دابڕانی جەماوەری بێتاقەتو ئارام گیراوی هەژارانو چینی نێوەندیی وڵاتو سەرهەڵدانی چینی نوێ کیسەی تازە بە پارەو دەسەڵات گەیشتوو هەرهەموو داهاتووی رژێمیان دەخستە بەر گومانو چاوەڕوان دەکرا کە ئیتر بزاوتەکان توندتر خۆیان دەرخەنو ئەو دۆخە بشکێننو رژێم خۆشی بکەنە ئامانجی گۆڕان.

چینی نێوەندیی بەپێی هەناوی کۆمەڵایەتی خۆی کە هەناوێکی نەرمو ئاشتی ویستەو مەیلی لە نەژڵەژانە، هەرچەندەکە ئەم ئاشتی ویستیو نەژڵەژانە هەندێ رەگەزی لەترسو دەق گرتووی خۆپارێزی تیادایە. تا ئەو کاتەی کە باری ژیانو گوزەرانی باشەو دەکرێت بە راوەستاوی بزانێتو ئابووریەکەی وڵامی ژیانی ئەداتەوەو هیوای وایە کە بژیو بژێوی خۆی دەستەبەر کات، هەر نابزوێتو دەکرێ بڵێین تا ڕادەیەک هەر گازە چڕی دۆخی ئێستاو ئامادەیە دژایەتییەکانی لەگەڵ ئەم دۆخەدا ناگاتە تە قینەوە.

ئەم چینە دەخوازێ کە لەڕێگای بزاوتی ریفۆرمەوە هەوڵی چارەسەری گرفتو کێشەکانی خۆی بداتو بارو دۆخی ژیانی باشتربکاتو بگۆڕێ.

بەڵام هەر کە هیوا بڕاو بوو وە گەشتە ئەو باوەڕەی کە ناتوانێ لەڕێگای ریفۆرمو لە چوارچێوەی یاسادا کایە بکاتو داخوازیو خواستەکانی خۆی دەستەبەرکات، یا بەرامبەرەکەیو دەسەڵات ئامادەی گوێگرتنو کایە لە چوارچێوەی یاساو دانووساندا نییە، ئەو قەیرانەی کە

تیایدایە قەیرانێکی تێپەڕ نییەو پەڕینەوەی بەم زووانە نەگونجاوەو قەیرانەکە قەیرانی گشت دەسەڵاتو سیستەمی کۆمەڵایەتییەو دەربازبوونی تەنیا لەڕێگای بڕینو کۆتایی هێنان بەم قەیرانەوە گونجاوە، ئەوکات زۆر بەئاسانی ئاسانتر لەوەی کە بیر دەکرێتەوە تووڕەییو دەمارگرژیو هەڵچوون دایدەگرێتو دێتە گۆڕ. لەم ساتەوەختەدایە کە ئامادەی هەرجۆرە کاروکردەیەکی زبرو توندو تیژەو لە هیچ شێوەیەک ناوەستێو کۆسپە ناکاتەوە.

ڕوونە کە چینی نێوەندیی کۆمەڵ دژە سەرمایەدارییە، هەرچەندە کە ئەم چینە بۆچەوسانەوەی راستەوخۆی سەرمایەداری پەراوێزترەو راستەوخۆ ناکەوێتە بەر زەبری چەوسانەوە وەک هێزی کار بەڵام بەزۆریو لە ڕووبەرێکی فراواندا دەبێتە قوربانی رەقابەتو کێبڕکێی ناوەندو رێکخراوەماڵییەکانی سەرمایەداری .

بۆیە نایەوێت کەسەرمایەداری ببێتە خاوەنداری گشتی ئامێرو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، بەڵکوو خوازیارە کە دۆخی ئابووریی ئێستا راوەستاو بێت بەمەرجێ کە

دەوڵەتێ هەبێت کە دەست بخاتە ئابووریی‌و بەربەستی سنوردار کردنی ئازادی ئەم ئابوورییە بێت‌و بتوانێ ئەم شێوە کۆنترۆڵکردنە بخاتە چوارچێوەی یاساوە .

ئەم چینە لە ئارەزووی جۆرە سەرمایەداریەکدایە کە دوور بێت لە سوودخوازی نەبڕاوەی باوەڕنەکراوی نەشیاوی بێ سنوورو ئابووریی مۆنۆپۆڵ‌و ڕێکخراوەو ناوەندیماڵی کاڵا شاردنەوەو دەست بەسەرداگرتنی .

جووتیارانی ئەم چینە خوازیارن کە کۆمپانی کودو پێداویستی خۆیان هەبێت‌و ماشین‌و پێداویستیەکانی کشتوکاڵیان دابین کراوبێت‌و دەڵاڵە گەورەکان‌و بانکەکان‌و کۆمپانیە مۆنۆپۆڵەکان بەسەریاندا زاڵ نەبن. خوازیاری یارانەی زۆرترن بۆخۆیان‌و دەیانەوێ کە بەربووی کاریان بەنرخی پێویست بکڕدرێت‌و بیمە وزەمانیان هەبێت.

لەئەم دۆخ‌و ساتانەدا کە ئابووریی وڵات قوفڵ بەس بەهەموو بوارەکانیەوە دەکەوێتە دەست میلیتاریسە خاوەن هێزەکانی وڵات‌و ژیانی ئازاد لە جەماوەر

کونبڕ دەکرێتو هێزێکی پۆپۆلیستی مەیلەو فا شیزم سەرهەڵئەدات خۆی تۆکمە دەکات.

ساندەی تلگراف لە راپۆرتە هەواڵێکدا ئاوەها لە سپاو فەرماندەکانی دەدوێت:

))زۆربەی فەرماندەکانی سوپای پاسداران ئەو هێزە سەربازییەی کە ئەرکی شەڕو هێرش کردنە سەر هێزەکانی ئەمریکاو ئنگلستانی لە ئەستۆیە، ژیانیان ئەوەندە خۆشو رەنگاڵەو ئەشرافییە کە حەزناکەن کەس شتێ لە ژیانیان بزانێ. لەپشت سیماو رواڵەتی سادەو پڕگازەو پاڕانەوەو عابدانەیانەوە، زۆرشت حەشاردراوە. لەباکووری تاراندا لە سەر تەپۆڵکە سەوزو خۆشەکانو لە باشترین شوێنەکاندا ئەمانە لە کۆماڵو خانوویەکدا دەژین کە کەنتۆری ماڵەکانیان پڕە لە گرانترین بەرگی دیزاینە بەناو بانگەکانی جیهانو زێڕو زیوو جەواهێراتو ئەڵماس. ئەمانە تەنیا سواری ماشینە هەرەگرانەکانی بیٚ ئێم ویٚ و دوا مۆدیلەکانی مارسی دێس بێنز دەبن. ماڵەکانیان بەگرانترینو جوانترین فەرشی دەست چنی ئێرانی

فەرش کراوە. هەر لەو دەمەوە کە ئەم هێزە ئەرکی پاراستنی دەوڵەتی ئیسلامیو ناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی گرتە ئەستۆی خۆیو بووە باسکی بە هێزی دەسەڵاتی ئێران. لەو دەمەوە رۆڵێکی یەکجار گرنگی لە ئابووریی ئێراندا گرتە دەستو بووە خاوەنی ئەم ئابوورییەو بە تەواوی هەڵئاوسا .

ئەم هێزە هەر لە پیشەسازی نەوتو گازەوە بگرە تا دەگاتە مریشک بەخێوکردنو هەنگ داری گرتە دەست خۆی. سوپا ئیتر ئیمپراتۆرییەکی گەورەیەو لە 125 هەزار کەسو فەرماندەکانیان پێکهاتووەو ئەمریکا ئەمڕۆ خستوویەتیە ژێرچاودێری خۆیەوە. ئەم ناوەندە کە باسکی بە هێزو هەرە مەبەستی دەسەڵات بوو لە دەورانی سەرکۆماری ئەحمەدی نەژاددا بوو بە گەورەترین ئیمپراتۆریی کە سەرکۆمار خۆشی یەکێ لەوانە .

قاچاخی مە شرووباتو زۆر گیری سوپا _ میتال شوب _ساندەی تلگراف_ 19 ئوت((

کاتێ کە ڕووداوی دووی جۆزەردان سەری هەڵدا لە ڕاستیدا ژێرخان‌و سەرخانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێران لەهەموو بوارەکاندا لە لایەن ئەم ئیمپراتۆرییە سەربازییەوە دەستی بەسەردا گیرابوو. دەزگای فیکرو ئایدیۆلۆژی دەسەڵات ڕەوایی‌و پەسەندی خۆی لەدەست دابوو. قەیران هەموو ڕووبەرەکانی ژیانی لە ئێراندا داگیرکردبوو. ئەم قەیرانە قەیرانێکی کاتی‌و تێپەرنەبوو، قەیرانێ بوو کە دەسەڵات‌و هەموو سیستەمی ئەو دەسەڵاتەی بەخۆیەوە سەرقاڵ‌و دووچاری گرفت‌و تەنگەژە کردبوو .

ڕژێم لەهەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێراندا پاشوی داخزابوو. دروشمەکانی دادوەری کۆمەڵایەتی وئازادی‌و سەربەخۆیی بەتەواوی ناکارایی خۆیان نیشاندابوو. بووبوونە جێگای گاڵتەو تانەو ڕابواردنی جەماوەر. تابۆی خۆمانەو ناخۆمانەی ئایدیۆلۆژی فەرمانڕانان لە بواری کۆمەڵگادا سوابوو، هەرچەندە کۆمەڵی ڕووبەڕووی قەیرانی دوژمنایەتی بێ بنەما کردبووەوە.

له بواری فەرهەنگیدا دەسەڵات لەسازدانو خوڵقانی واتاو پێکهاتەو باوەڕە کلتوورییەکانی خۆیدا لە قووڵایی جەماوەرو رووبەرێکی زۆری کۆمەڵو گەلدا سەرنەکەوتوو بوو .

کلتوورو هەموو بەهاو نموونە فەرهەنگییە پێشنار کراوەکانی دووچاری کلۆر بوونەوەو پووکانەوەو ناکارا ببوون. لەڕاستیداو لە بنەڕەتەوە ئەمانە گوێزراوەی سەدانو هەزاران ساڵ پێش بوون بۆ کۆمەڵگایەکی نوێو مۆدیرنیزاسیۆن دیو کە بە هیچ جۆرێ نەیاندەتوانی وڵام دەرەوەی ویستو داواو پێداویستییە فەرهەنگییەکانی سەردەم بن.

دەسەڵات لە هەموو بوارەکانی ئابوورییو کلتووریو رامیاریو کۆمەڵایەتیدا دووچاری گرفتو قەیرانی نەبڕاوە بوو. لەڕاستیدا ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتیو ئابوورییو رامیارییەی کە دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی بۆ ژیان لەئێراندا پێشنیاری دەکرد بە شێوەیەکی گشتی ناکاراو قەیراناویی بوونی خۆی نواندبوو. لەزۆر

بواردا بەتەواوی ئیفلیجو رزاو بوو. بەتایبەت لە بواری کلتووریو ئابووریدا .

ئەم دەزگا فیکریە ئیتر لە بێ دەرەتانیو بێ چارەیی خۆی نزیک دەبووەوە بێپسانەوەو ئاکام هەوڵی دۆزینەوەی کۆمیکانیزمێکی دەدا بۆ رزگارکردنی خۆی لەم قەیرانانە .

دەسەڵات لە هەر دوو رووبەری پەیوەندییەکانی جیهانیو ناوخۆدا داماوو شکاو بوو، کەوتبووە پەراوێزی سیاسەتو بڕیاری جیهانەوە، وەک بوونێکی ناتەباو ئاژاوەگێڕو شەڕخواز سەیری دەکرا، کە واش بوو، بەئاشکرا دژایەتیو بەربەرەکانێی ئاشتی لە ناوچەکەو جیهاندا دەکرد. بووبووە نیشانەی گومانو دوژمنایەتی دنیای پێشکەوتوو وە جیهانی دیموکراسیو هەموو ناوەندە مافخوازو پارێزەکانی دەرەوەو ناوەوەی وڵات .

ئەم دارمانو هەرەسە مەعریفیو فیکرییە بەدوای خۆیدا دارمانێکی وا گەورەی ئابوورییو کۆمەڵایەتیو رامیاری

هێنابوو کە دەسەڵات تا دوا یەکەکانی بوونی خۆی لە گرفتو قەیرانو تەنگەژەدا دەینواند.

ڕوانەوەی نەریت خوازی ئیسلامیو ئاوابوونی رۆمانسیەتی شەڕو درز کەوتنە ئیمانو باوەڕی جەماوەر وە هەر هەمووی هەرەسی دەزگابوونو ئەم دارمانە هێندە گەورەو مەزن بوو کە لەهەناوی دەزگای فیکری دەسەڵات خۆیشیدا کۆیە قەیرانو دابڕانو جیابوونەوەی بەدوای خۆیدا هێناو زۆرێ لە سەربازە ئیمانییەکانی ئایدیۆلۆژی راتەکاند .

ئەم راتەکاندنە لەڕاستیدا ماڵئاوایی لە کۆی باوەڕو بەهاو پرەنسیپە فیکرییە کۆنەکانی خۆیانو ماڵئاوایی کردن بوو لەوانە. ئیتر بەگومانو تەقەوە سەیری ئەو بابەتانەیان دەکـــــردو خوێندنەوەی تازەتریان لەو چەمکانە ئاراستە دەکرد.

بەشی سێ

ریفۆرمخوازانی ناو هەناوی دەزگای فیکری دەسەڵات بەهۆی پێگەو جێگای خۆیانەوە لەناو حاکمیەتداو ڕوونیشە بەهۆی چۆڵبوونی گۆڕەپانی رامیاری ئێران لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنو ڕێک لە غیابی هێزو هێزگەلێکی سیاسی بنکە فراوانی جەماوەرییەوە توانیان بە بەرزکردنەوەی هەندێ دروشمی سەرەکیو جەماوەرخواز جڵەوی تووڕەییو ناڕەزایەتی گەلانو خەڵکی چەوساوەو بەتەنگ هاتووی ئێران بگرنە دەست خۆیان.

هزرڕێژانی باڵی ڕیفۆرم لە دێرزەمانەوە بەم ئاکامە گەشتبوون کە سیستەمی فیکریو ئایدیۆلۆژی حاکمو هەموو ئەو میکانیزمانەی کە بۆ کارا کردنی واتاو بەهاو مۆدیل پرۆژەکانی بەکار هاتوون بە تەواوی شکاوو ناکاران .

لەرووبەری ژیانی کۆمەڵایەتیداو لە هەموو ڕەهەندەکاندا بیری فەرمانڕان دووچاری قەیران بووەو بەتەواوی گەلو جەماوەر لێی دوورو تەکیونەتەوە .

دەیانزانی چاکسازیو پینەو پەڕۆی ئەم نۆرمو سیستەمە فیکریە بە پەلەو خێرا نەگونجاوەو نەشیاوە،هەرچەندەلە قووڵایی باوەڕو لەهەناوی چینایەتیو کۆمەڵایەتی خۆیاندا هێشتا باوەڕیان بەزۆر لە بەهاو پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەو نەریتە ئاوەزییە بوو .

خێراو بۆ دەستەبەر کردنی فەرمانڕانی خۆیانو لەڕاستیشدا بۆ ڕزگارکردنی ئایدیۆلۆژی زاڵی هەرەس هێناو، وێرانو لە هەلدا پڕکردنەوەی کەلێنەکانی ئەو ئاوەزو دەزگا فیکرییە، ناچاربوون کە بکەونە گوازتنەوەو قەرزکردنی کۆدەستەواژەو واتاو دروشمگەلێ لە بازنەی ئاوەزی دیموکراسی لیبراڵو کۆمەڵگای مەدەنی بە نۆرمی هزرمەندانی ئەو ڕێبازو ڕێچکەیە بۆ ناو ئاقاری نەریتی ئیسلامی تا ئێستا فەرمانڕان لە ئێراندا .

نەزۆکی ئەم گواستنەوانە هەر لە سەرتاوە ڕوون بوو، ئەم هەوڵە بۆ پێکهێنانی زەمینەو زەینیەتێ بوو لەمەڕ

دیموکراسیو کۆمەڵگای مەدنیەوە لەئاقاریکی ئاوەزیدا کە تا سەر ئیسک کۆنەپەرستو دژە دیموکراسی بوو .

دیموکراسیو مەدەنێت دوو چەمکی مۆدێرنە بوون کە لە بەستێنی سکۆلاریزمدا خولقابوونو گونجانیان لەگەڵ فندامینتالیزمدا نەگونجاوە. بنەماخوازی ئیسلامیو هژمۆنیگەری ئایدیۆلۆژی ئیسلامیو ئەو دوو چەمکە دژایەتی ناهاوسازی مێژینەی خۆیان هەیە. بۆیە دەبوایە کە ڕیفۆرمخوازانی ناوهەناوی دەسەڵات واز لە یەکیان بێننو لە ئاکامیشدا دەرکەوت کە دەست بەرداری دیموکراسیو مەدەنیت بوون .

بەرزکردنەوەی دروشمی ئێران بۆ هەموو ئێرانیە یەک لەو دروشمانەبوو کە لە بازنەی لیبراڵ دیموکراسیەوە قەرزکرابوو بۆ ئاقاری ئایدیۆلۆژی ئیسلامی بە ناو دیموکراسی خوازی ڕیفۆرمخوازان. ئەم دروشمە پێناسەی مافی هاو وڵاتیو شارۆمەندی بوو لە سەر بنەمای کۆمەڵگای مەدنیو ڕوانگەی لیبراڵ دیموکراسی بە پێی شیکاری ڕیفۆرمخوازان خۆیان .

دیارە کۆمەڵگای مەدەنیو مافی شارۆمەندی بەتایبەت کۆمەڵگای مەدەنی خوێندنەوەی دیکەی بۆ کراوە، وەک ئەوەی گرامشی کە ئێستا بابەتی باسی ئێمە نییە. لەڕاستیدا بەرزکردنەوەی ئەم دروشمە بە درۆو پشتا خستنەوەی هەموو بەهاو چوارچێوەو پرەنسیپە فیکریەکانی نەریتیو ئاوەزی ئیسلامی تا ئێستا فەرمانڕان بوو وە هەروەها سەلماندنی ناکارایيو کۆن بوونی هەموو یاساو ڕێساو نۆرمەکانی مافی هاوولاتیو شارۆمەندی لەو ئیسلامەدا .

ئەم ڕیفۆرمخوازە شەرمنو بەپەرێزو ڕاڕایانە بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتیو پەیوەستی فیکری خۆیان نەیاندەتوانی هەموو بڕیارەکانو گرنگترین بابەتە چارەنووس سازەکان بگێڕنەوە بۆ جەماوەرو گەلانو خەڵکی چەوساوەی ئێران

هێشتا وایان دەزانیو دەزانن کە پەسەندیو ڕەوایی دەسەڵاتو فەرمانڕانیان دەگەڕێتەوە سەر بازگە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆیان نەک گەلو جەماوەر .

ئاخێزگەی خۆیانو دەسەڵاتو ئەندێشەو سەرچاوەی هەموو ڕەواییو پەسەندییەکیان هەر دەقو نەریتە کلاسیکەکانی ئایدیۆلۆژی ئیسلامی ئەزموونکراوی ناکارای قەیراناوی بووەو هەیە. لەم چرکەساتەدا بەنەترسیەوە دەتوانین بڵێین کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نارازیو بەخواستەکانی کۆمەڵگا لەڕووی ویستو داخوازیو گۆڕانو چاکسازییەوە، زۆر بە پرۆژەترو بە ستراتیژیتر بوون تا باڵی ڕیفۆرمخوازی ناو دەسەڵات کە بووبووە جڵەوداری ڕیفۆرمو لەرووی هۆشیاری سیاسیو کلتوورییەوە هۆشیارت و شێلگیرتربوون.

بزاوتە جۆراوجۆرەکانی کرێکاران، ژنان خوێندکارانو بزووتنەوە فەرهەنگیەکانو هۆشیاری لاوانو ڕادیکاڵ بوونیان هەر هەموو پاڵەپەستۆ بوون بۆ هەموو دەسەڵاتو باڵی ڕیفۆرمخوازان .

باڵی ڕیفۆرم لەگەڵ هەموو ئەم پاڵەپەستۆو دروشمانەدا کە لە سەرەتای کێبڕکێی هەڵبژاردنداو دەورانی دەسەڵاتی خۆیاندا بەرزیان کردەوە لە

واقیعداو له سەر گۆڕەپانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا نەیتوانی گۆڕانکاری هەراو بەرچاو بەدی بێنێ، بەتایبەتی له بواری چاکسازی ئابووریو یاسادانانیدا. له هەموو تەمەنی هەشت ساڵەی دەسەڵاتدارییی ئەم باڵەدا تەنانەت یەک یاساو سەنەدی یاسایی بۆ دابینکردنی مافو سەربەستیو ئازادییه کۆمەڵایەتیو تاکییەکانی گەلو جەماوەری ئێران نەنووسراو جێگیر نەبوون .

بواری میدیاو ڕۆژنامەوانیو ڕەوتی فەرهەنگیو دەستەبەر کردنی ئازادی ڕۆژنامەوانی نەک هەر نەبوونه خاوەنی یاسایەکی ئەمڕۆژیو بەرفراوان، بەڵکوو هەر له سەر چوارچێوەی یاسای کۆنو داپڵۆسێنەری پێش ڕۆشتو سەرۆکی پارلەمانی ڕیفۆرمخوازان ملکەچی بڕیاری سەرو یاسای پێشەوای دینی ئێران بوو ، بۆخۆشی یەک له پشتیوانانو پارێزەرانی ئەو فەرمانه ملهۆڕانەیه بوو کە ڕێگای نەدا یاسای چاپەمەنیەکان چاکسازیو گۆڕانکاری تیادا بکرێت .

بنەماو بناغە سەرەکیو گرنگەکانی کۆمەڵگای ئێران لەبوارەکانی ئابووریو ڕامیاریو کلتووریو کۆمەڵایەتیدا یاساو ڕێساو چالاکیان وەک خۆی مایەوە. دەستەبەرکردنی ئازادیە بنەڕەتیەکان لەڕووی یاساییەوە هەروەک خۆیان مانەوەو هیچ گۆڕانکاریەک لەیاساکانیاندا نەکرا، دەسەڵاتی هەشت ساڵەی ئەم ڕیفۆرمخوازانە نەیتوانی هەتا یەک لایەحەی یاسایی بۆئەم بوارانە بەرێتە پارلەمانو بیکاتە یاسا. پرۆژەو یاسای پارتە سیاسیەکان هەروەک خۆی مایەوەو لەم ماوەیەدا هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی نائیسلامیو نەتەوەییو ناوچەییو جیابیر ڕێگای نەدراو نەیتوانی بێتە دنیای بوونو کارو کردەی ڕامیاری. ڕوانگەو ڕوانین بۆ نەتەوەو گەلانی پەراوێزکراو هەرچەندە لە قسەو وتندا ڕووکەشیان هەندێ گۆڕانی بەسیمای خۆیەوەدیت، بەڵام لەهەناو جەوهەری خۆیدا هەر ئەو سیاسەتە کۆنە پەیڕەو دەکراو دیسان هەر مافو پێناسە فۆلکلۆریکەکان کاوێژدەکرانەوە. لە کردەدا ئەم ڕیفۆرمخوازە دیموکراتو لیبراڵانە ڕازی نەبوون کە کوردێکی سەربەخۆیانو ڕیفۆرمخوازو بەواتای خۆیان

رووناكبیری دینی بچێته ناو دەستەی سەرۆكایەتی پارلەمانی ڕیفۆرمخوازانەوە .

دیارە پارادۆكسترین كردەو وتەی ئەمانە وتەی ڕووناكبیریی دینیە، ڕووناكبیر لەكوێو دین لەكوێ؟ هەر رووناكبیرێ سكۆلار نەبێ ناتوانێ بە خۆی بلێ ڕووناكبیر. لە كردەو كاری سیاسیدا دووچاری وەها سكتاریست كاریە بووبوون كە پێیان وابوو كە هەركەسو هەر رەوتێ هاوڕێی بێ هەلوێستو ڕەخنەی ئەوان نەبێت ئەوە دژە. لە ڕووبەرێكیدیكەوە ئەوانیش هەر ڕەوتی سیاسی یەكدەنگیو یەك ڕەهەندیو خۆسەپاندنیان پەیڕەو دەكرد، بەتایبەتی لە چوار ساڵەی دوایی دەسەڵاتیاندا كە بەچاوی خۆیان دیتیان گلۆڵەی فەرمانڕانیان كەوتۆتە گلۆربوونەوە .

ڕیفۆرمخوازان هەرچەندە سەرەتا هەندێ هەوڵیاندا بۆ كەمكردنەوەو تا ڕادەیەك كۆنترۆڵی دەسەڵاتی ئابووریی هێزو لایەنە ئەمنیەكانی ڕژێم لەئابووریی ئێراندا، بەڵام ئەم هەوڵانە بێئاكام مانو لە هەندێ بواریشدا خۆشیان تێكلاوی ئەم پرۆسە بوون. لە

ڕاستیدا ئەمانیش بۆخۆیان جۆرە ڕانتو باندێکی ئابووری بەسراو خۆمانەیان پێکهانی، بەتایبەت لە بواری بەدەستەوە گرتنی چاپەمەنیو بڵاوکردنەوەدا. ئەم ڕەوتە تەنانەت نەیتوانی ئەو خاڵو بڕگە یاسایانەی کە بە هەڵواسراوی مابوونەوە لە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بێننە کارو کردەو چالاکیان بکەن ، برگەگەلێ کە ڕژێم خۆی دانی پێدانابوونو دەکرا تاڕادەیەک ئاوڕدانەوە بێت لە ویستو داخوازییەکانی جەماوەریی گەلانی ئێران، وەک بڕگەی پازدەی ئەو یاسایەو بڕگەی بیستو چوارو چلو چوار.

سەوقاتی بەرچاوی ئەم ڕیفۆرمخوازانە بۆ گەلو تاکی وڵات تاڕادەیەک کرانەوەی کەشوهەوای بەسراوو داخراوی کۆمەڵایەتیو چاپەمەنیەکان بوو، ئەویش لە سەرەتای دەسەڵاتو دەوری یەکەمی سەرکەوتنیاندا.

سیستەمی پەروەردەو فێرکاریی هەموو پرۆگرامو فێرکاریەکانی هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕو چاکسازییەکی تیادا نەکراو هەروەک خۆی مایەوە. بەشێوەیەکی

**گشتی هەموو بوارو بەستێنو بونیادە سەرەکییەکانی دەزگای دەوڵەتو ڕژێمی توتالیتەر بە دەست لێنەدراوی مانەوە. دەتوانین بڵێین لووتکەی هەڵوێستو چاکسازی ئەم هێزە ڕیفۆرمخوازە ناساندنو درکاندنی کوشتنە زنجیرەییەکانی ڕووناکبیرانو سەرتەڵانی ئێران بوو کە لەلایەن دەزگای هەواڵگیری ڕژێمەوە دەکراو پرۆژەی درێژەدانی بۆ دابینکرابوو .**

**ڕەنگە ناڕەوا نەبێت کە بڵێین هەرئەم چەند هەوڵو خاڵە کەمە بوون بەتایبەتی درکاندنی کوشتنە زنجیرەییەکان بوونە هۆی دووبارە هەڵبژاردنەوەو دەسەڵات گرتنەوەی دەوری دووهەمی ئەم باڵە. دەزگای هەواڵگیری ڕژێم بە هۆی ئەم کارەساتەوە بە تەواوی یاسای بوونی خۆی لەدەست دابوو. بەشێوەیەکی یەکجار بەرینو بەرفراوان کەوتبووە بەر تووڕەییو نارەزایەتی جەماوەری ئێران. ڕیفۆرمخوازان ئەگەر بیانویستایە لەم دەرفەتو هەلە دەیانتوانی بە باشترین شێوە سوود وەرگرن، وە سەرتاپای ڕژێمو**

دەزگای ملهۆڕو داپڵۆسێنەری بخەنە بەر ڕەخنەو هەڵوەشاندنەوەو چاکسازیو گۆڕانکاری هەراو بنەڕەتی. لەراستیدا بێزاری جەماوەر، بێزاری لە ڕژێمو هەموو کارگێڕانی سەرەکی ئەم ڕژێمە بوو. گومان نەمابوو کە دەسەڵاتو ڕژێم بۆخۆی توتالیتەرو بکوژو سەرەڕۆو نایاساییە. بەڵام ئەوان نەدەیانویستو نەهەناوی بارگاو بە ئایدیۆلۆژی ڕژێمو ڕاڕاییو لەرزۆکیو پێگەی کۆمەڵایەتیان ڕێگای ئەدا کە کارێکی وابکەن. هەرچەندە هەرلەم بارەدا دۆسیەی خۆشیان زۆر پاک نییەو کارەساتی کووی زانکۆو گرتنو کوشتنی خوێندکارانو ملهوڕی هێزی پۆلیسو کوێخا کردەیی ناوەندی دادوەری لەمەڕ ئەم بابەتەوە ئەو خاڵە تاریکو ڕەشانەن کە دەخوازێ ڕامانیان لەسەر بکرێ .

ڕووداوی ڕۆژی سێهەمی رەشەمەی سنەو کوردستانو ئەو هەموو گرتنو کوشتنو پێشێلکاریانەی کە کران هەر لەو خاڵانەن کە لە ئەستۆی ئەو ڕەوتەدا قورسایی دەکەن .

هەرجۆربێت ئەم باڵە لە قەیراناویترین چرکەساتو کاتی ئێرانو دەسەڵاتدا دەوڵەتی گرتەدەستو بە دروشمە ڕەنگاڵەکانیەوە هاتە گۆڕەپانی سیاسەتی وڵاتەوە. کەشو دۆخی بەسراوو کونبڕکراوی چەندینو چەند ساڵەو بێبەشکردنو سەرکوتانەوەو ناکام کردنی جەماوەر لە کەمترینو بچووکترین مافو ئازادیو سەربەستی لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، وە هەروەها چۆڵبوونی گۆڕەپانی ڕامیاریی وڵات لە هەر جۆرە ئۆپۆزیسیۆنێکی بنکە فراوانی جەماوەریی بە گلاڵەو ئەوپەڕی ناڕەزایەتی بووە هۆی ئەوەی کە ئەم ڕەوتە جڵەوی دەسەڵاتی بۆ دەستەبەر بێتو تاڕادەیەک بە ئاسانی بەدەستی بێنێ .

لە کردەو هەڵوێستی هەشت ساڵەی ئەم باڵەدا تاڕادەیەک دەردەکەوێت کە ڕەوتی ناوبراو پێی وابوو جەماوەرو گەلانی ئێران هەموو بۆچوونو متمانەو هۆشیاری خۆیان سپاردۆتە ئەوان. ئەو ڕێگاو ڕەوشو میکانیزمانەی کەئەوان قاوی دەدەنو دەیانەوێ بۆ دەستەبەر کردنی ویستو داخوازیەکانی خەڵک

دەکاری دەکەن، بە تەواوی پەسەندی ئاپوورەی خەڵکەو دەرگای دەسەڵاتو پەسەندییەتی درێژخایەنو سەرکەوتنی هەمیشەی بۆیان والآیە. هەر ئەم وەهمە بوو کە پەسەندی ڕێژەیی سەرەتای دەسەڵاتی لەم ڕەوتە سەندەوە. قەیرانی ئابووریو نەبوونی ئازادیو سەرکوتانەوەی ڕامیارو هەموو لایەنەو هەرەسی فیکریو مەعریفی ڕژێمو قەڵسی تەواوی جەماوەرو نەبوونی ئاڵتەرناتیڤێکیتر ئەو خۆکارانە بوون کە ڕێگای گەشتنە دەسەڵاتیان بۆ ڕەوتی ڕیفۆرم هەموارکرد .

هەرچەندە ئەم ڕەوتە لەبەر ئەوەو لە ڕاستیدا خۆی خاوەنی گەڵاڵەو پرۆژەو ستراتیژی دیارو پەیڕەوکراو نەبوو بۆ گۆڕانکاریو چاکسازیو ڕیفۆرم. هەموو پتانسیڵو توانای خۆشی تەرخانی چاکسازییەکی یەکجار بەرتەسکو ڕێژەیی سیاسی کردبوو، ئەویش تەنیا لە بواری ئاخاوتنو وتەبێژی بێکارو کردەو بێ قووڵبوونەوەی پێویستو سازدانی کەشێکی سیاسی کراوەو دەستەبەرکردنی میکانیزمی گونجاوی یاسایی

بۆکاری ڕامیاری. کردەیەکی کراوەو بەر فراوانی وا کە هاوبەشی هێزو لایەنو ڕەوتە سیاسیەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگاو ڕەخنەگرانی شێلگیرو ڕادیکاڵ دەستەبەر بکات.

هاوبەشیەک کە هێزە کۆمەڵایەتیو رامیاریو کلتووریەکانی بەڕاستی خوازیاری ڕیفۆرمو گۆڕان بە ئاخێزگەی فیکری جیا لە ئاخێزگەی ڕژێمو دەسەڵاتەوە تیادا کارابن. ئەم ڕەوتە لە بنەڕەتەوە قایل بە ئۆپۆزیسیۆنو گوتاری جیای سیاسیو ئایدیۆلۆژی جیابیری کردەکراو نەبوو. گەورەترین گرفتو خەساری ئەم بزاوتە ئەوەبوو کە سەرکردایەتی ڕەوتو کادیرە سەرینەکانی بەکردەوەو ئاکار نەیانتوانی ئاخێزگەی هزریو ئەندێشەی گشتی ڕژێم جێبێڵن. ڕوونو ڕاشکاو نەیاندەزانی چی بکەنو چ داهێنانێ بکەن، لەبری ڕیفۆرم سەرقاڵی چاکردنەوەو میکیاجی ئایدیۆلۆژی ڕژێمو سیمای قوپاوی ئیسلامی سیاسیو ئەزموونکراو بوون. ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە بەشی بەرینی ئەوانەی کە بەناچاری ترنجابوونە بەری ئەوانەوە

دەیانویست هەموو ناکارایی‌و کۆنی‌و بێتوانایی ئەو ئەندێشەو ئاخێزگەو کۆی میکانیزمەکانی ڕوون ڕاشکاو لە ژیانی سیاسی بخەنە دەرەوە. ڕیفۆرمێکی مەدەنیانەو بنەڕەتی‌و دوور لە توندوتیژی‌و زەبروزەنگ بکەن‌و لەم ڕێگایەوە کۆمەڵ لەقەیران دەربازکەن .

سەرئەنجام لیکترازان‌و هەڵوەشانەوەی بەرەی ڕیفۆرمخوازی بووە واقعیەتی ئاشکراو زۆرینەی هەرە زۆری هێزو لایەن‌و جەماوەری ناڕازی تەکینەوەو بەمجۆرە ڕیفۆرمخوازی دەوڵەتی‌و ناوڕژێمی‌و دەسەڵاتی هەرەسی هێناو کۆتایی هات، دوای ئەم هەرەسەو لە واقیعدا قۆناغی نوێ‌و بنەڕەتی‌و ڕاستەقینەی ڕیفۆرم‌و چاکسازی لە چرکەساتی ئاوابوونی چاکسازی دەسەڵاتەوە دەستی پێکردو کەوتە بزاوت.

سەرهەڵدان‌و تۆکمە بوونی پۆپۆلیزمی ئەحمەدی نەژاد

هێزە بنەماخوازو توندڕەو و میلیتاریستەکانی هەناوی کۆماری ئیسلامی ئێران کە بناغەو___کۆڵەکە

سەرەکیەکانی ئەم دەسەڵاتە پێکدەهێنن، هەر لەسەرەتای ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانەوەو جڵەوداری دەسەڵات لە دەست کۆماری ئیسلامیدا مەشقی سەرکوتکاریو داپڵۆسینو کوشتنو تۆقاندنیان تەواو کردبوو. لەپرۆسەیەکی درێژخایەنی تەواوی ڕاوکردنی جیابیرانو دیلکردنی ئەندێشەو ئازادیدا قاڵبووبوون. سەربازخانەکانی فێرکاری سەربازی ئیمانیان نابووە پشت سەرو ئامادە بوون. ئەمانە بەشێوەیەکی تۆکمەو جێکەوتوو جێ پێو دەستی خۆیانیان لە ئابووری وڵاتدا زامنکردبوو. ئەم هێزە میلیتارستیو بەئابووری زاڵە، لەمێژ بوو کە لە هەموو یەکەکانی دەسەڵات لەئێراندا ڕەخنەی کردبوو کە هیچ، بەڵکوو بێ ئەو ڕازیکردنی هیچ کارو پرۆژەیەک نەدەکراو نەدەچووە پێشەوە .

لەماوەی دەسەڵاتی ڕیفۆرمخوازانداو بەدرێژی کشانەوەی هێڵی ڕیفۆرم لە خواستو دروشمو داوا جەماوەریەکانی خۆی، هاوڕێ لەگەڵ تەنک بوونی پێگەی جەماوەریی ئەم ڕەوتەو دابەش بوونو

لیکترازانو لەت بوونی، ڕەوتی ڕاستی بنەماخوازی تا دندان چەکدارو بە پوول سەرقالی تۆکمە کردنی خۆیو دارشتنی گەلاڵەی بوو بۆ بەدەستەوە گرتنەوەی جڵەوی دەوڵەتو بووژانەوەی زبرترینو سەرکوتکارترین هێزی کۆنە پەرست .

ئەم هێزە هەر وەک هەناوی خۆی کە هەناوێکی لێڵو نادیارو ئاڵۆزو ڕاڕاو شپرزەیە لە دیاریکردنی ئاسۆی سیاسەتو ئەندێشەشدا شپرزەو کوێرو لێڵە، کەم ناسراوو چەندلایەنەو ئاڵۆزو پڕمەترسیە، هەر بەم پێیەش ڕووبەرەکانی کۆمەڵگای دوچاری ئەم گرفتو خەسارانەکرد. ئەم ڕەوتە چونکە توانیبووی دەست بە سەر هەموو ناوەندو ڕەگەکانی ئابووریدا بگرێتو بازاڕی نەریتی یاری دێرینی خۆی لەگەڵ خۆی هاوڕێ کات تا ڕادەیەک بە سانایی توانی بەگژ دەسەلاتی سیاسیدا بچێتەوە. بەرزکردنەوەی دروشمە نۆستالۆژیکەکانو چەمەری گێڕی بۆ هە ژارانو پرسەخوێنی لەسەر نەریتو بەهاو باوەڕە کلتووریەکانی ئاپوورەی جەماوەر تا ڕادەیەکی باش

توانی ئەم لایەنە کۆمەڵایەتیانە لە خۆی نزیک کاتەوە

.

دەزانین کە چینی نێوەندیی گێژو ماندوو هیوابڕاو لە ڕیفۆرمو بە ئاوات نەگەیشتوو هەڵخلیسکاو بووە پێگەیەک بۆ ئەم دروشمە نۆستالۆژیکو چەمەری گێڕییە. دروشمە پۆپۆلیستیەکانی ئەم سورڕناژەنانەی نەریتو کۆنەخوازی توانی بەشێ لەئاپوورە ڕاکێشێ، ئەوە دیارە کە ئەمڕۆ ئەوەی چینی نێوەندییە ئەو فریوەی خۆی بە مەخابن قەرەبوو دەکاتەوە. پێویستە ئەو ڕاستییە فامکەین کە ئەگەر بارودۆخو هەلومەرجێکی وا شکاو هیوابڕاو ناکاراو بێ ئەنجام لەگۆڕێدا نەبوایە هەرگیز کۆماری ئیسلامیو هێزە توتالیتەرەکانی نەیاندەتوانی پرۆژەکەیان بەرنە پێشو بەشێ لەم چینە ئاوا فریودەن، هەرچەندە کە هەموو میکانیزمەکانی جڵەوداری دەسەڵاتیشیان بەدەستەوە بوایە. بەواتایەکیتر جەماوەرو ئاپوورەو ئەم چینە ئامادەبوونو هەن کە پارێزگاری لە دەسکەوتەکانو ئازادیو سەرفەرازی خۆیان بکەن .

هەموو ئەو هێزە سەربازیانەی کە بریتی بوون لە پاسدارو بەسیجیو دەزگای هەواڵگیرو ......هتد وە ببوونە کوتەکی سەرکوتانەوەی ئازادیو ئازادیخوازانو هەر جووڵانەوەیەکی کرێکاریو پیشەییو ڕەگەزی لەپەراوێزی ناوەندە ئابووریو فیکریەکانی ئەم ڕەوتە توندو پۆپۆلیستیەوە دەهاتنە دەرەوەو دێن. لە راستیدا ئەمانە بەکرێگیراوی پۆپۆلیزمو مەیلی فاشیزمی ئەم پۆپۆلیزمەن بۆ یەک لاکردنەوەی خۆی لەگەڵ کۆمەڵو کۆمەڵگا.

ئاوڕدانەوەیەک لە دروشمی میهرەبانی خوازی ئەحمەدی نەژادو ڕاکێشانی داهاتی نەوت بۆ سەر سفرەی نەدارانو دابەشکردنی بەشەکانی دادپەروەری (سهام عدالت) هەرهەموو بەڕوونیو ڕاشکاوی کورۆکی پۆپۆلیزم بوونی ئەم ڕەوتو فیکرو تراویلکەی ئەندێشەیە دەردەخەنو ڕوون دەکەنەوە. یەک لەتایبەتمەندییە دیارو بەرچاوەکانی پۆپۆلیزم ملقی شۆڕشگێڕیيە لە ساتەوەختە قەیراناویەکاندا، کە بۆ دەستەبەر کردنی پشتیوانی ئاپوورەی مەردمە.

هەرچەندە لە کرداردا هیچی بۆ ناکرێت، هەرچەند خۆی بە چاکسازبزانیو بناسێنێ چونکە بێ تواناو پرۆژەو ئاسۆیەکی ڕوونە. پۆپۆلیزم بەپێچەوانەی حیزبو ڕێکخراوو بزووتنەوە سیاسیەکان کە پرۆسەیەک دەبڕن لەکارو دەرکەوتنی کۆمەڵایەتیو هێنانە گۆڕی بەرنامەو هەوڵدان بۆ تەبلیغو جێگیرکردنیو بوونی پێگەو جێگەیەکی دیاری کۆمەڵایەتی، خاوەنی ئاوەها ڕەوتو ئاوەزو پێگەیەکی کۆمەڵایەتی نییەو هەڵگری باوەڕو سۆزی قاوگرو دەنگۆسازە.

پۆپۆلیزم هێندە ئاڵۆزو تێکڵاوو پاتبووەوەیە کە ئایزابەرلین لەبارەیەوە ئاوەها دەڵێو وەک ئاڵۆزی (سیندرێلایی) پێناسەی دەکاتو دەڵێ : بەدوای قاڵبێکی گونجاوەوەین بۆپێڵاوەکانی پۆپۆلیزم، پێگەلێ دەدۆزینەوە کە بەڕواڵەتو ئاسایی بەئەندازەی ئەون، بەڵام دیسانەوە بەدوای پێی ڕاستەقینەکاندا دەگەڕێین کە بتوانن نموونەی ڕاستەقینەی پۆپۆلیزم بن (.

لە پێناسەکردنو ناساندنی پۆپۆلیزمدا زۆر سیفەتو تایبەتمەندی ڕیزبەندکراون کە دەتوانن تاڕادەیەک بمانگەیننە سیماو ڕەفتارو ناوەرۆکی ئەم دیاردەیە.

کاردانەوەی توندو زبرو خێرای لە بەرامبەر قەیرانەکانداو تەنانەت لە هەست کردن بە هاتنو ڕوودانی ئەم قەیرانانە یەکێ لەو تایبەتمەندیانەیە. ئەم خاڵە لەدوو ڕووبەرەوە دەتوانێ یارمەتیمان بدات بۆناسینو فامکردنی پۆپۆلیزم، لە هەمانکاتدا یەقین کردنی ڕێژەی بەوەی کە ئەم دیاردەیە هەڵگری هیچ پرۆژەیەکی فیکریو مەعریفیو چاکسازی نییە. تا بتوانێ قەیرانەکان چاکسازی بکاتو بەڕێوەبەرایەتیان بکات.

پۆپۆلیزم بەتوندی دژە ڕووناکبیرو سەرتەڵەو ئەم دژایەتیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕووناکبیر هەڵگری زۆر سیفەتی کۆمەڵایەتیو بەڕێوەبەریو ئەندێشەیە کە هیچکامیان لەگەڵ پۆپۆلیزمو ئاتمۆسفڕی ئەندێشەو ئاوەزی بێ ئەندێشەو ئاوەزیدا نایەتەوە. لە ئاکامدا وەک دوژمنی خۆی دەیبینێو

پێناسەی دەکات. ڕووبەڕوو بوونەوەی دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد لەگەڵ ڕووناکبیرانی بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا، تاوانبارکردنیان بە سیخوڕیو بێگانە پەرستیو گێرەشێوێنو دژە ئاسایش نموونەی زۆر دیارو بەرچاوی ئەم ڕەوتەن لەگەڵ کۆی رووناکبیرانی بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان لە کۆمەڵگادا.

دوژمنایەتی کردنی شوناسو فرەدەنگیو فرەڕەنگی لە پێناوی یەکدەستی هاو هەویایدایە کە پۆپۆلیزم دەیکاتە ئامانجو مەبەستی خۆی. لەم ڕەوتەدا ناچار کە لەڕووی کردەییەوە ملکەچو مەیلی بەرەو فاشیزم بگرێت. ناچارە بە تەواوی ڕەفتارێکی تەواو فاشیانە لە خۆی نیشان بدات، چونکە دەقاو دەقو ڕاستەو خۆ دەیەوێ کۆمەڵ لە قاڵبی یەکدەنگی بدات. ڕوونە کە ئەم یەکدەنگیە مەرجی یەککردەیی نییە. بۆ ئەم پرۆسەو تەواو بوونی ڕەوتە کە هەموو خاڵەکانی بەستێنی کۆمەڵایەتیو پێگەیە کە تیایدا هەستاوە زەمینە خۆشکەرن .

وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵە پێویستە کە لە ڕوانگەی پۆپۆلیزمەوە کۆمەڵگا لە بنەڕەتدا هاوسازو بێدژایەتییەو دەڵێت هەندێ بەشکاریو جیاوازی نادژو بێ گرفتو هاوساز لە کۆمەڵگادا هەیەو ئامادەیە.

ئەم بۆچوونە بە ڕوونیو راشکاوی دەریدەخات کە سیاسەت ناچینایەتیو ناکۆمەڵایەتییە. کۆمەڵگا خۆی لە ساتەوەختی ئامادەبوونی سروشتیو ئاسای خۆیدا لە کۆیەک کۆمەڵ پێکهاتووە. هەر ئەم بۆچوونەش دەقاو دەق ژێرخانی ئاوەزیو کردەیی فاشیزم پێکدەهێنێ. ئەگەر تۆزێ بە وردی لەم بڕگەیە بڕوانین ئەوە دەگەینێ کە:

_1کێشەو کێشمەکێشی سەرەکیو واقیعی لە نێوان کۆمەڵگای نەتەوەییدایە لەگەڵ دنیای دەرەوە بە تایبەتی لەگەڵ هێزە داگیرکەرەکاندا. لە م بارەوە دەبینین کەچۆن کۆماری ئیسلامیو ئەحمەدینەژاد هەموو ئێرانیان کردۆتە سەربازخانەیەکو وادەزانن جیهان چاوی بڕیوەتە ئەم بستە خاکەو دەیەوێ داگیری کات. دەبینین چۆن ڕووبەڕووی دنیا

ڕاوەستاون‌و دژایەتی هەموو شارستانیەت‌و ئازادی‌و دیموکراسی‌و ئاشتی دەکەن.

_2 سوودو بەرژەوەندی کۆمەڵگا تەنیا لە زمان‌و نوێنەرایەتی یەک حیزبەوە دەگونجی‌و دێتە شرۆڤە کردن‌و ڕاڤە. ئەم حیزبە کۆمەڵ‌و کۆمەڵگاو بۆچوون‌و تاکەکان‌و تێکەڵ دەکات‌و هاوسازی‌و هاوسانیان بۆ دەستەبەر دەکات.

هەر ئەم حیزبەش خۆی دەبێتە هۆکارو میکانیزمی بۆ هێنان‌و فراوانکردنی ئازادی‌و گەشەی ئابووری‌و پیشەسازی. دەبینین لە گۆڕەپانی ئەمڕۆی ئێراندا چۆن پۆپۆلیزمی فاشیستی دەسەڵاتدار خێوەتی یەکدەنگی‌و یەکڕەنگی‌و پاوانخوازی خۆی لێهەڵداوەو کەوتووەتە قڵاچۆکردنی هەر هزرو بیرو ئەندێشەو رەنگ‌و سیمایەکی جیاوازو جیابیر.

تەپڵی گەشەی ئابووری‌و سورنای بەدەستهێنانی پیشەسازی پێشکەوتوو وە تەکنۆلۆژیای مۆدێرن‌و ژێرساختەکانی ئابوورییەکی مۆدێرن‌و تۆکمە پات‌و پات دەبێتەوە.

## بەشی چوارو دوابەش

پۆپۆلیزم لە بەرجەستەترین دۆخو پێناسەی خۆیدا بە شێوەیەکی گشتیو تیکڕا ڕەوتو ڕوانگەیەکی ناهاوچەرخە. ئەم دیاردەیە رووی لە ڕابردووەو ئاسۆی هیواو بەدیهاتەکانی خۆی لە کۆندا دەبینێتەوە. لە رووی ئەندێشەو لە رووبەری مەعریفیەوە ئەم دیاردەیە تێکەڵەیەکە لە ناسیونالیزمی رازخواز کە دەیەوێت بەهاو نرخو نموونەکانی ژیان لە کۆنو مێژووی بە خەیاڵ زێڕینی خۆیدا کە لە ڕابردوودا بووە بەرەو ئێستاو ئاقاری هاوچەرخ بێنێتەوەو بگوێزێتەوە.

ئەم ڕازویستیو خەیاڵ بافیو نەتەوەخوازیو گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو کە کۆیەکی بەرچاون لە سیفەتەکانی پۆپۆلیزم زۆرتر لەو شوێنو وڵاتانەدا

سەرهەڵئەدەنو دێنە بوون کە ڕوو لە مودێڕنیزاسیۆنن.

ئاوڕدانەوەیەکی خێرا ئەم ڕاستیەمان بۆ روون دەکاتەوە کە چۆن باڵی ئەحمەدی‌نەژادو ئەو هێزو لایەنە کۆمەڵایەتییانەی کە هاوڕێیەتی ئەم ڕەوتە دەکەن چۆن لە ترسو هەراسی گەشەی کلتووری مۆدێڕنو چرۆکردنی مۆدیڕنیزاسیۆن لەئێراندا پەنایان بردووەتە بەر خورافاتیترینو خەیاڵاویترین باوەڕی دەورانی کوێرەوەریو سەردەمی دەسەڵاتی بێ ڕەقیبی دین.

سەرەڕای ئەمەش دەبینین کە چۆن ئەم ڕەوتە هەوڵ ئەداتو دەخوازێ بەدنەدانی گیانی دەمارگیری ئێرانچێتیو تێکەڵ کردنی ئەم دوو بابەتە قەڵغانێ بۆ پارێزگاری لە ئایدیاو بەهاو ڕازخوازیە ڕماوەکانی خۆی سازبدات .

دەوڵەتی میهربانی فەرمانڕان چۆن تۆشەرەی سواڵی گرتووە بەدەستەوەو کەوتووەتە سواڵکردنی فەڕو بەزەیی ئێرانچێتی دەمارگرژو فرەخوازو دەسەڵات

ویست. دەیەوێت لەم کوێرە ڕێگاوە وەرێکەوێتو بە دنەدانو هەڵخلیسکانی سۆزی جەماوەر بەرەو کوورەی شەڕو فرەخوازی خۆی ڕاکێشیان بکات .

پۆپۆلیزم چونکە هەمیشەو هەمووکات دژایەتی ویستو دوژمن تراشە بێپسانەوە لە دڵەڕاوکێو ترسو گومانو تاوان سازکردنو گرفتو گێژاو قەیران نانەوەدایە. وا نیشان دەدات کە هەموو بوونو کلتوورو سەرمایەی وڵاتو بەهاو نرخ ڕەفتارو نموونە باوەڕییەکانی کۆمەڵ لە مەترسیدان. بێ ئیستو وەسان دوژمنو دوژمنی خەیاڵی دەیانەوێ ئەمانە لە ناوبەرن. لە کرۆکی خۆیان خاڵیان کەنەوەو لەئاکامدا ناچارەو بۆ پارێزگاری ئەمانە دەبێ میکانیزمی داپڵۆسینو کوشتن بەکاربێنێو بیکاتە گۆپاڵی دەستیو پەلاماری هەموو کەسو هەموو لایەک بدات.

کۆمەڵو کۆمەڵگایەکی یەکڕەنگو یەکدەستو یەکئاسۆگەو یەکگوتار کۆمەڵگای ئیدەئالو خوازراوی پۆپۆلیزمە. روونە کە هەرئەم کۆمەڵگایەش دوا ئاواتی فاشیزمە بۆیە دەکرێ بڵێین کە ئەم دوانە

دوو ڕەوتو دیاردەن کە لە ئاکامدا دەکەونە یەکبازنەو دەگەڕێنەوە سەر یەک ئاخێزگەو یەک سەرچاوەو یەک چارەنووسیان هەیە.

پۆپۆلیزم چونکە جووڵانەوەیەکی ناڕێکو پێکو پێکهاتەیەکی جێگیرو جێکەوتووی نییە پێناسەگەلی جۆراوجۆرو شێواو لەخۆی دەگرێت. هەمیشە گوماناوییەو سەرتاپێی دوو دڵیو شاردنەوەو ڕازویستییە، بەتایبەتی لە سازکردنو پێکهێنانی ناوەندو ڕێکخراوە میلیتاریستییەکانی خۆیدا.

هەر لە بەر ئەم هەناوە نەخۆشو شێواوەیە هەوڵئەدات کە تاکو دوورەپەرێزو پەراوێزی پەیوەندیو کۆمەڵگای جیهانی بێت. ئەم جۆرە پەیوەندییانە بە ئازارو دەستێوەردەر دەزانیو خۆی لێیان دەدزێتەوە بۆیە لە ئاکامدا تەریکخوازی دەبێتە ئامانجو مەبەستی. لە ڕاستیدا ئەم ئاکارەی دەگەڕێتەوە بۆ بێزاری توندو لەڕادەبەدەری لە زانستو زانیاریو تەکنۆلۆژیا. پۆپۆلیزم ئەمانە بە دوژمنی خۆی دەزانێ. دەیەوێت لە تەریکخوازیی خۆیداو لە

خەیاڵو رۆیایدا هەرێمێ سەرتاپا لە نۆستالۆژیا بونیاد بنێت چونکە خۆی تاسەر ئێسقان نۆستالۆژیکو حەسرەت باری ڕابردووەو لەم حەسرەتەدا دەسووتێ.

هەر ئەم سیفەتانەیە وای لێدەکات کە هەندێ جار زۆر بە تۆخیو جارجاریش کەمتر نەژادپەرست بێت.

چاومان لێیەو دەبینین کە چۆن ئەحمەدینەژاد لە نێوان نۆستالۆژیاو ڕەگەزپەرەستیدا کەم ڕەنگو پڕڕەنگ لە هاتوچۆدایەو قەت نەیتوانیوەو ناتوانێ کە بێزاریو تووڕەیی خۆی لە زانستو مۆدێڕنیزاسیۆن بشارێتەوە .

لە ژێر پەردەی ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا چۆن کەوتووەتە قەڵاچۆکردنی هەموو نیشانەو نموونەیەکی ژیانی تازەو مۆدێڕنو ئازادی کەسیو کۆیی. بە ڕاشکاوی ئەم کردارو ئاکارە خۆی دەگەڕێتەوە بۆ خواستی یەکدەنگیو یەکڕەنگی ئەوان لەژێر سەرپۆشی ڕەوشتدا.

فرەڕەنگیو ڕەنگاڵەیی ئازارەو ئەندێشەی پڕلە نۆستالۆژیاو خەست کۆنەپەرستانەی دەوروژێنیو دێنێتە ژان .

گەمارۆدانی هەموو ڕووبەرەکانی ژیانو ژیوارو ئابلۆقەی زانستیو میدیاییو سنووربەندکردنی فیکرو ڕەوشتی تاکی ئێرانیو کۆمەڵگای ئێران هەر لەو ئاخێزگە فیکریو ترس لە دۆڕاندنەوە دێت کە دەوڵەتو دەسەڵاتی فاشیستو پۆپۆلیستی ئەمڕۆی ئێران لە خۆیو کلتوورو ئایدیۆلۆژییە هەرەس هێناو کۆنە پەرستانەکەی هەیەتی.

بە لووتکە کردنو دروستکردنی سەرکردەو پێشەوایەکی نموونە کە بەئاسانیو سادە کۆمەڵو کۆمەڵگا لە هەرجۆرە ناوەندو پێکهاتەو ڕێکخراوەیەکی ئەمڕۆیانەی ڕامیاری بۆ ژیان دوور کاتەوەو هەرچی زۆرترو زۆرتر بتوانێ بە سانایی پەیوەندی کۆمەڵو کۆمەڵگاو فەرمانڕانانو فەرمان بەسەر ڕانراودا پێناسە بکات هەویای پۆپۆلیزمو فاشیزمە.

به کورتیو ساکار خۆپێچانەوە لە پێشەوایەکی کاریزماداو بوونو ژیان بەخشین بە دەست ئەم پێشەوا کاریزما یەکێک لە پێناسەو سیفەتە هەرە گەورەکانیتری پۆپۆلیزمو فاشیزمە. ئەم دوو دیاردە تێدەکۆشن لەم ڕێگەوە دەوڵەتو دەسەڵاتی سیاسی لە سیستەمو هاوچەرخ بوون بێبەشکەنو لە هەموو ناوەندو پێکهاتەو ڕێکخراوەیەکی یاسای دامالْن.

هەر ئەو کارەی کە ئێستا ڕەهبەری ئێرانو بەناو دەوڵەتی ئەحمەدینەژاد دەیکەن. ئەم کاریزماو هەناوی ئەم پرۆسەیە لە خۆیدا ڕەنگی مەزهەبی هەیە. لە ئێراندا زۆرتر شیاوی ڕامانە کە خۆی سەرتاپێی مەزهەبیەو پێشەوای بەزۆر کاریزما کراو هەموو بەهاو باوەڕو ڕەنگەکانی مەزهەبی بە خورافاتیترین شێوە پێوەیە.

هەردوو دیاردەی پۆپۆلیزمو فاشیزم لە بەرامبەر ناوەندو ڕێکخراوەو پێکهاتەکاندا پەنا دەبەنە بەر پێشەوای کاریزماو ئەو کاریزمایە بەرجەستە دەکەنەوە. ئەم دیاردانە ڕاستەوخۆو بێ شاردنەوە

قاودەکەنو دەڵێن کە تاقانە ڕێگای راستو شیاوو هەمواری سیاسی هەرئەوەیە کە کاریزما هەڵی دەبژێرێو پێشنیاری دەکات .

بێ بونیاد بوونو هیچو پووچ بوونی پۆپۆلیزم لە رووی ئاوەزیو هزریەوە هۆکارێکە بۆئەوەی کە زۆر بەسانایی گەورە کردنەوەی کەسیەت قبووڵ بکات ( کیشی شخصیت)و ببێتە یەکێ لە پێناسەکانی. بۆیە زۆربەی هەرە زۆری دیاردەو بزاوتە پۆپۆلیستیەکان سەرکردەو پێشەوایان دەبنە کەسو کەسایەتیە کاریزماکان.

ئاوڕدانەوەیەکی نەزۆر قووڵ لە کارگێڕانو کاربەدەستانی ئێران دەریدەخات کە چۆن باوەڕیان بە هیچ ناوەندو ڕێکخراوەو یاساو ڕێسایەک نییەو کەسایەتی درۆینە سازن. ئایەتولاکان بوونەتە کاریزماو لە سەرو یاساو سیاسەتو کۆمەڵو کۆمەڵگاوە بڕیاردەدەنو ژیانو سیاسەتو بوون لە لایەن ئەمانەوە مانا دەگرێت.

روونه كه دهسهڵاتدارى بهماف‌و ئهقڵانى له كۆمهڵگاى مۆديرندا دهردهكهويت‌و خۆدهنوينێ. لهم جۆره كۆمهڵگايانهدا رهوايى سهركرده به پشتيوانى ياساو ناوهندهكان‌و له پرۆسهى ديموكراسيدا ديته بوون‌و دهستهبهر دهكريت. لهسهر هاودهنگى‌و ههڵبژاردنى گشتى جهماوهر ههڵدهبژيردريت .

بهڵام بهپيچهوانهوه دهسهڵاتى كاريزماو ههروهها به پيچهوانهى دهسهڵاتى نهريتيشهوه كه رهوايى خۆى له نهريت‌و ميژوو دهگريت كاريزما رهوايى خۆى نه له پيكهاتهكان دهگرێ‌و نه لهميژوو، بهڵكوو ههموو دهسهڵات‌و رهوايى خۆى له تايبهتمهندييه كهسهكييهكان دهگريت كه لايهنگرهكانى بۆى دروستدهكهن‌و دهيدهنه پاڵى.

كاريزما بێ ئهوهى لهلايهن پۆپۆليزم‌و فاشيزمهوه هيچ جۆره روونكردنهوهيهك لهسهر تواناو ليهاتوويى‌و شياوى‌و فهزيلهتى بدريت زۆرتر وهك پيشهوايهكى مهزههبى خۆى دهردهخات‌و دهنوينێ. دهڵين وشهى كاريزما له grace گيراوه كه به واتاى ( فهرى

یەزدانە). بە ڕاستی کۆی ئەم تایبەتمەندیو پێناسانە لەسەرەوە بۆخوارەوە هەر هەمووی لەگەڵ مەلاکانی ئێراندا دێنەوەو گونجاونو ئەو ڕەوتەی ئێستای ئەم دەسەڵاتو دەوڵەتە دەگرێتەوە. پۆپۆلیزمی ڕوو لە فاشیستی ئێستا فەرمانڕانی ئێران بەوەشەوە نەوەستاوەو دەستی داوەتە کەسایەتیسازی بۆ سووکترینو بوودەڵەترین سەرکۆماری مێژووی ئەم وڵاتە. دەخوازێ زۆر تایبەتمەندیو پێناسەی وا بۆ ئەم کەسە دروست کات کە تەنیا لە دووتوێی خورافەو کوێرەوەریو نەزانیدا شیاوی بوونو گونجانو بەس.

سەرکردەی کاریزما هەروەک هەناوی پۆپۆلیزم دەخوازێ پەیوەندی ڕاستەوخۆو بێ پەیوەستی دەوێ لە کۆمەڵگاو کۆمەڵ. ئەم پەیوەندیو ویستیە لەپێناوی ئاسانکردنو ڕاپەڕاندنی ئەرکو کاردا نییە. بەڵکوو کاریزما خۆی لەسەروو هەموو یاساو ناوەندەو ڕێکخراوەییەکەوە دەبینێو دەیەوێت بەم جۆرە پەیوەندییە هەموو پێکهاتەو ناوەندو ڕێکخراوەکانی ڕامیاریو کلتووریو یاساییو ژیان لەوڵاتدا ئیفلیج

کات. بۆیە پۆپۆلیزمو کاریزما بە هەموو بوونی خۆیانەوە دژی دروست بوونی ناوەندن. پێکهاتەیەکی خاوەن ڕێکخستنی خاوەن نوێنەرایەتین کە تەعبیر لە بوونو بزاوت ڕوو بە دیموکراسی دەکەن.

دەوڵەتو پێکهاتە ڕێکخراوەیە نوێنەرایەتی خوازەکان بۆخۆیان ئاماژەو پێناسەی نیزامگەلێ دەکەن کە لەهەرێمیاندا ناوەندەکانی دیموکراسی هەیە نیزامە دیموکراتەکان گومان هەڵگر نییە کە لە کۆیەک لە ڕەوتە سەربەخۆکان دروست دەبن. ئەو ڕەوتانەی کە بە شێوەی ئاسایی لە بەرامبەر یەکدا سەر هەڵئەدەنو دروست دەبنو پرۆسەی ڕێکوپێکی هەمیشەیی هەڵبژاردن دەستەبەر دەکەن. ئامادەبوونی پارتەکانو سیاسەتی ئەو پارتانەو هەموو ئەو گفتوگۆو باسانەی کە لە ئاقاری گشتیدا دەیکەن بۆ دروست بوونو سەرهەڵدانی سیاسەت دارشتنە گشتییەکان دێتە گۆڕێ. ئاوەزو هزرو دەکەونە گۆڕینەوەو بەریان دەخوڵقێت. ئامانجو بەرئەنجامە گشتیەکانی ئەم ڕەوتەش دەبێتە

هۆی هەڵبژاردنو دەرکەوتنی ڕەوتێکی گشتیو ڕەوایی پێدراوی کۆمەڵایەتی.

هەموو ئەو ڕەوتە دژی پۆپۆلیزمو فاشیزمە ئەم ڕەوتە ئەو مەترسییە مەرگهێنەیە کە هەموو بوونو دەسەڵاتو باوەڕو ئاخێزگەی فیکرو باوەڕەکانی ئەم دیاردەیانە دەخاتە لێواری مەرگو نەمانەوە. بۆیە نەگونجاوو نەشیاوە کە ئەم دەسەڵاتو رەوتانە بتوانن نیزامی دیموکراسی خاوەن نوێنەرایەتی قبووڵ کەن.

هەرگیز سەلماندنو باوەڕ بە ئەم جۆرە نیزامانە لەلایەن ئەم دوو دیاردەوە جێگای باوەڕ نەبووەو نییە. لەڕاستیدا زۆرێ لە پسپۆڕانی بواری پۆپۆلیزم باوەڕیان وایە کە دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە کاردانەوەیەکە لە بەرامبەر نیزامی رامیاری خاوەن نوێنەرایەتیدا.

ئەم دیاردەیە پڕاوپڕ بۆ دژایەتیو لەباربردنی ئەمجۆرە نیزامانە لەدایک بووەو هاتووەتە بوونەوە.

هەرچەندە کە بەپێی کاتو ساتو شوێنو بڕگە زەمانییەکان پۆپۆلیزم خۆیو فاشیزمی هاوهەناو هاوڕێی هەر لەم جۆرە نیزامانە سوودیان وەرگرتووە بۆ بەدەستەوە گرتنی جڵەوداری دەسەڵات، بەڵام لە چرکەساتی جڵەوداری دەسەڵاتو سەرکەوتنە سەرکورسیان ڕاستەوخۆ کەوتوونەتە وێزەی ئەم دەسەڵاتەو بن کەنیان کردووە.

قەیرانێ کە پۆپۆلیزم دەیخوڵقێنێ قەیرانێ نییە کە ژیانو ژیواری جەماوەری خەڵکی ڕووبەڕووی مەترسی کردووەتەوە. لە ڕاستیدا قەیرانی دایکو ئاخێزگەی پۆپۆلیزمو فاشیزم ساتەوەختی هەستکردنە بە کلۆربوونەوەو بنکەن بوونی کلتووری خورافەو کوێرەوەریو بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری تاکو چرۆکردنی ئەندێشەو فراوان بوونی هزرو سەربەست بوونی مرۆڤ.

ڕاستە کە پۆپۆلیزم دەم دەکاتەوەو قاوو هاواری خەڵکو مەردم دەکات، بەڵام ئەم قاوو هاوارە بۆمەردم هیچ جۆرە قووڵبوونەوەو ناساندنێکی لەگەڵدا نییەو

نەبووە. پۆپۆلیزم بۆ فریوی جەماوەرو خەڵکو لەبەر بێ باوەڕی بە خەڵکە کە قاوەقاوی خەڵک دەکاتو دەیەوی لەم ڕێگەیەوە سەرتەڵانو نوخبەکانی خەڵک قەڵاچۆو بنبڕ بکات.

پۆپۆلیزم ئەگەر باوەڕی بە خەڵک ببوایە لەو قاوەوە نەدەگەیشتە تیرۆرو تۆقاندنو پاشان بە کۆمەڵو ڕەشەکوژی جەماوەر. هەر ئەو ڕەفتارەی کە ئێستە دەسەڵاتدارانی ئێران بە جەماوەری گەلانی ئێرانی دەکەن.

بە ڕوونیو وردی هەموو پێناسەو تایبەتمەندیو سیفەتەکانی هەر دوو دیاردەی پۆپۆلیزمو فاشیزم لە کردەو کارو هەناوی فەرمانڕانانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دیارەو خۆیان دەنوێنن. بۆیە دەخوازێ بۆ خوێندنەوەی ئەم دەزگا فاشیستو داپڵۆسێنەرو میلیتاریستەو ئاوڕدانەوە لەم چەمکانە پێویستو هەنووکەین نەک تواناو مانۆڤری مەلاکان.

ناسینو لێکدانەوەی هەموو ئەو ناوەندو دەزگاو کۆمپانیانە کە بوونە هەوێنی لە دایک بوونی ئەم

ڕەوتە ئەرکی هەنووکەیی هەموو هێزو لایەنو ڕەوتە ئازادیخوازو دیموکراتەکانی وڵاتە.

هیوادارم ئەم باسە توانیبێتیو دەرگایەکی باشو جێگای باوەڕی کردبێتەوە بۆ ناسینو فامکردنو زیاتر تێگەشتنی دەسەڵاتدارانی فاشیستی ئەمڕۆی ئێرانو هەموو ئەو میکانیزمو ئاخێزگانەی کە بوونەتە هۆی دەرکەوتنی ئەم رەوتو ڕەوەندە.

هیوام وایە لەدەرفتو ساتەوەختێکی دیکەدا بەوردیو میتۆدیک هەموو گرێکانو خاڵەکانی لاوازیو هەڵوەشانەوەی ئەم دیاردە رامیاریە بخەمە بەرباس.

سەرچاوەکان

__1سایت دینو اقتصاد

__ 2کتاب مخصوص اقتصاد ازاد همان منبع

__3قاچاق مشروبات الکلیو زورگیری سپاه _ میتال شوب _ساندی تلگراف _ 19 اوت

__4گران دانيل 1904 _ 1988 _ فاشيسمو بنگاهای كلان اقتصادی. ترجمه رچا مرادی اسپيلی

__5تاگارت پل / پوپوليسم / 1381 /ترجمه حسن مرتچوی / تهران اشيان

]

كۆمەڵە دوێنیو ئەمڕۆو سبەی

<u>شيروان كرماشانی</u>

لەو چرکەساتەوە کە گورباچۆف دوو دەستەواژەی گلاستنۆستو پرۆستریکای درکاندو جیهانیانی بەم وشانە ئاشنا کرد، سەرەتای رەوتو رەوەندی چەرخو دنیایەکی تازە خۆی دەرخستو بە گرێبەست لەگەڵ هەموو هۆکارو فاکتەرەکانیتری کلتووریو ئابووریو رامیاری تاپۆی دەورانێکی نوێ لە ژیانی مۆدێرندا نەخشا. بۆیە بە تۆزێ نەترسانو راشکاوییەوە دەتوانین ئەم چاخە بە چاخی ئەو بزانینو هەرچیبێتو هەر جۆر سەیری کەین شقڵی گورباچۆفی پێوەدیارەبێ. بە دوای ئەمەشا ناتوانین ئەو راستییە زەقە لەبیر کەین کە باڵی توندو بنەماخوازی ئیسلامی سیاسی ویستوویەتیو دەیەوێ خۆی بکاتە هاوبەشو یەکێ لە فاکتۆرەکانی هەموو گۆڕانکارییو دیاردەو بەرئەنجامەکانی ئەم چاخەو ئەو رەوتەی کە زاڵەو دەڕوات کەخۆی پێناسەکاتو سنوورو تایبەتمەندییەکانی خۆی دیاری بکات. روونە کە ئیسلامی سیاسی بە هەموو باڵو لایەنو بۆچوونەکانیەوە دەخوازێ ئەم دۆخە بکاتە بەستێنی گەشەو تەشەنەکردنی خۆیو گەراخستنی هەرەسهێنانو

دارِمانی وڵاتە سۆسیالیستەکانی ئوردووگای رۆژهەڵات کە وەک زنجیرەیەک رووداوی نەپساوەو لەرزانەوەیەکی لە برِان نەهاتوو دوا دەسەڵاتو بوونیانی قووتدا. هاوکات هەموو وردەلایەنو دەوڵەتە بە ناو سۆسیالیستیو ناتەباو بگرە دژ لەگەڵ ئوردووگای سۆسیالیستی ئەو کاتیشی هەڵلووشی کەپرسیارێکی گرنگو بنەرِەتیو تا ئێستا بێوەڵامی خوڵقان لەسەر پاکی سۆسیالیزمی رووسیو ئوردووگای رۆژهەڵاتیو هەموو مانگە چکۆلەکانی پەراوێزی ئەم دەسەڵاتە جیهانییە، هەرچەندە کە بە هۆی بوونی ئەوەوە دەیان هەلو دەرفەتی مانەوەیان بۆ رەخسا بوو، بەڵام وەک برِیارو دروشم دژایەتیان دەکرد.

هەرچەندە لە رواڵەتبەندی ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسیدا (فراماسیون) هەر لاسایی ئەو مۆدیلەیان دەکردەوەو خۆیان نەیانتوانی نموونەیەکیتر پێشنیارکەن .

**ئەو پرسانەی کە دەپرسن: ئایا شۆڕشی سوسیالیستی لە تاکەیەک وڵاتو دابڕاو لە زنجیری جیهانی سەرمایە رەوابوو؟ ئایا ئەو هەوڵانەی کە بۆ داڕشتنی ئاوەزیو پۆلێنی مەعریفی ئەو شۆڕشە دران لە رەوتی مێژووی خۆیاندا توانیان راستیو رەوایی خۆیان بسەلمێننو کارابن یا نەزۆک بوونو بە پشتا کەوتنەوە؟**

**هەڵخڕاندنی شۆڕشی کرێکاری لە وڵاتێکی دواکەوتووی سەرتاپا کشتوکاڵی ناپیشەییو نامۆدێڕندا کە تا بن دندان غەرقەلە پەیوەندییە دواکەتو نەریتییەکاندا رەوا بوو؟**

**ئایا هۆکانی خوڵقانی شۆڕشی سوسیالیستی بە شێوەیەکی روونو تیۆریو بە خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسانەی مارکسی بەڕاستی لەو کۆمەڵگایەدا ئامادەبوون؟**

**دروستکردنی پارتێکی ئاسنین وەک پارتی نوێی کرێکارانی رووسیە لەسەر بونیادی فیکری پارتو چینەکەی لینین دروست بوو، ئەو میکانیزمە بە هێزو توانایە بوو کە بۆ سەرکردایەتیو گردو کۆکردنەوەی**

چەوساوانو کرێکارانو بزاوت بەرەو کۆمەڵگای سوسیالیستی رەچاو دەکرا یان دابڕانی ئەندێشەیەکی کۆمەلایەتی تۆکمە بوو لەژیانی کۆمەلایەتیو تەریککردنەوەی بوو بۆ ژوورەکانی بورژکراسیو لەدایکبوونی توێژێکی دەسەلاتخوازو دەسەلاتسالاری مشەخۆر کە بەرئەنجامی هەرەس بوو؟

بە راستیو بێ ترسو دڵەڕاوکێو دوور لەوەی وەک سەربازی ئیمانی بێ گفتوگۆ دەرگاکانی مێشک داخەین. خەباتی حەفتاو چەند ساڵەی ئەم پارتە نوێیە بۆ لەناوبردنی چینەکانو راگەیاندنی شەڕی چینایەتی لەکۆمەڵگای رووسیدا سەرکەوتوو بوو و چەندە توانی مەبەستەکانی خۆی بپێکێتو هەوڵی وەدیهاتنی کۆمەڵگایەکی بێ چین بداتو سەرکەوتووبێ؟

بۆ دابینکردنی ئەم مەبەستە چەندە هەزینەی مرۆیی کراو چەند ملیۆن مرۆڤ بوونە قوربانی ئەم ئاوەزە بە ناوی سۆسیالیزمەوە؟ سوسیالیزمێ کە خۆی لە سەر بنەمای مرۆڤ خوڵقاوە. بە گەواهی دەقە کلاسیکەکانی مارکسو ئەنگلس هیچ هۆکارو فاکتەرو ئاوەزێ مافی

ڕێگاگرتنی له ناسین‌و ئه‌زموون‌و ئاوه‌زی سه‌ربه‌ستی مرۆڤی نییه‌و له بواری کلتووریدا سۆسیالیزم جگه ئه‌مه شتێکی تر نییه.

هێزی بێ سنووری سه‌ربازیی‌و پیشه‌سازی تا ئه‌وپه‌ڕی مۆدێرن‌و پێشکه‌وتی ته‌کنۆلۆژیایی‌و ئابووری زلهێزێکی گومان هه‌ڵنه‌گر چه‌نده توانیان ره‌وت‌و ڕه‌وه‌ندی سوسیالیزم گه‌شه بده‌ن‌و به‌ره‌و ئاسۆی مرۆڤایه‌تی به‌رن‌و بیکه‌نه تاقانه ڕێگای دادوه‌ری کۆمه‌ڵایه‌تی‌و ئازادی یان یه‌کێ له شاڕێکانی دادوه‌ری‌و ئازادی، ئازادی بێ دادوه‌ری خه‌یاڵی ره‌هایه‌و دادوه‌ری بێ ئازادی خه‌یاڵی پاوه‌نکراو.

قوربانیکردنی ده‌یان‌و زیاتر له ده‌یان بزووتنه‌وه‌ی ئازادیخوازی نه‌ته‌وه‌یی‌و ژنان‌و لاوان‌و خوێندکاری به ناوی کۆنه‌په‌رست‌و وه‌ستان له‌به‌رامبه‌ر ئاوات‌و ئاره‌زووی جیهانی سوسیالیزمدا چۆن چاره‌سه‌ر ده‌کرێن‌و ئه‌نجامه‌کانی به‌ره‌وکوێ‌و کام لا شکاونه‌ته‌وه؟

دابڕینی کۆیه‌کی زۆر له بزووتنه‌وه نه‌ته‌وه‌ییه ئازادیخوازه شۆڕشگێڕه‌کان که به‌ڕاستی بزووتنه‌وه‌ی

ڕەوای گەلانی چەوساوە بوون بە بیانووی خزمەت بە لانکەی سوسیالیزم‌و سوسیالیزمی بەڕاستی ئامادە، ئاخۆ چەندە هەزینەی خستۆتە ئەستۆی ئەو ئاوەزو ئەندێشەیەو ئەو خەباتکارانەی کە بەڕاستی‌و بە تێگەشتنێکی ڕەواو مرۆیانەوە لە سوسیالیزم هەوڵی وەدیهاتنی ئەدەن؟

چۆن ئەم بەریانە لە یادی مێژووی ئەو گەل‌و شۆڕش‌و کەسانە پاک دەکرێنەوە؟

پێنان لە فرەچەشنی‌و فرەکلتووری‌و فرەبیری‌و زۆر ئاوەزی‌و حەتمیەت‌و موتڵەق بەخشین بە یەک باوەڕو یەک بۆچوون‌و یەک سیستەم، چەندە واقعییەو چەندە ئەم باوەڕە دەسەلمێنێ کە ئوستوورەو ئوستوورەسازی هێشتا ڕاستییەکی بەرچاوی دنیای مۆدێرنە.

مرۆڤی مۆدێرن ئەوەیەکە لەم باوەڕە تێپەریبێت‌و پێی نابێتە قۆناغی ڕەهایی خۆ هۆشیاری‌و کلتووری بەڕاستی ڕەوشەنگەرییەوە.

**هەموو ئەمانەو دەیانو سەدان پرسیتری بێ وەڵام کە ختووکەی ئەندێشەو ئاوەزی هەموو ئەوانە ئەدات کە تەمەنیان لەپێناوی وەدیهاتنی ئاوەها بۆچوونو روانگەیەکدا قوربانی کردووە، یا بەشێکی زۆری بوونو تەمەنیان لەو پێناوەدا بەختکردووەو لەشەریفترینو بە ویژدانترین مرۆڤەکانو لەسەداقەتو شەرافتو رستگۆییاندا گومان نییە ئەوانەن، کە دەخوازن تا بە وردیو قووڵیو راشکاویو هۆشیاری ئەم مێژووە بخوێنرێتەوەو رەخنەکاری بکرێتو دلێرانە هەموو هەڵەو نوشستو ناکامییەکانی قبووڵ بکرێت .**

**خواستی گۆڕان کە پەیوەستی ئەقڵانییەتی رادیکاڵە گوڕ بگرێتو دوور لەپاساو بە ئیرادەی گۆڕانەوە کە بونیادی هزری مارکسە هەموو هەڵەکان بسەلمێنرێن .**

**بیریارانو بیرداڕێژانی ئەم جیهانە مەعریفیە بۆ لە نەریتی ئاوەزی خۆیانەوە نایەنە دەنگو توێژکاری وردی ئەم رمانەی جیهان بکەنو روو لەدنیای دروست نەکراوو دنیای دیترانێ کە وێرانیان کرد، ئاوڕدەنەوە. ئەم پرۆسەیە لەو رووەوە پێویستو بەرچاوە کە**

**هێشتا بەشێکی زۆر لەجیهانی نا مۆدێڕن بە خەستیو بەشێکی بەرچاوی جیهانی مۆدێڕن بە پارێزو لۆژیکی گونجاوەوە خۆیان بە رووی ئەم ئاسۆگە هزرییە دەکوتن.**

**مەبەست ئەوە نییە کە دادوەری کۆمەڵایەتیو دەستەبەرکردنی ئازادی مرۆڤ کەوتووتە پەراوێزەوەو هێزە کۆمەڵایەتییەکانی هەڵگری ئەم باوەڕانە لە نوشوستیکی بێ هەستانەوەدا داماون ئاوەزو مەعریفەی چەپ لەهەناوی ئەم بەها بەرزانە نییە، بە پێچەوانەوە هەر دوو لایەنی پرۆسەکە ئامادەنو گرفت لە رۆمانتیککردنو بە نۆستالۆژیا کردنی ئەم ئاوەزە دایە،بۆ دەستەبەرکردنی ئەو بەها بەرزە مرۆییانە. لە مەیدانی کارو کردەوەدا ئەمرۆ ئاوەزی رۆمانتیکو هەناسەی نۆستالۆژیک، بوونەتە میکانیزمەکانی بەئەنجام گەیاندنی کرداری زانستیو میتۆدی رەخنەو خوێندنەوە. نامەوێ بڵێم کە ئەندێشەی چەپ یا ئاوەزو نەریتی مارکسی نەخراوەتە بەرخوێندنەوە. ئەو راستیە روونو ئاشکرایە کە ئەم نەریتە ئەوەندەی**

لەلایەن بیرمەندانو بیریارانی ناو هەناوی مارکسیزم خۆیەوە خوێنراوەتەوەو رەخنەکاری کراوە، نیو هێندە لەلایەن نەیارانی ئەم ئەندێشەیەوە رەخنەکاری نەکراوە. بەڵام بەریانی زاڵی رامیاریو رەوتی تاک رەهەندی دەسەڵاتخوازی ئەمڕۆکە تەنیا چەمکی رامیاریو قۆزتنەوەی دەسەڵاتی لەم نەریتە مەعریفییە کردۆتە مەکۆی سەرنجی خۆی چەندە ئاوڕی لەم خوێندنەوانە داوەتەوەو رەچاوی کردوون، جێگەی پرسو رامانە. ئەگەر جەفا بە هەموو لایەنەکان نەبێ، دەتوانین بڵێین کە تێکڕای ئەو هێزە رامیارییانەی کە تەنیا چەمکو لایەنی رامیاری ئەم فەلسەفەیان گرتووە، بێگوێدانە رەخنەکانو بە لەبەرچاو نەگرتنی هەموو ئەو خوێندنەوە قووڵانەی کە لە چەمکو لایەنەکانی تری ئەم بیرە کراون، راستەوخۆ پەلاماری چڵەپۆپەی دەسەڵاتیانداوەو ئەوەی جەفاو جەور بێت دەرهەق بیرمەندانی رەخنەکارو رەخنەگر کردوویانە. پاوەنو قۆرخکردنی فەلسەفەیەکی تۆکمەو کۆمەڵایەتی وەک مارکسیزم کە لە سەر بونیادی گۆڕانو گۆڕینی جیهان کار دەکاتو نەپساوە مەکۆی سەرنجی گۆڕانە،

**بۆ ڕێکخراوەیەکی رامیاریو پارتێکی پۆلێنو پاوەنکردنی ئەم پارتەش بۆ کۆتەڵێکی سکتاریستو لە باشترین دۆخدا رەوتێکی تەریکی دابڕاو لە واقیعو راستیەکانی کۆمەڵو کۆمەڵگاو سنووربەندکردنی هەموو بڕیارو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی. ئەو خەسارە بڕستبڕانەن کە تا دوا یەکەکانی بوونی ئەو فەلسەفەیە سیخناخن لە بەئیمانکردنی ئەم نەریتە ئاوەزییەو خۆکردنە سەربازی بێ پرسو گومانو لە بەرچاو نەگرتنی هەموو فاکتەرەکانیتری واقیعو کۆمەڵو دەوران. بە ئەفسانەو ئوستوورە کردنی فەلسەفەیەکی بگۆڕ کە بەردەوام لە بزاوتایەو لە سەر گۆڕانو گۆڕان دەبزوێتو هەموو ئەرکو ئەگەرو بەرپرسایەتیەکانی فەلسەفەی کلاسیک لادەنێو لە زنجیرە وەسفییەکان وازدێنێو لەبری دارشتنی جیهانو بوون لە پێکهاتەیەکی وەسفیدا. بێ پسانەوە میکانیزمەکانی گۆڕان ئەدۆزێتەوەو لە ئاخێزەوە تا بێ کۆتایی هەر بە دووی گۆڕانەوەیە. قەتیسو دوگماکردنی بە کۆ دەستەواژیەکی وەسفیو دارشتنێکی سەراپا رۆمانتیکی نەگۆڕ، ئایا بە ئەفسانەو ئوستوورە کردنی نییە؟**

ئوستووره جگه حەتمییەت بەخشینو موتڵەق کردنەوەی رەهای بۆچوونو ئاوەزێکو بەرزترکردنی لە ئیرادەی مرۆڤ چیە؟ کلتووریٚ کە خۆی نەریتی ئوستوورەیی دەشکێنیٚو لە گشتگیری موتڵەق تێدەپەڕیٚ، خۆی دەکرێتە گشتگیری موتڵەقو هەموو یاساو میکانیزمەکانی کارکردی پێناسەیەکی وەسفی رەهاو حقیقەتی کۆنکرێتی دەگرنو بچووکترین گومان لە یەک برگەو دارشتنی دەبێتە ئیرتدادی نەبەخشراو. ئایا ئەمە جگە بە ئوستووره بوون دەتوانیٚ شتێکیتر بێت؟

کلتوورو نەریتیٚ کە هەرلە سەرەتای چاخی رەوشەنگەرییەوە مرۆڤی کردە ناوەندی جیهانو بوون، بەو پێیەی کە جیهانو بوون لە واقعی خۆیاندا لە سەر بنەچەی بەرژەوەندیو کامەرانی مرۆڤ دەبیٚ پێناسە بکرێن. چاخی رەوشەنگەری لەهەناوی خۆیدا پێگەو جێگەیەکی تازەی بەخشییە مرۆڤی نویٚ، ئەم پێگەو جێگایە خۆی بەرئەنجامی پرۆسەیەکی درێژخایەنی گۆڕان بوو کە بە شێوەیەکی هەراو تۆخ لە

بەستێنەکانی پێشکەوتنی مادیو تەکنۆلۆژیادا روویاندابوو، پەیوەست لەگەڵ گەشەو نەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کیشوەری ئەورووپاو ئەو ئاڵوگۆڕەی کە پێوەندیی بەرهەمهێنانی گرتبووەوە. ئەم رەوتە یەکێ لە بەرئەنجامەکانی ئەمە بوو کە توێژکاری ئاقارەکانی کردەیی مرۆڤ بە شێوەیەکی سەرەکی خۆی نواندو بەرجەستە بووەوە، بە تایبەتی ئاقاری رامیاری. لە رەوتی ئەم خوێندنەوەو بۆچوونانەدا کۆ قوتابخانەیەکی رامیاری سەریان هەڵداو لە دایکبوون، ئەمانە تێکڕاو هەموو هەوڵی خۆیان لە سەر ئەم ئاراستەیە کۆکردەوە کە چۆن دەتوانن پێکهاتەیەک ئاراستە بکەن کە بۆچوونو روانگەکانی دەورانی رۆشەنگەری بە باشترین جۆری گونجاو بە کاربگرنو بێننە ئەنجام. هەر لەو ساتەوەختەوە مارکسیزم وەک یەکێ لە سەرەکیترینو تۆکمەترین بۆچوونەکان خۆی خزاندە ئامێزی مرۆڤو کۆمەڵەوەو لە دنیای ئاوەزو ئەندێشەی رامیاریدا بەرجەستەبوو نەوەیەکی یەکجار هەراو بەرچاوی بە خۆیەوە بینی. لەم ساتەوەختەدا بەریانی خرۆشانی

جەماوەرو هەرچی بەرفراوانتر بوونی کێشەی چینایەتیو قووڵتر بوونەوەی ئەم دژایەتییە کە لەهەناوی ئەو کۆ پەیوەندییەوە دەهات کە جیهانی سەرمایە وەک رواڵەتبەندییەکی نوێ لەگەڵ خۆی هێنابووی، کۆیەکی فرەو بەلێشاوی هێزو چینە کۆمەڵایەتییە پەراوێزو بێبەشکراوەکان بەرەو ئامێزی ئەندێشەی رامیاری مارکس کشانو، تاقانە مەکۆی سەرنجو ناوەندی ئاوەزی رامیاری ئەم هێزانە، تەنیا رەهەندی لایەنە رامیاریەکانی مارکس بوو کە بۆ ئەم بەریانە خواستو ئاوڕدانەوەیەکی کارخوازانەی زەقی بوو، ئەویش لە بەر رۆشنای کۆمەڵناسی مارکس خۆی. زۆربەی هەرە زۆری ئەم رەوتو رێکخراوە رامیاریانە کە لە بزاوتی رامیاریدا خۆیان دەبیننەوە، لە هزری فەلسەفی مارکس تەنیا وەک ئاخێزگەو ئاوەزێکی سیاسی پراتیکی رووت سوودیان وەرگرت. ئەو بەریانو هێزانەی کە بە جۆرێ لە جۆرەکان خۆیان لە ئەم ئاقارەدا پێناسە دەکرد تەنیاو تەنیا روانگە رامیارییەکانی مارکسیان قۆزتەوەو بووە چەقی

هزرو پرۆژەی پراتیکیو سەرچاوەی ئەندێشەی رامیارییان.

لێردا بیرهێنانەوەی ئەم خاڵە گرنگە کە مارکس خۆشی ئەوەندە کە ئامادەکردنی پێکهاتەیە بۆ دابینکردنی لێکدانەوە کۆمەڵایەتیو رامیارییەکانی سەرقاڵیان کردبوو، ئەوەندە واتاو زاراوە فەلسەفیەکان سەرقاڵیان نەکردبوو. ئەم بڕگە بەمانای ئەوە نیە کە مێژووی فەلسەفە، بێ فەلسەفەی مارکس تەواوەو ئەم هزرە لە مێژووی فەلسەفەدا جێناگرێت، نا، بە پێچەوانەوە، بە ڵکو پڕاوپڕ وانیەو مێژووی فەلسەفە بێ فەلسەفەی مارکس دەشەلێو کورتی دێنێ.

هەر چینو لایەنو کۆمەڵێ کە باوەڕو ئەندێشەیەک بە کار دێنێ گومانی تیادا نیە ئەو ئەندێشەیە هەڵدەبژێرێ کە پێویستی پێیەتیو بۆ بژاوتی خۆی بە سودی دەزانێو وەڵامی گرفتو پرسەکانی ئەداتەوە. هەرکەس، چینو تاقم سەربەستە کە بە پێی تێگەیشتنی خۆیو بۆچوونیو بە ئەندازەی پێویستو فامکردنی بیرو بۆچوونەکانی مارکسو مارکسیزم

وەرگرێتو بیسەلمێنێ، یا دژی بوەستێتو نەیسەلمێنێ. ئەمە گرفتو خەسار نییە، کارەسات ئەوەیە کە ئەم ئاوەزو فەلسەفەیە تا ئاستی ئەفسانە سادە کرێتەوەو دابەزێنرێتە خوارەوەو تەنیا بۆ موتربەکردنی پراتیکی رامیاری ئەو هزرە بە رەوا بزانرێتو هەموو چەمکو رەهەندەکانیتری وەلا نرێن. ئاوەزو ئەندێشەیە کە بە واتاو دانپێدانانی دنیای ئەمرۆو مۆدێڕن، ئەوە مارکس بوو کە لە هەناوی کۆمەڵناسی کلاسیکەوە بنچینەیترین چوارچێوەی سەربەخۆی بۆ ئاوەزی رامیاریو فەرهەنگی بە جیهان بەخشی، هەرچەندە کە مارکس تەنیا سەرچاوەی ئەم رەوتە نەبوو، هەروەها تەواوکەری ئەم هەیکەلەش نەبوو. سادەکردنەوەی ئەم فەلسەفەیە تا ئاستی کۆ یاساو رێسایەکی جەبریو نەگۆڕو بەردەوامو بڕگەیەکی مێژووییدا، نیشان لە نەبوونی خوێندنەوەیەکی قووڵو نەناسینی میتۆدو مامەڵە لەگەڵ کردنێکی ئۆرتۆدۆکسانەیەو بەس. بەتایبەتی لە وڵاتی ئێمەداو لە دنیای دواکەوتوودا مێژوو یەک جۆرە مارکسیەتو فامکردنێ لەم بیرو باوەڕە تەشەنەی

کردووه که گومان به تاوان دەزانێو لەو لاشەوه مارکس به هەنبانەی جادوویی که به هەردەست پیادا کردنێ کێشەیەک چارەسەر دەکات. لای دەستەو پارتو رێکخراوه رامیارییه چەپەکان باسکردنو خوێندنەوەی دەقەکانیتری هزری مارکس وەک لوکاچو گرامشی ئاڵتووسێر تا دەگاته ناوەندی ویەنو قوتابخانەی فرانکفۆرتو میراتگرانی ئەو قوتابخانەیه بڤەو قەدەغەیه، ئێستاش ئەو رەوته هەر خەریکه درێژ دەبێتەوه، بەرادەیەک برِستبرِه که تەنانەت دەقه کلاسیکییەکانی مارکس خۆشی کەوتوونەته پەراوێزەوه. ئەوەش دیاره که نەوەیەکی تەواو له مارکسیه سەرەتاییەکان زۆریان له مارکس نەدەزانیو له رێگای مارکسیەکانی پێش خۆیانەوەو کتێبی سەرمایەو چەند کتێبیترەوه لەگەڵ مارکس ئاشنا بوون. بزاڤی چەپی سەر به ئوردووگای سوسیالیستی ئاوابوو تا ساڵانێو تا دەورانی ئەنتەرناسیونالی دووهەمیش تەنیا دەقەکانی ئەنگڵسیان دەناسیو ئەم دەقانه بووبوونه ئاخێزگەی فیکرو فامکردنیان له مارکسیەت، تا ئەوکاتەش بەیەک زانینی ناوو

ناوەرۆکی مارکسو ئەنگڵس بەشێک بوو لە باوەڕو بۆچوونی گومان هەڵنەگر. ئەوەبوو ساڵانی1927 تا 1932 کە دەقەکانی_ رەخنەیەک لە سەرفێرکاری هێگڵی دەوڵەتو دەستنووسە ئابووریو فەلسەفیەکان_ بڵاوبوونەوە کێشەی بۆ ماتریالیزمی دیالیکتیکی فەلسەفەی رەسمی بزاڤی چەپی ئەو ئوردووگایە نایەوە، کە بە هەموو بوونو دەسەڵاتی خۆیەوە بەئاشکراو نائاشکرا بانگەشەی حەتمییەتی مێژووی دەکردو بە پشتیوانی ناڕەوای هزری مارکس دەیویست ئەم حەتمییەتە بسەلمێنی، واینیشان بدات کە رەوتی رووداوەکانی مێژوو بەوشێوە جەبرییە کە ئەو فامیدەکات یەقینە. مرۆڤ ئامرازێکی دەست ئەم مێژووەیەو بەس، واتە تەنیا یەک مرۆڤ هەیەو بەس ئەویش مرۆڤی ئامرازی دەست مێژووە کە لە دەرەوەی کردارو ئیرادەی خۆی جەبرە مێژووییەکان پێناسەی دەکەنو هەژمۆنییەکی دەرەکی کە مێژووە رابەری دەکات. ئەمە لە کاتێکدایە کە مارکس خۆی لە بڕگەیەکی دارشتنەکانی خۆیدا ئاوەها لە مێژوو و مرۆڤ دەدوێتو پێناسەو پۆلێنی دەکات: (مێژوو هیچ

گەورەییو بەهێزو پێزییەکی نییە، مێژوو هیچ کارێ ناکاتو لە هیچ شەڕێکدا ناجەنگێ، بەڵکوو ئەمە مرۆڤە، مرۆڤی واقیعی، مرۆڤی زیندوو کە چالاکی دەنوێنێو بە تواناو هێزە، لە هەر شەڕێکدا دەجەنگێ، بۆچوونێکی نەزۆکە ئەگەر وابزانین کە مرۆڤ وەک ئامرازێ لە دەست مێژوودایەو بە کاری دێنێ، بەم بۆچوونەوە کە مێژوو بوونێکی سەربەخۆی هەیە، مێژوو شتێ نییە جگە هەوڵو چالاکییەکانی مرۆڤ بۆ دابینکردنی ئامانجەکانی: کارڵ مارکس: ئایدیۆلۆژی ئاڵمانی). ئەم دەقە جگە ئەوەی کە دوورە لە هەموو حەتمێتێ بۆ مێژوو، ئەو راستیەش دەردەخات کە هزرەکانی مارکس بۆ رەوایی خۆیان تەنیا لە هەناوی خۆیانەوە خۆیان پێناسە دەکەنەوەو هۆکارو میکانیزمی دەرەکی بۆ رەوایی خۆی بەرجەستە ناکاتەوە، وەک ئەوەی کە هەندێ لە بەناو مارکسییەکانو پۆست مۆدێرنە کاڵەکان دەیڵێن. بۆ رەوایی هەوڵەکانی مرۆڤو پێناسە کردنی وەک واقیعی بوونو ناوەندی جیهان، هیچ هەوڵێ لە گۆڕێدا نییە کە لە دەرەوەی کردارو چالاکیو ئیرادەی مرۆڤ

سەپاوێکی بە هەژمۆنی بدۆزرێتەوە. ئەوە مرۆڤی ئامرازی دەست مێژوو نییە کە لەم پێناسەیەدا بەدی دەکرێت، بەڵکوو مێژوویەکی مرۆڤانەیە دەردەخرێتو بەرجەستە دەکرێتەوە. ئەوە مێژووە کە دەبێتە بەرهەمی کارو کرداری ئینسانو هێزی بەرهەمهێنان. لێرەوە دەردەکەوێ کە بەرهەمەکانی مارکس لە کۆبەندی خۆیاندا لە بارەی رەگەزو پێکهاتەکانی کۆمەڵگاوەیە، کۆمەڵگایەک کە گونجاو بێتو بە شێوەیەکی زانستی دوور لە سیاسەت بازیو ئایدیۆلۆژی بکەوێتە بەرباسو خواستی کۆمەڵناسی. بەواتایەکیتر ئەم وتەزاو بڕگەیە رەوایی دەگێڕێتەوە بۆ مرۆڤو کۆمەڵ، مرۆڤ بە گشتیو کۆمەڵی مرۆڤ، واتە ئەو بوونەوەرە خاوەن ئەقڵەی کە کردەی خۆی لە چێوەیەکی لۆژیکیدا ئاراستە دەکات، ئەو بوونەوەرەی کە هاورێ لەگەڵ پاراستنی هەموو سنوورەکانی مافو سەربەستیو رەوایی کۆمەڵدا هەموو مافەکانی خۆشی وەک تاک دەستەبەر بکاتو لە کرداردا ئەزموونیان بکات. بە روویەکیتردا دەڵێن کە هەموو ئەندێشەو نەریتە مەعریفیەکانی چاخی رەوشەنگەری بۆ

پێویستێکی بەڵگەنەویست لەدایک بوون ئەویش هێنانە ئەنجامی باشتری ویستو مافەکانی مرۆڤە. پەسەندکردنو سەلماندنی هزرو میتۆدێ وەک شێوەی لێکدانەوەو ئاخێزگەی کرداری شەپۆلێ، بزاڤێ، یاکوو کەسو رێکخراوەیەک، بریتی نییە لە پێچەوانەکردنەوی ئەم راستییە کە ئەو ئاخێزگاو هزرە لە راستیدا هیچ کات حوکمی موتڵەقبوونیان زاتەن نییەو رەواییان بەسراوەتەوە بەوەی کە چەندە دەتوانن وەڵامی ویستو داواکانی مرۆڤ بدەنەوە، واتە پێوەری راستیو رەوایی هزرو میتۆد خودی هزرو میتۆد نییە، بەڵکوو رادەی دابینکردنو وەڵامدانەوەیەتی بە مرۆڤو داواو پێویستیەکانی سەردەم. رامانێکی نە زۆر قووڵ لەم برگەو دەستەواژانەی خوارەوە ئەو راستییە دەردەخەن کە موتڵەقیو رەوایی نەبراوەی بێ چاکسازیو گۆڕان بۆ هیچ دیاردەو کردەیەک نەبووەو نەگونجاوە، ئەم راستییە لەبیر نەکەین کە هزرو فەلسەفەش بەرهەمنو لە ساتەوەختی شیاوی خۆیاندا دەبێ وەک دیاردە لێیان بڕوانین. (هەموو پەیوەندییە توندو جێگیربوو و چەقبەستووەکان هاوڕێ لەگەڵ

زنجیرەیەک لە پێشداوەری‌و بۆچوونە کۆنەو پیرۆزەکان لێکدەترازێن‌و هەڵدەوەشێنەوە، پێش ئەوەی تۆکمەو جێگیربن لەناو دەچن‌و ئاوا دەبن. هەموو ئەوەی کە سەختو دژوارە دەتوێتەوەو دەبێتە هەڵم‌و با دەیبات، ئەوەی کە پیرۆزە دەبێتە ناپیرۆز، سەرئەنجام مرۆڤ ناچاردەبێ بەچاوی کراوەو هۆشیارەوە لەگەڵ هەلومەرجی واقیعی ژیان‌و پێوەندییەکانی خۆیدا رووبەڕوو بێتەوەو بەشێوەی خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکات. کارڵ مارکس: مانیفێستی کۆمۆنیست). ئەم دەقە زۆر بە روونی ئەوە دەردەخات کە دۆخی موتڵەقبەخشی بە دیاردەو باوەڕەکان نەگونجاوە، لێکدانەوەکانی خاوەن رایانی ئەندێشەی سوسیالیستی هیچکات بۆ موتڵەقبەخشی‌و رەوایی نەگۆڕ نەبووە بە هزری سوسیالیستی. سوسیالیزم وەک بەهایەکی دادوەری بونیادی گیانی بزاوتو ئورگانیکی زیندووی کۆمەڵگای مرۆڤایتییە. بونیادو هەموو ئاخێزگەکانی ئەم ئەندێشەیە هەوڵە بۆ دەستەبەرکردنی دادوەری لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بۆ مرۆڤی ئازادو سەربەست، هەموو ئەو بۆچوون‌و

باوەڕانەی کە بە بیانووی دادوەری کۆمەڵایەتییەوە پەلاماری بیرو بۆچوونەکانی ی‌تر دەدەن چ خوازیار بن‌و چ نەبن راستەوخۆ دەخزێنە باوەشی دیکتاتۆریەت‌و توتالیتەرەوە. دوا هەواری گیرسانەوە یان خۆسەپێنی‌و سەرکوتکاری‌و کوشتنی ئازادی‌و دیموکراسییە. هەموو ئەو بۆچوون‌و باوەڕانەش کە بە بیانووی ئازادییەوە هەموو پێوەرو پرەنسیپەکانی دادوەری وەلادەنێن خزاونەتە ئامێزی ئاپارتایدی کۆمەڵایەتییەوە. دیکتاتۆریەت‌و سەرکوتکاریان لێکەوتووەتەوە. لە هەناوی ئەم دوو جەمسەرە بە رواڵەت لێک‌دوورەدا دیالیکتیکێ ئامادەیەو خۆدەنوێنێ کە ئەویش دیالیکتیکی سەرکوتکاری‌و توتالیترە، کە لە هەر دوو رووی ئەم پرۆسەیەدا بەرهەم‌دێتەوەو یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی دیالیکتیکی مێژوو. ئەم پرۆسە ئورگانیکە کە کاریگەرێتی دیاردەکان‌و پەیوەندیی دیالیکتیکیان دەردەخات، خۆی دینامیکێتێکی وا دەداتە مێژوو کە هەموو چەقبەستنێ لە چەق دەخات‌و نایەڵێ هیچ موتڵەق‌و پیرۆزێ بە موتڵەقی‌و پیرۆزی بمێنێتەوە .

بەریانی زاڵی رامیاری دەسەڵاتخوازی چەپ کە بۆ ماوەی چەند سەدەیە خۆی سەپاندووە نەک هەر ریگای کەم خوێندنەوەی نوێی لەم بیرە داوە، بەڵکوو هزری مارکسی کردۆتە یەک چەمکو یەک خوێندنەوەو یەک بۆچوون کە ئەویش لای خۆیەتیو بەس. ئەم رەوتە بێ گوێدانە بونیادو بنەمای مەعریفەی چەپو سوسیالیزم لە ساتەوەختی یەک نەهاتنەوەی هەر دیاردەو بزاڤێ لەگەڵ بۆچوونەکانی خۆیدا پەلاماری خۆی بۆ سەر ئەو دیاردانە دەست پێکردووە، نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم هەڵەو پەلامارانە هەڵەو پەلامارە بۆ سەربزووتنەوە نەتەوایەتییە پێشکەوتووخوازەکانی هاوچەرخ، لەم بارەوە بەڵگەکان یەکجار زۆرن، وەک جێهێشتنو پشت خاڵیکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کۆماری کوردستاندا، وەک تەفروتوونا کردنی جەماوەری کوردی ئەوسای یەکێتی سۆڤیەتو بێبەشکردنیان لە کەمترین مافی نەتەوەیی، وەک دژایەتیکردنی دزیو ئاشکرای شۆڕشی ئەیلوولو لە ئاکامدا دەستخستنە ناو دەستی هێزێکی فاشی وەک بەعس تا خزانو لە ناو چوونی، (دیارە ئەو شۆڕشە بۆ

خۆی خاوەنی زۆر باسو لێکدانەوەیتره جیا لەم باسو هۆکارانە) لە هەمووی خراپتر هەوڵ بۆ کردنە ئامرازی بێدەسەڵاتو ئیرادەی ئەم بزووتنانەیە لە دەستخۆیداو تەشەنەو بڵاوکردنەوەی جۆرە ئاوەزو ئەندێشەیەک کە دژی هەموو داواو خواستێکی رەوای نەتەوەییە کە لە ژێر رکێفو فەرمانی بێ پرسی ئەم رەوتەدا نەبێ.

تەنانەت ئەو هێزە رامیاریە چەپانەش کە ئاخێزگەو هۆکاری بونیادی بوونیشیان کێشەی نەتەوەیی بوو کە وەرزی گەشەی سیاسیان دەستی پێدەکرد، بۆ خۆیان دەکەوتنە دژایەتیکردنی ئەم بزووتنانەوە، کە نموونەی بەرچاوی ئەم رەوتە کۆمەڵەی دەورانی حیزبی کۆمۆنیستو ماوەیەک پاش ئەو دەورانەیە. هەرچەندە ئێستاش کۆمەڵە لەم بوارەدا بە شەرمێکی ترسنۆکانەوە خۆی لە کێشەی نەتەوەیی دەداتو خۆی یەکلا نەکردۆتەوە.

ئەوەی مەکۆی رامانە، خوێندنەوەی تەک رەهەندو یەک لایەنەی سوسیالیزمو مارکسیزمو بە ئەفسانەو

ئوستووره کردنیەتی. دیاره هەموو داڕمانو خەسارەکانیتر کە بەدوای ئەم خەساره سەرەکییەدا دێنو هاتوون، ئاخێزگەو سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە سەر ئەم هەڵەیە. چونکە ئەم دیاردە بەئاییینبووە هەموو هێزو رێکخراوە چەپەکانیتریش دەگرێتەوە کە دژی چەپو سوسیالیزمی رەسمی بوون. ئەو هێزانە لە مەیدانی کارو کردەوەدا نەک هەر نەیانتوانی بۆچوونو لێکدانەوەیەکیتر دەستەبەرکەن، بەڵکوو خۆشیان دوچاری ئەم گرفتە بوونو پرۆسەی حەتمییەتو موتڵەقبەخشی بە خۆیانو رێکخراوەکانیان بە جۆرێکیتر ئەوانیشی بردە بازنەی ئەم هەڵە بونیادیو برستبڕەوە بۆ رەچاوکردنی ئەم راستیە ئاوڕدانەوەیەکی زۆر قووڵو رامانێکی یەکجار وردی ناوێ، رێکخراوەکانی وڵات باشترین نموونەن، هەر هەموویان لە چەپی هێڵی یەکەوە بگرە تا دەگاتە سێو دوا هێڵەکان، لە ئەنجامی بە ئووستوره کردنو موتڵەق کردنەوەی خۆیاندا کەوتنە بازنەی ئەم خەسارەوە. ئەوەی هێڵی یەکو دوو بوو خزایە ئامێزی بەریانی زاڵی سوسیالیزمی رەسمیو هێڵەکانیتریش بە خزان

بەرەو هەمان روانگە، بەڵام لە جەمسەرێکی دیکەیەوە کە بەرواڵەت دژایەتی کردنی رەوتی زاڵو هەموو هاودەنگو هاوبیرەکانی بوو هەرهەمان رەوتی گرت. ئەم لایەنەش نەیتوانی توێژینەوەیەکی دروست لە دژایەتییەکانی کۆمەڵگا بەدەستەوە بداتو خۆی لەگەڵ ویستو داخوازیەکانی جەماوەرو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی هەناوی کۆمەڵ رێکخات. بە پێچەوانەوە لەگەڵ زۆرێ لەو بزووتنەوانە کەوتە دژایەتی، لەبری ئەوەی خۆی بە باڵای ئەو شەپۆلو بزووتنەوانە بکرێو هەوڵی دەستەبەرکردنی وەڵامو داواکاریەکانیان بدات، کۆمەڵو ئەو بزووتنەوانەیان بە باڵای خۆیان گرت.

لەبری ئەوەی سەرقاڵی ئامادەکردنی پرۆژەیەک بن بۆ زامنکردنی بەردەوامیو دەستەبەرکردنی داواکانی ئەو بزاڤانەو حیزب وەک پێکهاتەیەکی مۆدێرن کە لە سەر بنەمای دەستەبەرکردنی داواو بوونی ئەوان خوڵقاوەو رەوایی دەگرێت ببینن، کەوتنە شەڕی ئایدیۆلۆژی لەگەڵیانو سوسیالیزمیان بە جۆرێکیتر بەرەو

تەڵخوازیو تەریککردن بردو کۆمەڵگایان لە سەر بڕیاری دۆستو دوژمن دوچاری قەیرانی ئایدیۆلۆژی کرد.

دروستکردنی حیزبی کۆمۆنیست ئەویش بەو جۆرو شێوە کە دروستکرا، جووڵەیەکی میکانیکی دوور لە پێویستو واقیعی کۆمەڵگاو لەبری پرۆسەیەکی ئۆرگانیکو دژایەتی بێ ئاشتیو بنەمای گەورەترین بزووتنەوەی رامیاریو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی خەڵکی کورد کە لە سیمای بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا خۆی دەنواندو دەنوێنێ، هەر بەرئەنجامی ئەو جۆرە فامکردنەو بە ئوستوورەکردنەی بیرە.

ئەم کارەساتە کاتێ مەزنترو ترسناکتر دەبێ، کە دەزانین کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ئەمرۆ لە ئێراندا چ ئەو هێزانە بخوازنو چ نەخوازن هەناوی ئەو خەباتو جووڵانەوە دژە دیکتاتۆریو خۆسەپێنەیە کە ناوەندو دەوڵەتی دیکتاتۆر بە سەر هەموو گەلانو خەڵکی ئێراندا سەپاندوویەتی. بە ڕوویەکیدیکەدا

دژایەتی ئەم جووڵانەوەیە دژایەتیکردنی بزووتنەوەی دژە دیکتاتۆرییە لە سەراسەری ئێراندا .

کارەساتتر لەمەش ئەوەیە کە هەندێ لەم رێکخراوو رەوتە رامیاریانە خۆیان لە سەرەتاداو لە فەلسەفەی بوونی خۆیاندا لە هەناوی کێشەی نەتەوەییەوە لە دایکبوون‌و مانایان گرتووە. بەتایبەتی رێکخراوە کوردستانیەکانی وەک کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان. لەگەڵ گەشەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو پێویستی واقیعی تازەی ئەو بزووتنەوەیەو چرۆکردنی ئاوەزی مۆدێرن‌و روانگەی تازە ویستی بزاڤی نەتەوی کورد بۆ تەعبیرکردنەوەیەکی هاوچەرخانە لە خۆی ئەم بزاوتە پێویستی بە کۆمیکانیزمێکی کاراو هاوچەرخ بوو.

بۆیە لەم ساتەوەختەداو بە پێی گۆڕانی کۆمەڵو گەشەی قۆناغی خەبات‌و باڵاکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، کۆمەڵە سەریهەڵداو لەدایک بوو. بزووتنەوەی کورد بەڕادەیەک باڵای کردبوو ئیتر دروشمە نەریتی‌و پێناسە کۆن‌و کلاسیک‌و

فۆلکلۆریەکان نەیاندەتوانی وەڵامی پرسو خواستەکانی بدەنەوە. هەرچەندە ئەم نۆرمە رامیارییە بتوانێ لە موززایکی کێشەی نەتەوەیدا جێگایەک بۆ خۆی دەستەبەرکات، بەڵام ئیتر توانای هەڵگرتنو دابینکردنی ئەو فرەدەنگیو فرەخواستیەی ناو بزووتنەوەی کوردی نەما بوو. گەشەی ئەم بزاڤە گەیشتبووە رادەیەک کە لە هەناوی خۆیدا هەڵگری زۆر بزاوتو شەپۆلی کۆمەڵایەتیتر بوو کە جگە لە کێشەی نەتەوەییو هاورێ لەگەڵ ئەم ویستەدا داخوازیو مەبەستی تایبەتی خۆشیان هەبوو. وە ک بزووتنەوە پیشەییو رەگەزیو... هتد.

ئەو رەوتو رێکخراوە رامیاریانەی کە لە سەربنەمای بزووتنەوەو خواستە رەسەنەکانی ناو کۆمەڵگا دەخولقێنو هەوڵدەدەن کە وەڵامی ویستەکانی ئەم بزووتنەوانە دەستەبەرکەنو پلانو ستراتیژی خۆیان لە سەر هەناوی رەسەنی ئەوان دادەرێژن گومان هەڵگر نییە کە خولقاوێکی ناقسی میکانیکی نینو پرۆسەی ئاساییو ئۆرگانیکی خۆیان بڕیوە، بۆیە دەتوانن لە

زۆر هەرەس‌و کارەسات‌و نووچدانی توندو بەهێز هەستنەوەو دەربازبن.

ئەگەر واشنەبوایە کۆمەڵە لەو هەرەس‌و کارەساتەی حیزبی کۆمۆنیست‌و شەڕی راگەیەندراوی ئەم جۆرە رەوتە لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی‌و بزاوتە رەسەنەکانی کۆمەڵگا دەرباز نەدەبوو.

کارامەیی‌و لێهاتوویی سەرکردەو کادرانی کۆمەڵە بۆ رزگارکردنی کۆمەڵە لەو کارەساتە تەنیا تواناو هێزی ئەندێشەو وریایی خۆیان نەبووە، هەرچەندە ئەم هەوڵ‌و هەڵوێستەی ئەوان پڕە لە گیانی بەرپرسایەتی‌و قبووڵکردن‌و جورئەتی سەلماندنی هەڵەو هەوڵ بۆ خوێندنەوەی رەخنەگرانەی رابردووی خۆیان‌و دەقگرتوویی موحافیزەکاری، بەڵام هەم فەلسەفەی بوونی کۆمەڵەو هەم واقیعی بیرکراوی کۆمەڵگا یاریدەدەریان بووە، کە خۆی لەڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ رەسەنی‌و واقیعیبوونی بزاڤی نەتەوەیی کوردو دینامیکێتی ئەو دیاردەیە لە کۆمەڵگای ئێمەدا .

جورئەتو گیانی بەرپرسایەتی ئەم هەڵوێستە زۆر روونو ئاشکرایە، بەڵام بۆ یەکجاری دەرچوون لە کەوشەنی ئەو بیرەو جێهێشتنی دنیای موحافیزەکاری بە یەکجاری، دەبێ کۆمەڵە هەم لە سەر کێشەی نەتەوەییو هەم لە سەر تێگەیشتنو جۆری خوێندنەوەی ئەمڕۆی لە سوسیالیزم راشکاوانە هەموو سنوورەکانی کۆن بەجێبێڵێو خۆی پێناسەیەکی تازە بکاتەوە کە لە بەشی دووهەمدا بە وردی دەیخەینە بەر باس.

## بەشی دووهەم

بەپێی بۆچوونو روانگە دەربڕاوەکانی کادرە سەرەتاییەکانی کۆمەڵەو ئەوانەی کە ئەم رێکخراوەیان پێکهانی، کۆمەڵە بۆ دەستەبەرکردنی هەموو ئاواتو ئارەزووی ئەوبەریانە رزگاریخوازە خوڵقاوەو وەک پێویستیەکی سەردەم سەریهەڵداوە کە لەو

ساتەوەختەدا ویستی کۆمەڵگاو، بزاوتی روو لەگەشە بووە.

بزاوتێکی ئازادیخواز کە دەیویست بەشێوەیەکی پەیگیرو راشکاوو نەبڕاوە پارێزەری مافی جەماوەری خەڵکو زەحمەتکێشانو کرێکارانو هەمووان بێت.

پارێزگاری مافی سەربەستی راوباوەڕو بەرامبەری ژنو پیاو، پارێزگاری بێ ئەملاو ئەولای مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کورد لەکوردستانی ئێراندا.

ئەم کۆ بەرنامەیە کە کۆمەڵە لە مانیفیستی خولْقانی خۆیدا، دەیانکاتە مەکۆی سەرنجیو، ئاواتی دوارۆژو دەستەبەرکردنیان بۆ گەلی کوردو کۆمەڵی کوردەواری، لەڕاستیداو بێ هیچ تەمو مژێو بەشێوەیەکی کۆنکرێت فەلسەفەی بوونو خولْقانی ئەم رەوتە رامیارییە بەرجەستە دەکاتەوەو دەسەلمێنێ. سەرەتا شیاوە بەکورتی ئاوڕێ لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیو ئابووریو کلتووریو رامیارییە بدەینەوە کە کۆمەڵە تیایدا سەرهەڵئەداتو داخوازی پێشەنگی ئەم کاروانە دەکاتو بە بەرئەنجام گەیاندنی ئەو مافو رەوتە.

ساڵەکانی چل، کوردەواری نوقمی بێدەنگیو بەڕواڵەت وەستانێکی بێ بزاوتی رامیارییە، دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەتی ناوەندیی وا دەریدەخاتو بانگەشە دەکات، کە تۆکمەو بێ خەسارو گرفت هەموو سووچو قوژبنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێرانو گەلانی ئێرانی تەنیوە. بانگەشەی گەشەی ئابووریو جاڕی شارستانیەتی نوێو هەڵکشان بەرەو لووتکەکانی ئابوورییەکی بونیاددارو مۆدێڕنو تەیارکردنو پڕچەک کردنی سوپا وەک بازووی بەهێزی دەسەڵاتو دەوڵەتو رێکخستنی ئاژانسێکی هەواڵگیری بەهێز بۆ شکارو ڕاوەدوونانی هەموو جیا بیرانو نەیارانی رەخنەگر دەدات .

دەزگای دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران هەر لەدوای کودتای 28 مورداددەوە مەودای دروست بوونو سەرهەڵدانی هەر جۆرە رێکخراوەیەکی سیاسی ئەدا، تەنانەت بە شێوەیەکی زۆر توندو رەق کەوتە گیانی هەموو جۆرە رێکخراوەیەکی ناسیاسیو پیشەیشو بێ کۆسپە

هەموویانی سەرکوتایەوەو مەودای سەرهەڵدانو دروستبوونی لێ بڕیبوون.

ئەم سەرکوتانەوەو داپڵۆسینەوە هەموو بەستێنو بوارەکانی کۆمەڵگای ئێرانی گرتبووەوە، بچووکترینو کەمترین رووبەری ژیانی بۆ دەرکەوتنو سەرهەڵدانی دیموکراسی نەهێشتبوو، ئەم رەفتارو نۆرمە جووڵانەوەی دەسەڵاتی ناوەندی ئێران لە رووی سیاسییەوە سەرەڕای ئەوەی زۆر خەساری گیانگری بۆ کۆمەڵگا لێکەوتەوە، راستەوخۆ بۆ خۆ ڕزگارکردنی لە تەشەنەی بیری چەپو نوێو ئەندێشەی ئازادیخوازی، خزمەتی دوو لایەنو رەوتی‌تری ناو کۆمەڵگای دەکرد کە بریتیبوون لە رەوتی ئیسلامی شیعەو دەست والابوونی بۆ چالاکیو جووڵان لەهەناوی ئاپوورەی ناڕازی جەماوەریی ئەو دەمەداو تەشەنەکردنی بۆ ڕووبەرێکی هەرە زۆری‌تری ئەم چەوساوەو بێ دەرەتانانەی وڵات، کە لە هەموو مافێکی شیاوی ژیان بێبەشکرا بوون. لە لایەکی‌ترەوە ناسیونالیزمی لەخۆبایی فارسو مێژووی کۆلاژو مونتاج کراوی

ئەفسانەیی ئەم ناسیونالیزمە بەردەهاتەوەو تەشەنەی دەکرد. لە جەمسەرێکیترەوە گەشەی ئیسلامی حەوزەوی رەوتێکیان سازدابوو کە جەماوەری گەلانی ئێرانیان لە کەسایەتیو شوناسی نەتەوەیی خۆیان خاڵی دەکردەوەو بەرەو ملکەچی بۆ ئەو کلتوورە دەیانبردن. تارادەیەکی بەرچاویش لەم پرۆسەیەدا سەرکەوتوو بوون، بە رادەیەک کە هەندێ لە گەلانی ئێرانیان وا لێکردبوو کە شەرمیان دەکرد کە بە شوناسی نەتەوەیی خۆیانەوە خۆبناسێنن .

بە شێوەیەکی گشتیش ئەم رەوتە توانی کە نەتەوەکانی ئێران لە ئاست شوناسو کلتووری خۆیاندا غەمساردو نائەکتیڤ کات .

کۆی ئەم پرۆسەو فاکتەرانە بوون وایکرد کە لە ساتەوەختی راپەڕینی رێبەندانی 57دا هێزە سیاسیەکانو هەموو گەلانی ئێرانو چینو توێژە کۆمەڵایەتیو رادیکاڵو نارازییەکان نەتوانن خاوەنی رێکخراوی رامیاریو پیشەیی خۆیان بن، تا لە

راپەڕیندا سەرکردایەتی بگرن یا بەلای کەمەوە باڵانسی هێزەکانی جڵەوداری راپەڕین‌و شۆڕش بکەن .

ئەم هەلومەرجە ئەوکات زۆرترو زۆرتر شیاوی رامانە کە دەزانین دوو فاکتەری هەرە گرنگ‌و سەرەکی دیکە، باری ئابووری‌و رەوتی سیاسی چەپی نوێ دوور لە حیزبی توودەو ئوردووگای رۆژهەڵاتی ئەوکات دیسان بە جۆری پرۆسەی سەرەوەیان درێژ دەکردەوە.

ئەو رەوتە چەپە هەر بەپێی ئەو بارودۆخە توندە پۆلیسییەی کە گەمارۆی ژینگەو کۆمەڵگای دابوو، لە ساتەوەختی سەرهەڵدانیەوە لەبری ئەوەی بکەوێتە سازدانی بەریان یا شەپۆلێکی رەوشەنگەرانەو هەوڵ بۆ سازدانی بەرخۆدانی فیکری‌و کلتووری‌و هۆشیاری جەماوەریی لە کۆمەڵگادا، کەچی بەرەو سەنگەری چەک‌و هەڵبژاردنی شەڕی چەکدارانەو چریکی چوو .

ئەم هەڵوێست‌و هەڵبژاردنە روونە کە بەرئەنجامی دوو هۆکاری دیارو بەرچاو بوون. دۆخی گەشتاپۆیانەی پۆلیسی سیاسی دەزگاو دەوڵەتی ناوەندی.

بەرجەستە بوونەوەی ئەزموونی ناکاراو شکاوی حیزبی توودەو هەوڵە نەزۆکەکانی لە گۆڕەپانی سیاسی ئێرانداو بە مۆدیل بوونی خەباتی چریکی لە بەشێکی زۆری جیهانی ئەوکاتەدا.

ڕامان لەم دیاردەیە کە هەر لەو ساتەوەختەدا ئێران لە ڕووی ئابوورییەوە بەرەو گۆڕانێکی هەراو دەچوو زۆرگرنگە. هەرلەم ساتەدا ئێران لە ڕووی ئابوورییەوە دەستەویەخەی گۆڕانکارییەکی هەراو بەرین دەبووەوە. ئەم گۆڕانە کاریگەری یەکجار گرنگی هەبوو بەتایبەتی لەسەر پێکهاتەی دانیشتوانو جێبەجێی ئەم دانیشتوانە لە گوندو شارەکانی ئەم وڵاتەدا .

لە ڕووی ئابوورییەوە پێکهاتەو ڕێکخراوەی ئابووری وڵات لەدوای بەناو دابەشکردنی زەویو زارەوە بەرەو ئابووری زاڵی سەرمایەداری سەردەم دەچوو و کەوتبووە بزاوت. سەرەوخوار بوونەوەی داهاتی نەوت بۆ گەرووی ئابووری ئێران، لەم ئابوورییەدا بەشو لقێکی هەڵماساوی خزمەتگوزاری دروستکرد کە هیچ بونیادو بنەماو کۆڵەکەیەکی‌ترو پێویستی لە ئابووری

ئەم دەڤەرەدا نەبوو. کۆبوونەوەو لە سەریەک ترنجانی داهاتی نەوتو سەرمایە ئەویش نەک بە شێوەیەکی خاوەن بەرنامەو گلاڵە بۆکراو، بە جۆری سەرمایەداری پیشەسازیو پێشکەوتووی سەردەم، کە بتوانێ ئاپوورەی بێکارانی بەشی کشتوکاڵی کە جێگاو شوێنی خۆیان لەدەست دابوو، رژابوونە ناو شارو پەراوێزی ژیانی شارەکانەوە بۆ ناو کارو پیشە راکێشکات. ئەم رەوتە تەنیا پشتی بە داهاتەکانی نەوت سوور بوو، بێگوێدانە کارو بەرهەمو سازدانی پێگەکانی سەرمایەداری پیشەسازی سەردەمو پێشکەوتوو سەرمایەی نەوتی دەترنجانە سەریەک.

بەهۆی پرۆژەی دابەشکردنی زەویو زارەوە کە ئاپوورەیەکی زۆری لە خەڵکو دانیشتوانی گوندەکانی لە پیشەو ئابووری خێزانیو نەریتی خۆیان بێبەشو دابڕاو کردبوو، رێژەیەکی یەکجار زۆری ئەم چەوساوەو بێبەشکراوانە روویان کردە پەراوێزی شارەکان، بە هۆی نەبوونی کارو داهاتەوە

کۆقەیرانێکی زۆر سەرەکی لە رووی کلتووری ئابووریو پەیوەندی شارو دێیان خولْقان.

هەرئەم رەوتە خۆی باشترین پێگەی بۆ گەراخستنی ئیسلامی حەوزەیی رەخسان کە بێ هیچ بەرگرو کۆسپێ خەریکی کارو بەرهەم هێنانەوەی نەریتی فیکری خۆی بوو .

دەڵێن لە هەموو مێژووی ئێراندا بە ئەندازەی بیست ساڵەی دوایی دەسەلاَتی پەهلەوییەکان جێگۆرکێی دانیشتوانو جەماوەر لەڕووی رێژەو پێکهاتەو جێگۆڕکێی ئەم دانیشتوانەوە رووی نەداوە.

ئەمە بارودۆخی گشتی ئێرانەو دیارە کە کوردەواریش وەک بەشێکو پارچەیەک لەم ولاَتە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دوچاری هەموو ئەم گۆڕانو دیاردانە بووەتەوە، سەرەڕای بارودۆخو تایبەتییەکانی خۆی.

دەزانین لە کوردستانداو لەساڵی 1345دا شەهید شەریف زادەو هاوڕێکانی دەست دەدەنە رێکخستنو سازدانی بزووتنەوەیەکی چەکداری، هەر لە درێژەی

ئەم رەوتە چەکدارانەدایە کە لە 12 گوڵانی 1347 شەریف زادە شەهید دەکرێتو ئەو بزووتنەوەیە دەشکێت. دوابەدوای ئەمە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندیی ئێرانەوە ئووەیسی رەوانەی کوردستان دەکرێتو دەکەوێتە راونانو گرتنو کوشتنی هەموو جیابیرانو کەسانو هێزو لایەنە سیاسیو ئازادیخوازەکانی کوردستان.

بەم شێوەیە دەوڵەت لە کوردستاندا ئارامشو بێدەنگییەکی مردووانە زاڵدەکاتو هەموو هێزو کەسە چالاکەکانی کوردەواری ناچار دەکات کە جموجووڵەکانیان بشارنەوەو ژێرزەوینی کەن. ناچاردەبن بەشێوەیەکی نهێنیو تاکو سەرتەڵخوازانەو دوور لە جەماوەرو گەل دەستبدەنە جووڵانەوەو چالاکی خۆیان .

لەم بارودۆخو هەلومەرجە کۆمەڵایەتیەوە دەتوانین چەند خاڵی گرنگو شیاوی رامان هەڵگۆزین لەسەرکۆمەڵەو داهاتووی ئەم هێزە وەک رێکخراوەیەکی سیاسیو چەپ کە لەهەناوی کۆمەڵی

کوردەواریەوە هاتۆتە بوونو کارو کردەی سیاسیەوە کاریگەریان بووە.

لەبەر رۆشنای ئەم سیما باسکراوەی کۆمەڵگای ئێرانو کوردەواری دەتوانین ئاماژە بدەینە زۆر دیاردەو رووداوی سەرەکی کە کاریگەری راستەوخۆو ناڕاستەوخۆیان لەسەر هەموو کردەو کارو خوێندنەوەکانی کۆمەڵە لەمێژووی قۆناغەکانی ژیانی سیاسیدا بووە.

کۆمەڵە لەدوای شکانی بزووتنەوەی چەکداری شەهید شەریفزادەو هاوڕێکانی دێتە دنیا بوونو کۆمەڵی کوردەوارییەوە، ئەزموونێکی ناسەرکەوتووی جووڵانەوەی چەکداری لە مێژووی نزیک بەخۆی لە کوردستاندا هەیە، هەر چەندە کە مۆدیلو رێبازی زاڵی خەبات لە دنیای بەرەنگاریو بەرخۆداندا بەتایبەت لە دیسکۆرسی چەپی ئەودەمەدا رێبازو خەباتی چریکیو چەکدارانەیە، بە هۆی دیکتاتۆری سیخناخ لە یەکەکانی ژیانی کۆمەڵگای ئێرانداو سەرکوتانەوەی جیابیریو هەرجۆرە جووڵانەوەیەکی سیاسی، هەموو

ڕێکخراوەیەکی سیاسیو نوێو چەپو ڕادیکاڵ کە لەم وڵاتەدا سەرهەڵئەدات لەبەر بێدەرەتانی کاری سیاسیو کلتووریو بەجۆرێ پەیوەست بە دیسکۆرسی زاڵی چەپی سەردەم، پەنادەباتە بەر جووڵانەوەی چەکداری .

چریکە فیداییەکان، موجاهیدین، باقی ڕێکخراوەکانیتر هەرهەموو ئەم مۆدیلە دەگرنو دەیکەنە خاڵی بزاوتو کردەی رامیاری خۆیان.

بەڵام کۆمەڵە هەرچەندە وەک سەرکردە سەرەتاییەکانی خۆی دەڵێن ڕێکخراوەیەکی چەپەو لە نەریتی فیکری مارکسیزم لینینیزمەوە کۆمەڵگاو دژایەتییەکانی دەخوێنێتەوەو پێوەرەکانی خۆی لەم نەریتە هەڵدەگوزێ، بەڵام بەرەو ئەو ئاراستەیە ناڕوات. جیا لەو رەوتە زاڵە پەنا بۆ بزووتنەوەی چەکداری نابات .

هەرچەندە ڕەنگە ئەم ڕێکخراوە لە ئەندێشەو هەوڵی سازکردنی ئاوەها رەوتێکا بووبێت، بەڵام ئەوەی هەیەو وەک کردەو مێژووی کۆمەڵە دەژمێردرێت

نیشانەیەکی تۆخو بەرجەستەی لەم جۆرە بزاوتو جووڵانەوەیە پێوە دیار نییە.

وەک شیمانەیە، دەکرێ چەند هۆ بۆ ئەم جیاکارییەی کۆمەڵە لەم مەیدانەدا دەست نیشان بکرێت. زەقترینو بەرجەستەترین هۆکارێ کە راستەوخۆ دەرژێتە کەوشەنی زەینەوە ئەمەیە کە ئەزموونی بزووتنەوەی چەکدارانەی ساڵی 1345و شکانی ئەو ڕەوتە لەساڵی 1347دا لە بەردەست کۆمەڵەدا بووەو نەیویستووە ئەزموونێکی بێ بەرئەنجامو شکاو دووپات بکاتەوە.

سەرەڕای ئەمەش کۆمەڵە دیسان ئەزموونیتری شکانی بزووتنەوەی چەکدارانەی چەپی تازە بە مەیدان هاتووی لە بەردەستایە کە لەساڵی 1349دا روویداوە.

چریکە فیدایەکانی خەڵکی ئێران بەگلاڵەو پرۆژەیەکی بیرکراوەو پێش ئامادەوە لەڕۆژی 19 ریبەندانی ساڵی 1349دا بە هێرشکردنە سەر پێگەیەکی ژاندارمری لە سیاکەل راپەڕینی چەکدارانەی خۆی راگەیاند.

ئەم راپەڕینە چەکدارانەیەش دووچاری چارەنووسی شکان‌و لەناوچوون بوو، ئەزموونێکی‌تری بێئاکام بە خەزانەی شکانە چەکدارانەکانی چەپ لەم قۆناغەدا زیاد بوو. ئەم دوو رووداوە کە دەکەونە پاش‌و پێش دروستبوونی کۆمەڵە، گومان هەڵگر نییە کە لەسەر رەوت‌و بزاوتی سیاسی کۆمەڵە کاریگەر بوون. گونجاو نییە کۆمەڵە کە لەکەشو هەوای ئەو ساڵانەدا دەخولقێ‌و دێتە گۆڕەپانی ژیان‌و سیاسەتی کوردەواری‌و ئێرانەوە ئاوڕی لەم رووداوانە نەدابێتەوە .

دوای شکانی راپەڕینی سیاکەل کە فیدایەکان بە بۆچوونی خۆیان بۆ شکانی هەیمەنەو تاپۆی موتڵەقی دەوڵەتی شا رێکیان خست، تا لەم رێگایەوە ترس‌و هەراسانی‌و بێ ورەیی جەماوەر برەوێتەوە، چرۆی باوەڕی شکانی دەوڵەت‌و نەمانی سامی بێ سنوری لە دڵاندا چرۆبکات .

لە راستیدا ئەم شکانە کارێکی وایکرد کە ئیتر جووڵانەوە چەکدارییەکانی رێخکراوە سەراسەرییەکان

لەو دۆخە دەرچن‌و بەواتای خۆیان روو بکەنە شەڕی چریکی شار، کە لە ڕاستیدا لەبری شەڕی شارکردن جۆرە دەست وەشاندن‌و هەڵهاتنێ بوو لە کارگێڕان‌و دەسەڵاتدارانی پلە سێ‌و دووی دەوڵەت لە یەک جاردا نەبێ کە ئەویش بێ ئاکام بوو لە ریشەوە.

ئەگەر کۆمەڵە خوازیاری هەڵگیرسانی شەڕی شاریش بوایە، بێ گومان پێگەی شارەکانی کوردستان بۆ ئەم جۆرە جووڵانەوەیە شیاو نەبوون. ئەگەر بە چاوپۆشیەوە ئێستاش بە شاریان بزانین .

سەرەڕای هەموو گرفت‌و بێئاکامییەکانی بزووتنەوەی چەکداری چ لە کوردستان‌و چ لەئێراندا، هێشتا کوردستان لە رووی جوگرافییەوە باشترین شوێن بوو بۆ ئەم جۆرە لە کارو خەبات، بەڵام دەبینین کە کۆمەڵە روو لەم ئاسۆگە کردەیە ناکات‌و بەرەو بڵاوبوونەوەی خەباتی سیاسی‌و پێکهاتەیی رەوت دەگرێ.

دەست دەداتە کاری سیاسی‌و فیکری‌و بڵاوبوونەوەی وەک رێکخراوەیەکی سیاسی دوور لە دنەدان‌و

هەستیارکردنی پۆلیسی سیاسیو ئاژانسی هەواڵگری داپڵۆسێنەری دەوڵەتی شا. (هەرچەندە هەر دەکەوێتە بەر زەبری ئەم دەزگا داپڵۆسێنەرە .(

سەرقاڵی رێکخستنو پەرەدانی ریزەکانی خۆی بوو، بۆ گەیشتن بە بەریانێکی سیاسی کە لە ساتەوەختی گونجاودا وەک میکانیزمێک بۆ راپەڕاندنی کارو کردەی رامیاریو سەرکردایەتی بزووتنەوەی جەماوەریی بێتە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی کوردستانو ئێرانەوە.

ئەوەی کە دیارە گەشەو بڵاوبوونەوەی رێکخستنەکانی کۆمەڵە زۆرترو زۆرتر لەکوردستاندا پەرە دەستێنێو بنج دادەکوتێو گوڕ دەگرێ. هەرچەندە وەک بەڕێز زەکرییایی دەڵێ: کەسانێکی نا کوردیشمان تێکەڵ بوو .

بەڵام ئەم تێکەڵبوونە وادیارە زۆر گرنگو جێگای رامان نییە چ لەڕووی چەندایەتیو چ لەڕووی چلۆنایەتییەوە .

دەکرێ بڵێین کە کۆمەڵە لەڕێبازو کردەی جووڵانەوەی رامیاریدا لە دیسکۆرسی چەپی ئەودەمەی ئێراندا

وەرچەرخانێکی ستراتیژیک دەخولقێنێ. هەرچەندە دۆخی پۆلیسیو داخراوی کۆمەڵگا رێگای ئەوە نادەن کە ئەم رەوتە سیاسییە بتوانێ بخزێتە ئامێزی چینو توێژە کۆمەڵایەتییە چەوساوەو پەراوێزەکانەوەو بەشێوەیەکی بەرین بەربێتەوە. بێپسانەوە سەرقاڵی سازدانی رێکخستنو کاری سیاسیو فەرهەنگیو هۆشیارکردنەوە دەبێ، هەرچەندە ئەوەی وەک واقیعو مێژووی خەباتی کۆمەڵە لە دەستایە بێ هیچ پڕوپاگاندەیەکو گەورە کردنەوەیەک ئەم راستیە دەسەلمێنن کە بە چاکیو باشیو فراوانی توانیویەتی لە ناو خوێندکارو توێژی روناکبیری ئەودەمەدا تەشەنە بکاتو جێگاو پێگەی تایبەتی خۆی بەدەست بێنێ.

دەکرێ بڵێین ئەوە بۆ یەکەم جارە کە لەمێژووی کوردو بزووتنەوەی چەپدا لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا رێکخراوەیەکی سیاسی چەپ توانیویەتی ئاوەها لەکوردەواریو لە ناو روناکبیرانی کورددا گەشەو نەشە بکات .

ئەگەر تۆزێ بە وردی سەیر بکرێ لەڕاستیدا کۆمەڵە خۆی ڕێکخراوەیەکی ڕووناکبیری بووە کە کۆ ڕووناکبیرێکی هەستیاری کوردی لەو بڕگە مێژووییەدا خولقاندوویانە. دیارەو بەداخەوە زۆرینەی هەرە زۆری ڕووناکبیران بەم ڕۆشەوە پەیوەستو پەیوەندی کۆمەڵایەتی زۆر فراوانو قووڵیان لەگەڵ کۆمەڵگاو کۆمەڵدا نەبووەو نییە .

سەرەڕای ئەمەش هەلو مەرج کە خۆی ئەوەندە پڕئاستەنگو داخراو بووە کە مەودای داکشانە خوارەوەی کاری سیاسی بۆ ناو ریزەکانی کۆمەڵگا نەداوە، ئەم دۆخە بەڕادەیەک پۆلیسیو پڕئاستەنگ بووە کە کۆمەڵە تەنانەت بۆدامەزراندنو دەست بەکاربوونی خۆی، خۆی لە بڵاوکردنەوەی راگەیاندن پاراستووە .

ئەم ڕێبازە سەرەڕای خەساری نەبوونی پەیوەندی قووڵی کۆمەڵایەتیو دەست بژێرکردنی ڕووناکبیران کە هەر دوو بەرئەنجامی ژیانی کۆمەڵایەتیو داخراوی کۆمەڵگای سەردەم بوون.

دیسان به پێوەری کاری سیاسی لە سێبەری دەزگا پۆلیسیەکاندا چاک بوژاوەتەوەو گەشەی کردووە .

ناکرێ ئاوڕ لەئەم گرنگە نەدەینەوە کە کۆمەڵە سەرەڕای ئەو درمانە هەر لەساتەوەختی دروست بوونیەوە خاوەنی چەند سیمایەکی رووناکبیری قاڵبووی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردەواری بووە، کە بە قووڵیو خەستی ئەزموونی ئەو ژیانە کۆمەڵایەتییەی کوردەواریان بووەو ئاگاداری مێژووی نەتەوەیی کوردو مێژووی سیاسی کورد بوون. وەک شەهید فوادی مستەفاسوڵتانیو شەهید حەمەحسەینی کەریمیو ......هتد.

بۆیە دەتوانین بڵێین قەدەری کوردەواری بوونو تەشەنەی کۆمەڵە لە کوردستاندا لە رێکەوتەوە نەبووە.

وەک دەڵێن لەمێژوودا قەدەر بوونی نییە، نە ڕێکەوت قەدەر دەخوڵقێنێو نە قەدەر رێکەوت خوڵقێنە، ئەوەی هەیە بەرئەنجامی چالاکیو دەستێوەردانی هۆشیارانەو ناهۆشیارانەی مرۆڤە.

گەشەی کۆمەڵە لە کوردستانداو ناسینی وەک هێزێکی کوردستانی سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵو پێداگرتنەی کە بۆ کوردستانی نەبوونی کۆمەڵە درا نەتوانرا شوناسی کوردستانی بوونی زەوت کرێت .

ئەم شوناسو نازناوە پێناسەیەکی میکانیکی نەبووەو نییە کە بکرێ بە ناو گۆڕانو جێگۆڕکێیەکی دیسان میکانیکی بسێنرێتەوە. ئەگینا هەر لە کۆنگرەی دووهەمەوە ئەم شوناسە لە کۆمەڵە زەوت دەکراو کۆتایی بەم تایبەتمەندییە سەرەکییەی دەهات.

دیاردەکان پەیڕەوی لۆژیکی ناوەکی خۆیانو لەهەناوی خوڵقاوی خۆیانەوە پێناسە دەگرنو بەرجەستە دەبنەوە، نەک بەپێی ئەو تایبەتمەندییە ئارەزوییو زووتێپەڕ دەرەکیانەی کە باریان دەکرێن.

کۆمەڵە وەک ڕێکخراوەیەکی چەپو دوور لە فەرهەنگی زاڵی چەپی سەر بەئوردووگای سوسیالیزمی بەڕاستی ئامادەو حیزبە برادەرەکانی، دوور لە ڕەوەندی بزووتنەوەی چەکدارانەی چەپی نەیاری ئەو ئوردووگایەش، دەست دەداتە بەرهێنانەوەی خۆیو

ئەو نەریتە فیکرییەی کە وەک مەکۆی سەرنجو میکانیزمی راپەڕاندنی کردەی شۆڕشگێڕانەی خۆی پەسەندی کردووە .

بەداخەوە ئەم ئاخێزگەو نەریتە فیکرییە زۆر کۆسپو ئاستەنگو خەساری دیاریکراوی هەیە. سەرقاڵبوونی سەرکردەکانی کۆمەڵە بە پراتیکو رێکخستنو خۆئامادە کردنەوە مەودای ئەوەندەی نەداوە کە ئەم رەوتە تازەیە بەوردیو قووڵی بکەوێتە خوێندنەوەو تەتڵەکردنی ئەو ئاخێزگە فیکرییەی کە بۆخۆی هەڵیبژاردووەو خوێندنەوەو پێوەرەکانی لێیەوە گرتووە .

گرتنو کەوتنە زیندانی چالاکترینو بەرچاوترینی کەسانی دیسان رەوتی ئەم خوێندنەوەیە بەگرفتترو ئاستەنگتردەکەن .

نەبوونو کەمبوونی سەرچاوە باوەڕ پێکراوە فیکرییەکانو تەنگەژەی بەدەستهێنانو راگرتنیان، خۆسەپاندنی گوتاری زاڵی چەپی سەردەم کە کۆی ئەم سەرچاوانەیان سنووربەند کردبوو بەکۆیەک بابەتو

نووسراوەی دیاریکراو کە خۆیانیان پێ تەفسیر دەکردەوە، دەبوایە هەموو بڕگەو چەمکو بۆچوونەکانی لەخزمەتی سوسیالیستی بەڕاستی ئامادەی سەردەمدا بوایە .

ئەم فاکتەرانە لەتێکڕای خۆیانداو لە دوا ئەنجامدا وایانکرد کە رووناکبیرانی رێکخەری کۆمەڵە لە پرۆسەی بڕیاری کۆمەڵایەتی خۆیاندا لە رووناکبیرەوە، هەرچەندە رووناکبیری سیاسی بەرەو کارگێڕی سیاسی دەبزوان، نەتوانن بکەونە خۆپەروەردە کردنێکی هەمەلایەنەی تیۆریکو خوێندنەوەی قووڵی هەموولایەنەو رەهەندو چەمکەکانی نەریتی فیکری خۆیان کە بریتی بوو لە مارکسیزم.

کۆمەڵە وەک رێبازێکی سیاسی کە لەسەر بونیادی دژایەتی چینایەتی خوڵقابوو و بەرنامەو پرۆژە سیاسیەکانی لە دینامیکێتی ئەم بابەتەوە دەگرتو لەهەناوی کۆمەڵناسی مارکسیزمەوە هاتووەو هەر بەئەم میتۆدەش کۆمەڵگاو دژایەتی چینایەتیو

سەرجەمی گۆڕانکارییەکانیو دژایەتییەکانی دەخوێنێتەوە، هیچ خوێندنەوەیەکی تیۆریکو مانیفیستێکی بۆ بەرنامەو کردەی سیاسی خۆی لە روانگەی ئەم کۆمەڵناسیو میتۆدەوە نەخستە روو. جگە ئەو بڕگەو دەستەواژە گشتیو تەک رەهەندانەی کە زووتریش لە ئەم ئاخێزگە فیکریو ئاوەزیە لەلایەن هەموو جۆرەکانی چەپەوە رەواییو موتڵەقییان پێ بەخشرابوو .

بەدەستەوەدانی توێژینەوەیەکی وردو میتۆدێکی کۆمەڵگای کوردەواریو پێناسەی هەموو ناهاوسازیو دژایەتییە دیدەییەکانی ئەم کۆمەڵگایە، پێویستی بە پاشخوانێکی تۆکمەو بەهێزی هزری بوو، ئەویش لەچوارچێوەی هزری مارکسو میتۆدی کۆمەڵناسیو فەلسەفیدا کە بەداخەوە کۆمەڵە لەم بوارەدا کەمی دێناو کەمی پێبوو .

هەرچەندە لەو سەردەمەدا کۆمەڵە بە سەلماندنی پێکهاتەی نیوە فئۆداڵی نیوە موستەعمەرە بوونی ئێران، لەڕاستیدا بەشێکی بەرچاو لە واقعیەتی

ئامادەو دیدەی پێکهاتەی کۆمەڵگای ئێرانی فامکرد، ئەم فامکردنەش بووە هۆی ئەوەی کە لە پرۆسەی گەشەکردنی خۆیدا لە کوردستاندا بتوانێ بکەوێتە بڵاوبوونەوەو تەشەنەکردن، بۆ ناو توێژو لایە کۆمەڵایەتییە چەوساوەو زەحمەتکێشەکانی وەک جووتیارانو پیشەوەرانو کرێکارانی رۆژکرێو....هتد.

نیوەفئۆداڵی بوونی ئێران لەو ڕۆژگارەدا ئەوەندە واقعیەتێکی دیدەییو ئامادەو بەهێزبوو کە کۆماری ئیسلامیساڵەهای ساڵ توانی بە خاڵە هەرگیز ئەنجام نەدراوەکانی (جیم)و (دال)ی شەورای شۆڕش هێزە پێشکەوتووخوازو چەپو رادیکاڵەکان سەرگەرم کات .

مەخابن ئەم هێزە سیاسییە بێئەوەی پێناسەو خوێندنەوەیەکی قووڵو توێژکاری کراو لە شارو چینو پەیوەندی بەرهەمهێنان لە کوردەواریدا بە دەستەوە بدات، دەقاو دەق ئەو پێناسەو پێوەرو تایبەتمەندییانەی کە کرابوونو لەسەر بەشێ لە ئێرانو بەتایبەتی شارە گەورە فارسنشینەکان دەهاتنەوەو تاڕادەیەک عەینی بوون، گوێزایەوە

گۆڕەپانی ژیانو کارو کردەو جۆری بەرهەمهێنان لە کوردستاندا.

کۆمەڵە لەم قۆناغەدا زۆرتر لەوەی کەخاوەنی بەرنامەیەکی گەڵاڵەکراو واقیعی بێت بۆ گۆڕانی کوردەواریو دەستنیشانکردنی میکانیزمەکانی ئەم گۆڕانە، کە لە خوێندنەوەیەکی بابەتیانەدا بە شێوەیەکی تیۆریکو میتۆدمەند ئامادە کرانێ، زۆرتر ڕووی لە ڕێکخراوەیەکی مەبەستخوازی کردەیی ناو هەڵگری تاڕادەیەک پێناسەیەکی پراگماسیانە بوو. ئەم کردەخوازییە لەڕاستیدا سەپێنراوی ئامادەبوونو دیدەیی بوونو واقیعی بوونی دژایەتیو ناهاوساز بوونی کوردەواری بوون، تا خواستی پێش ئامادەکراوی کۆمەڵە خۆی .

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کۆمەڵە بێوەستانو نەبڕاوە شەفافو راشکاوو لێبڕاوانە، بێ دەمارگرژی هەویاو عەودالی خۆی بۆ دۆزینەوەی ڕێگای باشترو لەبارترو باوەڕپێکراوتر بۆ دەستەبەرکردنی دادوەری کۆمەڵایەتیو دیموکراسی نەدەشاردەوە، هەرچەندە

دیموکراسی بە پێی خوێندنەوەو تێگەیشتنی ئەو دەمەی کۆمەڵەو رەوتی چەپ لەو چەمکو واژیە بوو.

هەرچەندە ئەم عەودالٚیو هەویایەو لە هەمانکاتیشدا ونبوونی بونیادێکی فیکریو تۆکمەی مەعریفیو تیۆریک کە ستراتیژیو پراتیکی سیاسی بۆ ئەو قۆناغە لە کوردەواریدا لەسەر بنیاتنرا بێ، خۆی زۆر مەترسیو قەیرانی لێکەوتەوە کە لە بەستێنی خۆیاندا کۆمەڵەیان بەرەو دابڕانو کارەساتو هەڵدێر برد.

ئەم قەیرانو تەریک بوونەوە چەند فاکتەریتریشی بوو، وەک لەدەستدانی سەرکردەو کارگێڕانی وەک شەهید فواد مستەفاسوڵتانیو شەهید حەمەحسەین کەریمی کە زوو کۆمەڵەیان جێهێشتو بەم جێهێشتنەش کەلێنێکی گەورە دروست بوو.

ئەگەر بەپارێزەوە بدوێین دەتوانین بڵێین کە ئەم کەلێنە بووە هۆی وەرچەرخانی فیکری گەورە لە کۆمەڵەدا، کە رەنگە بە بوونی شەهید کاک فوادو دیتران وا نەکەوتایەتەوە .

سەرکەوتنە گەورەکانی دروستکردنی یەکێتی جووتیاران‌و رێکخستنی نارەزایەتییە جەماوەرییە بەرینەکانی سەرەتای ساڵەکانی بەرخۆدان لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا، هەمووی بەڕاستی وردی رەوایی بۆچوون‌و خوێندنەوەکانی ئەو رێبازە دەردەخەن کە شەهید فوادو هاوبیرانی پەیڕەویان دەکرد .

بە لاڕێ چوون‌و هەڵخلیسکانی کۆمەڵە لە ڕووی فیکری‌و مەعریفیەوە کۆبەرئەنجامێکی بەتەواوی چاوەڕوان نەکراوو هەڵەی خوڵقان کە لە دوابەشی ئەم نووسینەدا دەیخەینە بەر باس‌و هەوڵ ئەدەین هەموو خاڵە جەوهەرییەکانی دەستنیشان بکەین .

کۆمەڵە دوێنی، ئەمڕۆو سبەی بەشی سێهەم

شیروان کرماشانی

کارەساتەکانی دوای راپەڕینی رێبەندانی ساڵی 1357 ئەوەندە خێراو تیژڕەو بوون، کە زۆر هێزو لایەنی خافڵگیر کرد، یا لەڕەوتی رووداوەکان بەجێهێشت.

خێرایی ئەم گۆڕانکاریانەو پێویستی خۆئامادەکردنو تەیاربوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردانە. گرتنی هەڵوێستی لەبارو گونجاوو دۆزینەوەی ڕێگای ئارایشی هێزەکانو سنووربەندکردنی هاوڕاو ناهاوڕێ، ڕێکخستنی چۆنیەتی پەیوەندییەکان لەگەڵ هێزە شێلگیرو پێشکەوتووخوازەکانو هەوڵدان بۆ ناسینو فامکردنی بەرەی جەماوەریی ئازادیخوازیو دادپەروەر، لەسەر یەک کۆئەرکو هەنگاوێکی کردەییو خێراو بەپەلەی دەویست .

ئەم رەوتە دیارە کە زۆرترین هێزو تواناو دەسەڵاتی فیکریو ڕێکخراوەیی کۆمەڵەی بۆخۆی دەبردو تەرخان دەکردو سەرقاڵی خۆی دەکردو کرد .

ڕۆژە سەرەتاییەکانی دوای ڕاپەڕین بوو کە کۆمەڵە لەشێوەی ئەنجوومەنی شارەکاندا هەڵتۆقینو گەشەیەکی یەکجار گەورەو هەراوی بەخۆیەوە دیت. ڕێکخستنو گردو کۆکردنەوەی ئەو هێزە جەماوەرییە بەرفراوانە، کە لە گوندو شارەکانی کوردستانەوە روویان لێنابوو، بەڕاستی ئەم رەوەندە هێزو

دەسەڵاتو کەسو مەوداو ساتی شیاوو بەبڕستی دەویست. کۆمەڵە لەم ئەرکو ڕێکخستنەدا توانی زۆر کارامەو شیاو بێتە مەیدانو سەرکەوتنێکی گەورەی وا بەدەست بێنی کە تا ئەمڕۆش هەر لەو سەرکەوتنو پشتیوانی‌یە جەماوەرییە خەرجو هەزینەبکات.

دەتوانین بڵێین کە ئەم ساتەوەختە مێژووییە لە مێژووی کۆمەڵەو خەباتی ڕێکخراوەیی سیاسی لەکوردستاندا ئەگەر بێوێنە نەبێ کەم وێنەیە .

کۆمەڵە توانی گرێبەستێکی وا سەرکەوتوو تۆکمە لەنێوان خۆیو ڕووناکبیرانو جەماوەردا سازبدات، کە زۆرینەی زۆری چینو توێژو لایەنە کۆمەڵایەتییە ئازادیخوازو دادپەروەرو چەوساوەکانی کوردەواری بە یەکەوە ببەستێو بەرەو کوورەی خەباتی هاوبەشو ئاسۆی ژیانێکی باشتر سەرکردایەتیان بکات.

لەم ساتەوەختەدا بوو کە بەشێکی زۆری چەوساوەو هەژارانی شارودێو ڕووناکبیرانو مووچەخۆرانی خوارەوەی کوردەواری لە دەوری دروشمی هاوبەشی خۆیان کۆبوونەوە. ئەم خاڵە زۆر گرنگو شیاوی

رامانه كه ئەگەر به وردی سەیری‌کەین، ئەوه دەردەخات كه كۆمەڵی كوردەواری بۆ دەستەبەركردنی ئازادیو دیموكراسیو مافی نەتەوەییو پیشەییو رەگەزیو له سەرو هەموویانەوه دادپەروەری كۆمەلایەتی پێویستی به هاورێیو هاوهەنگاویو خەباتی چینی نێوەندیی كوردەواری‌یه. تا ئەم گرنگه زامن نەكرێو دەستەبەر ئەو پرۆسەیه دژوارو ئەستەمه. راسته كه كۆمەڵه لەناو رووناكبیرانو كرێكارانی رۆژكرێی كوردەواریدا توانیبووی بوونو دەسەلاتی خۆی تاڕادەیەكی باش بسەلمێنێ، بەلام رێژەی ئەم دوو توێژه كۆمەلایەتییه له كوردەواریدا چەندەو چەند بوو؟ دەیتوانیو دەتوانی له سەدا چەندی رێژەی دانیشتوان بێت؟

پێشوازیو پشتیوانی جەماوەریی كۆمەڵه لەم ساتەوەختەدا هێندە مەزنو بەرچاوه كه ئێستا هەندێ وای بۆدەچن دەڵێنو دەنووسن كه كۆمەڵه لەو ساتەوەختەدا زیاتر وەك بەرەیەكی بەرینی سیاسیو كۆمەلایەتی خۆی نواندووه. رێكخراوەیەكی چەپی

خاوەن گەڵاڵەو پرۆژە نەبووە، بۆیە لەو ساتەدا وا گەشەی کرد .

دەتوانین بڵێین کە ئەم بۆچوونە پڕاوپڕ هەڵەیەو چەند هۆکاری بنەڕەتی نەوتراوی هەیە .

یەکەم ئەوەی کە ئەو بۆچوونە تا ئەمڕۆش لەم راستییە نەگەشتووە کە هێزی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کرێکاری پرۆلیتارو قاڵبووی پیشەسازی نییە کە خاوەنی کلتووری خۆیو هەویای دیکتاتۆری خۆی هەبێ .

دووهەم ئەم بۆچوونە زۆر بەشەرمەوە ئەم داخوازییە نەزۆکە دەخاتە روو کە حیزب دەبێ زۆرتر ئایدیۆلۆژی بازبێتو خۆی بۆ کایەکانی ئایدیۆلۆژی تەرخان کات، نەک سیاسەتی کردەکراوی هەنووکەیی .

لە حیزب ئایدیۆلۆژیو کایەکانی ئەم رەهەندەیان دەوێ تا سیاسەتو کردەو ئەم چەمکە بە ئەرکو کرداری حیزب دەزانن.

خاڵی چوارەم ئەوەیە کە ئەم راستییە کەتمان دەکات یا خۆی لێ نەبان دەکات کە واقیعی کۆمەڵی کوردەواریو ئارایشی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی دەریدەخات، چینی نێوەندیی بەڕێژە زیادو بەخواست نا توندوتیژو بە ئەندێشە کراوەیە .

وادەزانم دوو دەستەواژەی ناتوندوتیژو ئەندێشەکراوە پێویستیان بە هەندێ روونکردنەوەو دوانو شرۆڤەکردن هەبێت .

مەبەست لە دەستەواژەی ناتوندوتیژ لەم نووسراوەیەدا ئەوەیە کە ئەو چینەی کۆمەڵگای کوردەواری وەک هەناوو سیفەتی بوونی خۆی چینێکە کە ئامادە نەبووەو نییە، خۆی بکاتە سەربازی هیچ ئایدیۆلۆژیو نەریتێکی فیکری گشتیخواز کە بیەوێ هەموو رووبەرەکانی ژینو مرۆڤ بەئاوەزو گەزو پێوانەی خۆی پێوانە بکات .

نەریتێکی فیکری کە هەموو رەهەندو چەمکەکانی حەقیقەتو راستیو رەوایی بۆخۆی مۆنۆپۆلو قۆرخ بکات. ئەم چینە سیاست دەکاتو نایەوێ خۆی بخاتە

بازنەی کایەکانی ئایدیۆلۆژییەوە. لە دروشمێ کۆدەبێتەوە کە بەدەستهێنانو دەستەبەرکردنی بەگونجاوو شیاو بزانێو بتوانێ وڵامی پێویستیو ئەگەرەکانی باشتری ژیانی بداتەوە .

ئەم چینە بەپێی باری کۆمەڵایەتی خۆیو ئاخێزگە ئابووریو کلتووریەکەی ئارمانخوازو ئیمانی نییە. ناکرێتە باوەڕداری هیچ ئایدیۆلۆژییەک، ئەگەر لەڕووی رەوانیو ناچاری ئابووریەوە بۆ ساتەوەختێ ئاوەها بۆچوونو رەوتێ هەڵبژێرێو دووی کەوێت، یا زەینیەتی گەمارۆ بدرێو بخزێنریتە وا بەریانێکەوە زۆر ناخایەنێ کە پاشەکشە دەکاتو جێی دێڵێ .

ئەم چینەو هەموو چینەکانیتری کۆمەڵ کۆبەندێکە کە لەسەر بنەواشەی سوودو بەرژەوەندیی ئابووریی هاوبەش پێکدێتو بیچم دەگرێ.

)چینەکان کۆبەندی هەندێ کۆمەڵن لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەشی ئابووری. ئەندام بوونی تاک لە چیندا بەهۆی رۆڵو کاری تاکەوە لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا دیاریدەکرێت. – حیزبو گبقە – ێنتونی

پانە کوک) . بەڵام دیارە چەپە کلاسیکەکان وا سەیری ئەم پرۆسەیە ناکەن، هەر ئەو پێکهاتەو نهۆم سازییەی حیزب دەگۆزنەوە کۆمەڵگاو وا دەزانن بە دروستکردنی حیزبو سازدانی ئیتر رزگاریو ئالتەرناتیڤی گۆڕان ئامادەیەو کۆمەڵو چین سەرکردایەتی دەستەبەر کراوە .

)حیزبەکانی ئێستا مەبەستیانە کە فەرمانڕانی خۆیانو حکومەتەکەیان بە سەرچینەکاندا بسپێننو ئەمەش ناوبنێن رزگاری چینی پرۆلیتارو ئازادبوونی کۆمەڵگا، ئەویش بە ئاوەها پێکهاتەیەک. لەڕاستیدا حیزب کۆبەستی کۆمەڵە کەسانێکە کە لەسەر بنەواشەی روانگەو بۆچوونی هاوبەشو فامکردنی یەک جۆر دەخولقێت. بۆیە دەبێ چینی کرێکار بەدوای هۆکارو میکانیزمی تازەوەبێت، چۆ ن ئەگەرو بەرپرسایەتیو هەویاکانی لەڕێگای هۆشیاری لەسەرەوەڕا روون نابێتەوەو دەستەبەر ناکرێت. بۆیە دەخوازێ کە خۆی ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە . ---حیزبو گبقە پانەکوک.(

ئەندێشەی کراوە مەبەست ئەوەیە ئەم چینە پێبەستی پرۆژەو گەڵاڵەی کردەیی‌و شیاوی دەستپێگەیشتنە نەک پەیوەستی کۆ واتاو ماناو دەستەواژەیەکی دابڕاوی زۆرتر زەینی. تین‌و تاوی کۆمەڵایەتی خۆی خەرجی ئەم شێوە جەدەلە ناکات. هاتنە مەیدانی هاتن بۆ زۆرانبازی کورسی سەرکەوتنی ئەم واتا یا ئەو واتای زەینی‌و پیرۆزکراو نییە. ڕەوتی بزاوتی چاوی لەو پارامترە ریئالانەی ژیانی ئامادەیە کە دەتوانن لە هەنووکەدا ژین‌و مان‌و مانەوەی بۆدەستەبەر کەن. بەشێک لە بەرژەوەندی‌و ویستە ئابووریەکانی دابین دەکەن. هەڵچوونی هەڵچوونی کردەییەو لەئاست ئەو دروشم‌و دیارانەدا کە ئاسۆی وەدیهاتنیان گونجاوە هەڵدەچێت .

ڕاشکاوانە دەڵێم ئەم چینە هەموو سیفەتو تایبەتمەندییەکانی جەماوەری چەوساوەو زەحمەتکێشی تێدایەو بە زیادەی هۆشیاری‌و زەین کراوەییەوە .

دڵەڕاوکەی ژیانو لەدەستدانی بژێوی مەمرەو مەژیو دژەسەرمایەو دانەڕزانو گەندەڵ نەبوونی کلتووریو رەچاو کردنی رەفتاری گونجاو هەر هەمووی لە بوونو هەناوی ئەم چینەدا دەبینرێتو شیاوی رامانو ئاماژەن. دەتوانین بڵێین کە زۆر بە پڕیو گونجاو ئاخێزگەی کۆمەڵایەتیو پێگە ئابووریەکەی دەیخزێنێتە بازنەی زەحمەتکێشانو بە هیچ بەهانەو بیانوویەک ناکرێ پەراوێزنشینو ناکارا سەیر بکرێت .

ڕوونە بەشی بەناو شارنشینی ئەم چینە کۆمەڵایەتییە لەڕووی کلتووریو زەینیەوە جیاوازیو سنووربەندی دیاریکراوی خۆی هەیە لەگەڵ گوندنشینانو کۆمەڵە نامۆدێڕنەکانی کۆمەڵگادا. مامەڵەو هەڵسوکەوتی لەگەڵ تکنۆلۆژیاو مۆدێڕنەو مۆدێڕنیزاسیۆندا جیاوازترە. دنەدەرو هۆکارەکانی بزاوتی هەموو کات یەکسان نییەو دنەدەر ئابووریەکان نین زۆرجار لە هۆکارە فەرهەنگیەکاندا خۆیان دەبیننەوە. ئەم چینە زوو لە نەریت دەبڕێو نەریت ئاکتیڤ دەگات. دیارە ئەم پێناسەیە هیچ پەیوەندی بەو توێژەوە نییە کە

لەفەرهەنگی کۆمەڵناسی سیاسەتاوی چەپدا بە ( وردەبورژوازی تازەی مورەفەهی شاری بەئاسایش ) ناوزەد دەکرێت .

هیچ پێویست بە هۆ هێنانەوە ناکاتو بەڵگە نەویستە کاتێ کە پاشگری مورەفەهو لەئاسایشدا بۆ توێژێکی کۆمەڵایەتی بەکاردێت، واتە هەموو بوارەکانی ژیانیو رووبەری کۆمەڵایەتی ژینگەی ئەم چینە بە تەواوی هەرێمی حەوانەوەیەو ئابووریو رۆڵی کۆمەڵایەتیو کلتوور وڕامیاری دەستەبەرکراوەو لە ئاسایشدایە بوونو مافی سەلماوە، ئەگەر هەموو ئەمانەشی هەبێت ئیتر بۆ هەڵدەچێتو گرفتی چیە؟

ڕاستە کە چینی نێوەندیی راستەوخۆ ناکەوێتە بەر شالاوی چەوسانەوەی سەرمایەداری وەک هێزی کارو کرێکار ئەم پرۆسەیە راستەوخۆ نایگرێتەوە، بەلام ئەم چینە لە ڕووبەرێکی فراوانو هەرە بلاودا دەکەوێتە بەرگوشارو چەوسانەوەی دامودەزگا ماڵییەکانی سەرمایەداریو دەبێتە قوربانی، بەتایبەتی لە هەلومەرجی رسکانو دروستبوونی ناوەندو پێکهاتە

سەرمایەدارییە مۆنۆپۆلەکاندا، هەر ئەمەشە وای لێدەکات کە لە ڕەوشتو هەڵوێستدا دژی سەرمایەداری بێت بە هەر دوو دیوی گەندەڵیو مۆنۆپۆلیدا کە تایبەتمەندی سەرمایەدارین .

بەڕاشکاوی دەڵێم رەوتی ڕووداوەکانو ئەزموونی ژیانی کۆمەڵایەتیو رامیاری نیشانی داوە کە لە زۆر کاتو بڕگەی مێژووییدا ئەگەر دژایەتی چینەکان لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیو نەبوونی واقیعی ئەوچینانە بەرجەستە بکرێنەوەو ببرێنە سەرەوە، نەک هەر خزمەت بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان ناکات، بەڵکوو دەتوانێ دەرفەتێکو هەلو بۆسەگایەکی وا سازبکات کە قەیرانی کۆمەڵایەتی سەرهەڵبداتو نەیارانی ئازادیو دیموکراسیو دادوەری خۆیانی تیادا بدۆزنەوەو بکەونە تۆکمە کردنی خۆیان بۆ دەورانێکی درێژی چەوسانەوەو دەسەڵات قۆزتنەوە.

ئەم دەسەڵاتە هەلپەرستو توتالیتەرانە لەم قۆناغەدا دەتوانن وا بکەن کە بەتەواوی ئاوەزو هزری سوسیالیستی بکەوێتە پەراوێزو تارانو خنکانەوە،

تەنانەت هەناسە دیموکراسیەکانیش دەخنکێنن، کە دیمان. لەوڵاتی ئێمەدا ئەم رەوتە بەڕوونیو ڕاشکاوی خۆی نواندو دەرکەوتو خۆی سەپاند. لە قۆناخی شەڕی ئایدیۆلۆژی کۆمەڵە خۆی لە ناوخۆیو لەگەڵ دەورو بەرو کۆمەڵگادا ئەو چۆن خۆی راوەستاو تۆکمە کرد .

سەرەڕای ئەمەش بارگاو کردنی ژیانو کۆمەڵو حیزب بە ئایدیۆلۆژی، ئەویش بۆ خولقاندنی کۆمەڵو حیزبو کەسایەتی وەک نموونەی ئایدیۆلۆژیو لەقاڵبدانی بۆ هزرو ئەندێشەو باوەڕێ کە پێش هەر چاکسازیو خولقانو گۆڕانێک پەلاماری چلەپۆپەی دەسەڵات دەدات. لەڕاستیدا تاک بوونی تاکو سەربەستی تاک دەکوژێو دەخنکێنیو جەنگاوەریی ئیمانی دەوێ.

ئەم دۆخە کارەسات ئامێزە ئەوکات گرنگتر دەنوێنێ کە دەزانین حیزب کۆبوونەوەی کۆیە رووناکبیری سیاسیو کارگێڕی سیاسیە، ئەم کۆبوونەوەیە

لەڕاستیدا لەسەر بنەمای یەکبوون‌و یەکدەنگی دەخوڵقێ نەک لەسەر یەکبوون‌و زۆردەنگی .

ڕاشکاوانە دەڵێم ئەم جۆرە یەکبوون‌و یەک دەنگیە چونکە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی‌و تێگەیشتن لەو وەرگرتنە دەخوڵقێ، دەیەوێ کۆبەندو ناوەندێکی پتەوی بێ درزو کەلێن بۆخۆی دابین‌کات کە تاکیەتی تاکی ناو ڕێکخراوە بکوژێ‌و بمرێنێ. ڕەنگە گەورەترین گرفتی ڕێکخراوە سیاسیەکانی ئێمەو شەلین‌و کورتهێنانی سانترالیزمی دیموکراتیک هەر ئەمە بێ‌و یەکێ لە هۆکارە گەورەکانی ڕمانیشی.

ئەوکات‌و قۆناغە کە کۆمەڵە وەک ڕێکخراوەیەکی رامیاریی خوڵقاوی بارودۆخێکی دیارو بەرجەستە بۆ گۆڕین‌و وڵام دانەوەی پرسە نەکراوەکان‌و کۆخەسارێکی چارەنەکراو سەری هەڵدا، سەردەم خوازیاری ئەم سەرهەڵدانە بوو. کۆمەڵە کاتێ کە کەوتە پێناسەکردنی خۆی مەخابن دەستی دایە پێناسەو خۆناساندنێ کە زۆرتر لەسەر بوونی ڕێکخراوەیەکی ئایدیۆلۆژی بوو تا پارتێکی رامیاری. بە داخەوە ئەم جۆرە پێناسەیە لە

راستیدا بازنەی بوونو گەشەو ئامادەیی کۆمەڵەی لە سەر ئاستی کۆمەڵ وکۆمەڵگادا بۆ رووبەڕووبوونەوەی دیاردەکان تەسکو تەنک کردەوە .

ڕوونە ئەم بڕگەیە بەمانای ئەوە نییە کە کۆمەڵە یا هەر ریکخراوێکی رامیاریدیکە نابێ خاوەنی ئاخێزگەی ئاوەزیو هزری شەفاف بێت. نا، بە پێچەوانەوە بوونی ئەم ئاخێزگەو هزرە پێویستێکی بەڵگە نەویستە.  ئەوەی کە خەسارەو بابەتی ئەم بڕگەو باسەیە کۆمەڵە نەدەبوو خۆی بکاتە ئەزموونگای ئایدیۆلۆژیو کردەی کۆمەڵایەتی خۆی بەم پێوەرە ئایدیۆلۆژیانە سنووردار بکات.

گرفتو خەساری هەرەگەورەتر ئەوەبوو کە کۆمەڵە بۆ ناسینی سوسیالیزمو فامکردنی کەوتە هەڵدێری بێگیرسانەوەی پێناسە ئایدیۆلۆژیەکان لەم سوسیالیزمە. گومان نییە کە هەناوی دادوەرخوازانەی کۆمەڵە کە خاڵی سەرەکیو زۆر گرنگی ئەم رەوتە بوو لە سوسیالیزمدا خۆی دەدیتەوە.  کۆمەڵە هەر لە درێژەی ئەو پێناسە ئایدیۆلۆژیانەدا زۆرکات

کۆمەڵەیشی بەرەو ئەو ئاقارە دەبرد. خەسارێکیدیکەی ئەم بابەتە ئەوەیە کە کۆمەڵە بۆ دەستەبەرکردنی ناسینو فامکردنی سوسیالیزم ڕێگای چاوساقی مارکسیزمەکانی هەڵبژارد نە ڕێگای مارکس خۆی .

لەمەڕ ماکسیزمەوە (تام داک مور) دەڵی : مارکسیزم لە ئەنگڵسەوە دەستپێدەکاتو سەرچاوە دەگرێت، خۆی تەرخانی پەیوەندیی مارکسو هگڵ دەکات، بەنۆرەی خۆی روانگەیەک لە مارکس دەخاتە روو، من وادەزانم مارکسیزمو روانگەی مارکسیزم لەمەڕ مارکسەوە بە شێوەیەکی زۆر نا دەقیقو تووشو شیاوی سەرنج نارێکو هەڵەیە، بەربەستێکە بۆ دیتنو تێگەیشتن لە مارکسو بۆچوونو هزری مارکس. مارکسیزم هەرچی بێت، سادەو ساکار نییە لەڕاستیدا زۆر تێکچڕاو ئاڵۆزو جێگای مشتو مڕە ، بەتایبەتی بەهۆی هەناوی نەوەستاو نایەک جۆرو بزۆزیەوە. بە بۆنەی ئەم دۆخەوەیە کە ناساندنو پێناسەی بەکورتی دژوارو ئەستەمە. لە لایەکەوە بە وتەی (پری ئەندرسن ) مارکسیزم لە رووی روانگە رووناکبیریەکانەوە وەک

تیۆری گۆڕانی مێژوو بانگەشەیەکی چەکدارانە گرنگی هەیە. بە تێکڕاو لە کۆبەنددا مارکسیزم سەرەڕای هەموو لایەنە ناپۆزەتیڤەکانی وادیارە بەردەوام هەوڵی داوە کە لایەنی هزری فەلسەفیو کۆمەڵناسیو خوێندنەوەو توێژینەوە ئابووریەکانی مارکس وەک بابەت بخاتە پەراوێزو دابڕانو تەنیا مارکسی شۆڕشگێڕی دەوێتو دەخوازێ ئەم سیمایەی مارکس گەورەو بەرجەستە کاتەوە .

لنین قوتابی پۆلخانۆف وەک سیمایەکی سەرەکیو هەرە گرنگی شۆڕشی روسیاو تاڕادەیەکیش هزرمەندو خاوەن تیۆری، مارکسیزم وەک کۆیەک لە روانگەو فێرکارییەکانی مارکس پێناسە دەکات. ساڵەهایە کە ئەم پێناسەیە لە جیهانو وڵاتی ئێمەدا پەسەند کراوەو بووەتە باوەڕ. بەڵام ئەم پێناسەیە گرفتێکی سەرەکی هەیە، کە بریتیە لەوەی مارکسیزم دەبێتە سەرچاوەو سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ ناسینی مارکس. دەبێتە بیردۆزییەکی ئاوەژو، واتە ئەگەر دەمانەوێ مارکس بناسین سەرەتا دەبێ مارکسیزم بناسین. بۆ ناسینو

فێربوونی تیۆریەکانی مارکس ناچارینو دەبێ لەبری مارکس مارکسیزم فێربین .

لە وڵاتی ئێمەشدا مارکسیزم سەرەڕای ئەمانە خەسارو گرفتی تایبەتی دیکەی بە خۆی هەیە. یەک لەو گرفتو خەسارانە ئەوەیە کە مارکسیزمی وڵاتی ئێمە بووەتە ئایدیۆلۆژیای نەتەوەی باڵا دەست، مارکسیزمی ئێمە قەڵغانی ناسیونالیزمی باڵادەستە بۆ شەڕی گەلە بن دەستەکان. دەبوایە کۆمەڵەش لەم مارکسیزمە بارگاو کراوە بە شوینیزمی فارسی چارەی خۆنوسینی گەلانو ئازادیو سەرفەرازی کورد هەڵگۆزێ .

یەکەم فامکردنو هەڵگۆزینی ئەم مارکسیزمە بارگاوکراوەش ئەوە بوو کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی بە هەناو دادپەروەریی کورد کرایە پاشکۆی ویستەکانی نەتەوەی باڵا دەستو شقڵی کۆنەپەرستی پێوەنرا. ئەم پرۆسە بووە قەیرانێ کە لەسەر هەموو ئاستەکان کۆمەڵەی تووشی خەسارو گرفتو گلۆربوونەوە کرد .

کۆمەڵەی لە ڕەوتێکی بەرینی سیاسی کۆمەڵایەتییەوە بەرەبەرەو هەنگاو هەنگاو بەرەو داڵانەکانی بورجی

عاجی ئایدیۆلۆژی‌و شۆڕشی پرۆلیتەری برد، کە لە کۆمەڵگەی نامۆدێرن‌و نا پیشەسازی ئێمەدا نەجێگەی بوو، نە زەمینەو لەڕاستیدا بۆ هەڵتەکاندنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی بوو .

ڕۆڵی رۆشنگەرانەی کۆمەڵە کە زۆر بە وریایی‌و هۆشیارییەوە لە هەناوی کۆمەڵدا ئامادەبوو، وە وەک میکانیزمێکی بەهێزو توانا سەرقاڵی سازدانی دۆخێکی رەوشەنگەرانە بوو بۆ جێکردنەوەی دیموکراسی‌و کۆمەڵی مەدەنی، قەتیسکرا. نموونەی ئەو ڕۆڵە، هاوهەنگاوی‌و هاوهەڵوێستی‌و دروستکردنی ناوەندو رێکخراوەو کۆڕو کۆمەڵە پیشەیی‌و مەدەنی‌و رەگەزی‌و کۆمەڵایەتیەکان بوون کە کۆمەڵە زۆر چالاک کردی‌و گێڕای. بە داخەوە چارەنووسی ئەم رۆڵەش، ئیفلیجی‌و لەناو چوون بوو. هەوڵی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی‌و چینایەتی‌و رێکخستن‌و فێرکاریی چەوساوان‌و رەخسانی زەمینەی خۆ ئەزموونکردن‌و سەلماندنی کەسیەتی خۆیان لە کەشێکی دیموکرات‌و کراوەو ئازاددا بۆ دوارۆژێکی ئازادو دیموکرات، هەر هەمووی لەسای

سێبەری ئایدیۆلۆژی ئەو مارکسیزمەدا ئاوابوون. لەراستیدا یەک لە هۆکارو میکانیزمە هەرە بەبڕستو گرنگەکانی هەستانو هۆشیاریو خەباتو هاوبەشیکردنی جەماوەرو هەژاران لە ژیانو کردەی سیاسیدا بۆ دەستەبەرکردنی کەشێکی دیموکراتیکو بنیاتنانی کۆمەڵی مەدەنیو ئازاد، بزاڤی رەوشەنگەرییە، کە کۆمەڵە بەڕاستیو لەسەرەتاوە زۆر کاراو چالاکو هۆشیار هاتە ئەم بەستێنەوە. هۆشیارکردنەوەی چینە هەژارو چەوساوەکانو بارهێنانی کردەییان دەبێ هێندە گەشەبکات کە ئەم لایانانە بۆخۆیان ببنە وەزنەو لە سیاسەتدا قورسایی دروست بکەن. لە رێگای ئەزموونو هاوبەشیی دیموکراسیانەوە بگەنە پێکهێنانو سازدانی دەسەڵاتی خۆیانو هەوڵ بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵاتی سەرەکی .

بێگومان سەرهەڵدانو خولقانی دۆخێکی دیموکراتیکو کراوە، گۆڕەپانە بۆ سەرهەڵدانی دادوەریو هەناسەکێشانی سوسیالیزم. دەرفەتێ دەڕەخسێنێ کە چینو تاکەکان بە ئەزموونکردنی خۆیانەوە بەرەو

پێکهێنانی جیهانێکی سەرفەراز هەنگاو هەڵێنن. سەلماوە کە لە ئەمڕۆی ژیان‌و جیهاندا هێشتا کەلێنەکانی بازاڕی ئازادو دیموکراسیەتی لیبراڵ پێویستیی بەرچاوی بە جۆرێکی دیموکرات لە سوسیالیزمە بۆ پڕکردنەوەو چاکسازی خۆی. نەشیاوە ئەگەر وابیربکەینەوە کە دەستەبەرکردنی ئەم سوسیالیزمە بێ ڕەخسانی کەشێکی دیموکراتیک گونجاوە، یا پاشان ئەم کەشە دەستەبەر دەکرێت. یا دەستەبەرکردن‌و ڕاگرتن‌و مانەوەی بەتەنیایی‌و بێ دیموکراسی کراوە. لە واقیعداو بەپێی ئەزموونەکانی دنیاو ژیانی سیاسی‌و هەموو ئەو ڕوودان‌و خوڵقان‌و هەرەسانەی کە ڕوویان داوە لە مێژوودا، مانەوەو دەستەبەر کردنی سوسیالیزم بێ جێگیر کردن‌و ڕاوەستاوی تۆکمەی دیموکراسی نەشیاوو نەگونجاوە. هەرلەبەر ئەمەش دەتوانین بڵێین کە تاکە میکانیزمی زامنکردن‌و مانەوەو بوونی واقیعی سوسیالیزم دیموکراسییەو دیموکراسی. کە وابوو بە ڕاشکاوی دەڵێین کە دیموکراسی پێویستی سەرەکی‌و بنەڕەتی

هەموو هێزو لایەنو ڕێکخراوە رامیارییەکانە، بەتایبەت چەپەکان .

بۆ چێکردنی ڕێکخراوەیەکی رامیاری هەناو دیموکرات کەتا سەرئێسقانو وەک پرەنسیپ باوەڕی بە دیموکراسی بێتو لە کردەدا رەچاوی بکات، دروست بوونو جێگیربوونی هێزێکی رامیاریی بنکە فراوانی جەماوەریو کۆمەڵایەتی تەنیا ئەگەرێکی دوورو کردە نەکراوە . پێویست بە رامانێکی زۆر قووڵو تیۆریک ناکات کە تا نەبوونی ئاوەها ئاخێزگەو سەرچاوەیەکی ئاوەزیو هزری خوڵقانو دەستەبەر بوونی سوسیالیزمو دادوەری کۆمەڵایەتی وەهمە. هێزێ کە ئێستە مەشقی دیموکراسی نەکردبێو لەخانەو یەکەکانیدا جێگیری نەکردبن لە داهاتوو وە لەدەسەڵاتدا هەرگیز ناتوانێ دیموکراسی دابینو دامەزراو کات .

نرخو بەهای ئەندێشەی مۆدێرنو هەموو هێزو لایەنە مۆدێرنەکان لە وەدایە کە لەکەشو هەوایەکی

دیموكراتی زامنكراودا مافو ئازادیو كەرامەتی تاكو كۆی جەماوەر دەستەبەر كات.

بەڕاستیو بێ ئەگەرو ئاوا پێناسەی مۆدێرنە نرخاندنو سەلماندنی دیموكراسیەو بێ دیموكراسی مۆدێڕنو مۆدێرنە تراویلكەیە. ئەم دوو جەمسەرە پەیوەندییەكی تۆكمەی دیالیكتیكی كارایان لە نێواندایەو دوو دیاردەن كە بگۆڕیی روو لە گەشەی یەک زامندەكەن .

دیارە دیموكراسی بەمانای تەنیا رەچاوكردنی دەنگو بۆچوونو هەڵبژاردنی زۆرینە نییە، ئەو باوەڕەی كە دیموكراسی پێبەندی هیچ رێساو پرەنسیپێ نییە جگە خۆی، لە بێخو بنەوە هەڵەیە. هەر ئەو باوەڕە ئەم كارەساتەی خوڵقاندووە كە ئەمڕۆ وا دەزانرێت هەر دەسەڵاتو هێزو بڕیارێ كە بە دەنگی زۆرینە ئەرێنی كراو بڕیاردراو دەركەوت ئیتر بۆی هەیە لە هیچ شتێ كۆسپە نەكاتەوەو خۆی پێوەری هەموو كردەو ئاكارێكی خۆی بێت. دەتوانێ كە بۆچوونو ویستو جیابیری كەمینە سەركوت كاتو بیخاتە پەراوێزەوە .

لێرەدایە کە بەجۆرێکی دیکە کۆیلەیی لەدایک دەبێت، چونکە دیارە کە کەسایەتیو بەهای مرۆڤ بەوەیە کە سەربەستو ئازاد تاقیکاری خۆیو داواکانی بکات. کاتێ کەدەکرێتە کۆیلەی دەسەڵاتو ئیرادەی دیتران لەڕاستیدا پێگەی مرۆڤ بوونی خۆی دەدۆڕێنێو ڕۆڵی کۆیلە دەبینێ .

لە واقیعدا دیموکراسی خۆی بۆخۆی دوا مەبەست نییە، بەڵکوو تەنیا هۆکارو میکانیزمێکە بۆ خزمەت بە دەستەبەرکردنی ئارمانی سەرەکی کە ئازادییە . بۆیە حیزبی مۆدێڕن کاتێ بە خۆی دەتوانێ بڵێ مۆدێڕن کە هەڵگری هەمووئەم سیفەتانە بێتو دیموکراسی بەم مانایە لە هەموو یەکەو خانەکانی بوونی خۆیدا مسۆگەر بکات . لە ڕاستیدا گرنگیو نرخو بەهای ئەندێشەی مۆدێڕن لەوەدایە کە ئازادیو سەربەستیو ئیرادەی تاک دەستەبەرکاتو هیچ مرۆڤێ پەیوەستو پاشکۆی ئیرادەو دەسەڵاتی هیچ کەسو دەسەڵاتو هێزو لایەنێ نەکات.